تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

به یارمه‌تی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی رۆشنبیری لاوان له چاپ دراوه

كه‌شكۆڵی گیو

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

كۆكردنه‌وه‌ی
گیوی موكریانی

پێدا چوونه‌وه‌و ئاماده‌كردنی
د. كوردستان گیو موكریانی

بەرگی یەكەم
پێی (أ)

کەشکۆڵی گیو

کۆکردنەوەی
گیوی موکریانی

پێدا چوونەوەو ئامادەکردنی
د.کوردستان گیو موکریانی

بەرگی یەکەم
پیتی (آ)

ل
١١ی جۆزەردا ٢٧٢٣ی هەتاوی

پێشکێشە بە . . .

« بروا کوردۆ گیوە »ی برازام

بەو هیوایەی

بڵێی

رێگەی خزمەت کردنی

رۆشنبیری

رووناکتر بکات

کوردستان

٢٨/١١/١٩٨٥

بەغدا

پێشـــەکی :

که له زستانی (١٩٧٧)دا گەرامەوە خاکی پیرۆز ، بەو ئاواتـــەوەبووم ، لەگەڵ خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی ـ باوکم ، سەر بەیەکەوە بنێینو پێکەوە خەریکی ساخ کردنەوەو ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی بابەتانی وێژەییو زمانەوانیو کەلەپووری بین • ترووسکایی ئەم ئاواتە رووی لە کزی کرد ، کە لە زانکـۆی سلێمانی‌دا دامەزرامو دیسانەوە لە کتێبخانەکەی مامۆستا گیو دوور کەوتمەوە• ئاواتەکە بەیەکجاری بنج بڕ کرا ، کە مامۆستا گیو دوامال‌ئاوایی لێ کـــردمو رۆژگار لەگەڵمدا نەیاربووو ئەو گەنجینەیەی لێی وەرگرتم •

لە زانکۆدا ئەرکێکی زۆر گرانیان پێ‌سپاردبووم ، ئەویش دەرزگوتنەوەی حەوت بابەتی جۆراو جـــۆر ، کە شەش بابەتیـــان هیچ بەندیوارێکیـــان بەزمانەوەنەبوو ، تا ئەوساش هیچ جۆرە کتێبێکی ئەوتۆ ، کە سەبـــارەت بەبابەتێک لەو بابەتانەبێت ، کە لەپێش مندا چەندین مامۆستا گوتوویانەتەوە نەبوو ، دەبا خۆم لە کەلێنو سوچ و گۆشـــەی کتێبانی خۆمـــالیو بیـــانی ئامادەیان بکەم ، لەپاڵ ئەوانەش‌دا لەلایەن وزارەتەوە دانانی چەند کتێبێکـــم لێ‌داواکرا ، ئەوانە هەموو پێویستیان بەکاتو شوێن‌بوو ، کات مولکی خـــۆم

نەبوو ، شوێنم زۆر ناڵەبارو لاهێرو نارێک‌بوو ، ژوورێکی بچکۆلانەی بەکرێی نێو خانوویەکی هەشتا مەتری چوارگۆشەیی‌بوو ، کە هەر تێیدا دەمخوێند ، دەمنووسی ، چێشتم‌لێ‌دەنا ، دەنووستم‌و سەرباری ئەمە دایکیشم لەگەڵمدا گیرۆدەی ئەم ژیانەببوو .

لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ ماوەی ساڵێک پەیتاپەیتا بە فەرهەنگی (عـربی ـ كوردی) ، کە نێوی نۆبەرەیەو دەیان ساڵ مامۆستا گیو خۆی پێوە ماندووکردبوو ، چوومەوەو پێشکێشی زانکۆی سلێمانیم کردو (٢٨٠) لاپەرەیەکی لێ‌چاپ‌کرا، کەچی لە ساڵی (١٩٨٣)دا هەمووی فەوتاندراو دەڵێن بە چاپخانەی زانکـۆی موسل سپێردراوە ، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ چاپی‌بکەنەوە .

ئێستەش ، کە ماوەی سێ ساڵێکە گوازراومەتەوە بەغدا ، لەگەڵ بێ‌رێ‌و شوێنیم‌و باری‌سەخت‌و ئاڵۆزاوم وا بەشی یەکەمی (کەشکۆڵی گیو) پیتی (آ) م خستە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست .

نەمدەویست بەم چەند دێرەی سەرەوە ، باسی باری خۆم بکەم ، بەڵام لەوانەیە ئەوانەی شارەزای دۆخی گرانی من نەبن گلەیی‌بکەن‌و بڵێن ، سەبارەت بە بەرهەمەکانی مامۆستا گیو هیچی نەکرد ..

ئەم بەرهەمەی بەردەستتان ، ئەرک‌و هەوڵ‌و کۆششی سی‌ـچل ساڵەی مامۆستا گیوە ، کە تا دوا ماڵ‌ئاوایی خەریکی کۆکردنەوەیان‌بوو ، بەواتا تـا ١٩٧٧/٧/٢٤دا ، بۆ ئەم مەبەستە چەند جار سەری لـــە شارانی سلێمانی‌و کۆیەو کەرکووک‌و قەڵادزێ‌و رانیەو ئاکرێ‌و دهۆک‌و زاخۆو .. داوە ، وەیـا نامەی بۆ رۆشنبیرانی کورد ناردووە ، تاوەکو جگە لە بەسەرهات‌و بەرهەمی خۆیـان هی ناسیارانی ناوچەی خۆشیانی بـــۆ بنێرن ، وەک ئەم نامەیـەی

◄ کە لە ١٩٤٥/٣/١٦دا مامۆستا گیو
بۆ مامۆستا مستەفا نەریمانی نـــاردووە .

گیوی ئاوارەی موکریانی — ئەریحان گیان

هەولێر ١٦/٢/٩٤٥ — جەژنی نەوروزتان پیروزبێ

هاوخوێن و هاوزوبانی خۆشەویستم جنابی ماموستا سیید مصطفی افندی

دوای پێشکەشی گولدەستەی ریز و ئارەزومەندی

نوسراوەکەتان گەیشت بە همت و بیاوەتی تان ئێگجار دلخوش بوم

و سوپاس بەرزەلی بیشتمان پەروەری تان دەکەم

ئەگەر بەرەنچی نازانی ئەدانەی خوارەوەم بۆ رەوانە

بفەرمون !

١ ناوی باپیرت و باپیرە گەورەت چیە ؟

٢ (هەوێلی خۆشی) و کوردی فردو حیو و زیندوبیتەوە) و (وصفی ژنە بەگزادەکانی کرلالار) رەوانە بفەرمون،

٣ ترجمەی حیات و ٦ غزلەکەی حسن کەنوشی // //

٤ // // و ١١ // خانای قوبادی // //

٥ ناوی ٢٦ نفر شاعرەکانی لەهەورامانداینە // //

٦ وینەیەکی شیوەهلی جوانی کارەبالی خوتان بە بەرگی کوردیەوە // //

٧ ئەگەر وەختتان هەیە هێندێکی کلماتی اصطلاحی لای خوتان بو فەرهەنگەکەم بورەوانە بفەرمون.

لطفاً عرض احترامم بە خزمت جنابی حەمەدامین بگیهاف بگەیەنی و تشویق و تحریضی بفەرمون کە بوئەو حیتانەی بوم نوسیوە همت بفەرموێ،

ئیتر دەسکەگولی ئارەزو و اشتیاقی دیدار پێشکەش دەکەم

٧ برات گیو

زۆربەی ئەو وێنانەی سالانی سی‌و چل ، خۆی گرتوونی‌و جل‌وبەرگــی خۆی لەبەرکردوون ، جا نیگاری‌کێشاون • مامۆستا گیو بۆ بەدی‌هێنانی ئــەم کارە مەزنە ، ڕێبازێکی بابەتانەی گرتبۆ خۆ ، هەمیشە پرسیارەکانی ئامادەبوون، وا لە ژێرەوە ئەو بەرپەرەی بەپرسیارەوە ئاراستەی هونەرانی دەکــرد ، کە لەنێو بەسەرهاتی مامۆستا ئەخۆلدا دۆزیمەوە بلاوی دەکەمەوە :ــ

(١)

اخول – احمد درویش

« سەرگوزەشتەی بێوا احمد درویش »

ناوی – احمد شوکت کە خول

ناوی بلوکی – احمد درویش

سال و جیگەی لە دایک بونی – سالی ١٩١١ بیلاوی

لقب و ناو بانگی عائلەی – [illegible]

تحصیلی تاکوی کردوە ؟ – ابتدائی و دوری خارجی

شاعریتی لەچیەوە بوو ؟ – سەودا

لە کەیەوە شعر ئەلیت ؟ – ١٩٢٧ سالەوە

چەند زمانی ئەزانیت ؟ – کوردی و فارسی و عربی

بەچەند زمانی شعری هەیە ؟ – کوردی –

شعرەکانی لەچ بابەتیکەوە نام ؟ – مختلف

ئایا دیوانەکەی کوکراوەتەوە ؟ – نا

لەچ نوعە شعریکا زور بالا ؟ – وطنی

ئایا لەخزمی ئەو شعر هەن ؟ – باوکی و مستەفای ناسم صالم

ئایا تا ئیستا نیشانی لیرە ... – نا

لەپێداچوونەوەمدا نەمەویست هۆنەرانی هەڵکەوتووی دوای ساڵــــی (١٩٧٧)یان بخەمەسەر ، چونکە کارەکە هی مامۆستا گیوەو بەنێوی ئــەوە ، بەڵام هێندێك جار بۆی نەلواوە ئەو شاعیرانەی ، تا ئەو ساڵەدا پەیدا بــوون بەسەرهاتو بەرهەمیان کۆبکاتــەوە لــەنێو کەشکۆڵەکــــەدا هەر بــە ناتەواوی مابوونەوە من ناتەواویکەم پەیداکردوونو خستوومنەتە سەریـــان وەکـــو :ـ

(دکتۆر ئیحسان فوئاد ، ئەژی گۆران ، محسن ئاوارە ، ئاواز دزەیی ، ئەحمەد رەشوانی ، ئەحمەد سالار ، ئەحمەد عـــارف ، ئەحمەد میـــرازی و ئەسکەرێ بۆویك ومەلائاوارە) وەیا هێندێك لەو هەستیارانە وێنەیـــان نەبووە ، یا بەسەرهات وەیا هۆنراوەیان نەبووە بەپێی توانا دەستم خستوون •

ئەم بەرهەمە کەرەستەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینــەوە لـــە مێژووی وێژەی کوردی ، لە جۆری بیرکردنەوەی شاعیری کورد ، لە فەلسەفەی ژینی ، هەتا لە بابەتی ئەتنۆگرافیش بە هۆی رووخسارو جلوبەرگو بابەتی باسکراوی نێو هۆنراوەکانیان •

ئێستە خەریکی ئامادەکردنو پێداچوونەوەی پیتی (ب ، پ ، ت و ث) یی ئەو بەرهەمەم ، لەگەڵ پێداچوونەوە ، بەفەرهەنگە کوردی ـ عەربێکەی ، ماوەیەك لەمەوبەر بە نێوی کچو کوڕانی کوردیدا چوومەوەم ئێستە لەچاپخانەکەی خۆماندا لەژێر چاپدایە •

تاکە خواستو ئارەزووی ئەمڕۆم ، گەرانەوەمە بۆنێو کتێبخانـــــەی مامۆستا گیو ، کە بەهۆیەوە دەتوانم راژەو خزمەتێکی زێتر پێشکێش ئێـوەی خۆشەویست بکەمو داوای لێبوردنی کەموکورتی بابەتەکەش دەکەم •

د• کوردستانی موکریانی

بەغدا بەهاری ـ ١٩٨٥

دەزگەی رۆشـــنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی

ئاخگـــەر

چەند وێنەیەك لە هۆنراوەکانی

١ ـ کەتانی سۆزشی

کەتانی شۆزشی رووی‌تۆم ، لە هیچ بەدرێ نەزەرناکەم (*)
شەهیدی تیفی ئەبرۆی تۆم ، لەهیـــچ طـوری حـەزەرناکەم
حەوادس هێندتێـر لێـدام ، بـە پەیکانی زرێ‌بــەنـــدم
کە منەت‌باری لوقمان نیم ، لە هیچ جـــووری سەیرناکــەم
هـــەوای ســەبزەی روخی یارم ، وەهــا سەرمــەستی کردووم
خسوسەن بادەیی چاوی ، لە هیچ خەمری خـــەتـــەرناکــەم
رەقیب فەتوای بەقەتلم‌دا ، بیحەمدیللا ، کە یـار فەرمـــوی
لە باغــاتی ئیرەم نالــەی نەوای تەیـــری هەدەر ناکـــەم
لــەکـالآیی مەحـــەبەت‌دا ، گولی شیعـری لەتیفــمبـــوو
لــە تەقدیمەن ئیسارەی کرد ، کەوا شیعری لــەبــەرناکــەم
رەقیب هــەوری رەشی هێنـــا ، بە ریشوەی تاحیجـــابی
گوتی بەدری بــەراتــە جەبهــەکەم هەوری لــەسەرناکـــەم
مەڵێن مەزوعی ئــەشعاری دڵ (ئاخگــەر) زەوقی‌گـــۆراوە
پشێوی بــەرقی عەشقیمە ، لە هیچ فکـرێ گـــوزەرناکـــەم

(★) هەر تەنیا ئەو سێ‌پارچەهۆنراوەیە ،
لەنێو کە شکۆلەکەی گیوداهەبوون •

٢ ـ شیشەی دڵ

شیشـــەی دڵ مەرهەمی ژەنگاری پێــوە گیرئەکــەم
بەڵکــەم لەم ئاوێنــەدا تەسویری ئەو تەقریرئەکــەم
مەعدەنێکــــە سالیحە دڵ قابلـــە بـۆ تەســـفییە
بۆیە بـــەم جۆش‌و خرۆشـــە عیشقی لێ ئەکسیرئەکـەم
تورەیی شاهـــان لـــەلای من هیـــچ رەواجێکی‌نییـــە
بێچو تورەی تورتـــورە ، لەم ســـیکەیە تەسدیرئەکەم
ناوی مـــن بۆ نەجمـــەی ساحیـــب نیشان نەجمـــەی
نەگبەتـــی بێ یا سەعادەت ، حەیفە چۆن تەقسیرئەکەم
من لـــە کوورەی عیشق ، عەجەب سۆزو گودازێکم هەیە
سەدهەزار تفلانی عیشقی وەك زولەیخـــا ژیرئەکـەم
حەلقە حەلقەی زولفـــەکانی قەیدی زنجیـــری دڵـــە
جێگـــەی ئاســـایش دڵـــی خانـەی زنجیـــرئـەکەم
بـــا لـــە مەیدانـــی حەقیقی عیشـــق‌و چـــاوەڵبرن
سەدهەزار خوبانی وەك یوســـف لە عیشق پیـــرئەکەم
مەزرەعەی بەختـــت ، کـــە پا بەستەی روکابی میحنەتە
توخمی شاری تۆ دڵ (ئاخگەر) تۆزی دامەن‌گیر ئەکەم

---

٣ ـ رايت في المنام ..

رأيـــت في المنـــام بيتـــا احتـــرق
وبـــابـــا مقفـــلا قـــد اغتلـــــق
سالت ما البيـــــت ومـــــن بنـــاه
وا اسـفاه لِـمَ احتـرق لِـم اغتلـق
اجـابنـــي من هاتف بني الخليـــل
للزائريـــن خاصـــة بيت عتـــق
تغـــريـــدا للعمـــــر الخضـــري
سماؤنـا في الدمـــع كـان انغـــرق

شێخ ئـادی

دامەزرێنەری ئاینزای یەزیدییانەو لە نیوەی یەکەمی سەدەی شـەشـەمی کۆچیدا ژیاوە • (دائرة المعارف الاسلامية) سەربارەت بە شێـخ ئـادی نووسیویـەتی :ـ

« شێخ ئادی کوری موسافیری ئەمەوییەو لە گوندی (فار) لە بەعلەبەکەوە هاتۆتە نێو چیاکانی هەکاری و لە وێدا تەکبیەکی بۆ خـۆی دروستکردووەو خەلکی وە دووی کەوتوونو لە سالی (٥٥٥) کۆچی بەرامبەر بـە (١١٦١)ی زایینیدا هەر لەوێدا کۆچیدوایی کردووە •

نووسەرانی فەلە دەلێن شێخ ئادی (مارئادی)یە ، دێرێکی بۆ خۆی ئاوەران کردبـۆوە بەنێـوی (لالەش) پاش شێخ ئادی کـوری مسافـری کـوردی هاتـۆتە ئـەو دێرەوەو دێـرەکەی بـۆ خۆی زەوتکردووە ، دەلێـن کـوری مسافری پێش ئەوەی دەستی خۆی بەسەر دێردا دابگرێت شوانی دێرەکە بووە •

خودانی کتێبی (فردها روژ) دەلێت (شیخ هسن الداسنی) دەبێژێت ، کە شێخ ئادی پسمامی وی بووە و لە ژێر فەرمانی شێخیدا کتێبەکەی خـۆی (فردها روژ)ی دانـاوە •

سەرچاوەیەکی دی دەلێت :ـ شێخ ئادی کوری زیفر لە گوندی (ئەدەن)، وە هاتۆتە نێو چیاکانی هەکاری و لەگەل برای خۆیدا چوونەتە گوندی (فار) لـە حەلـەب •

شێخ ئادی شاعرێکی کوردی ئاشتیخوازبوو ، لـە سالانی هەرە دوایی تەمەنیدا پەندو ئامۆژگاری بۆ هاودۆستانی خۆی داناوەو دەلێت :ـ

شەرفرۆشن وەندیکەین ئەم ئاشتیخـواز
کاروپیشێ بولبولێ باغادکەن کـەیف وسەمـا

شێخ ئادی بۆێژێکی نیشتمانپەروەربووە ، لە هۆنراوەیەکی ویدا ئـەوە ئاشکرادەکات ، کە حەز لە خوێن رشتن ناکات ، بەلام سەرەرای ئەوەش ، کـە هێرش هاتبایە سەر خاکی ئەویش دەیکوت ناچارن دەبێت گوتوویەتی :ـ

بــادو باگــور چەنـدی دژواری ببــن
نێ گیـاێی نـەرمی شـەنگـــە نابریـت
هاتنـا وە سـەد هـــزار ئێرەش بپـەی
نێ گیـانی تـوولو تـەڕ پێ نامـریـت
جـاڕ لرومو جـار لفرس جـەورا بـدەنگ
کـــەفتـی کوردستــانی دا لێ ئێـوریـت
ئەز چمـە ؟ دەرویشی بێتاسسو بـەدی
لێ بەلێ ، تاسی مـە نابیت کەس بگریت
سەد وەکی روستەم لپـەی نەوقاس دەچن
تاسێ کـوردا لدوف کـەسێ نازفـریـت
مـە هـەزار دەشـتو بیابـان تێکڤەدان
چـەورا رومو فرس لدورا مە دخوریـت
مـە دڤێت سوســن لکوردستانێ نەبـن
بێخـودان نێـرگس ژتیهنـا کـووزریـت

« پارچە هۆنراوەیەکی دی شیخ ئـادی »

دیــتو دەمەك دێ بزمـــان یــن چیـــا
ژ دارێ مە زێر دێ بنادەن وەك گـــولا
شــەرفرۆش وەندیکەین ئەم ئاشتیخـواز
دێ ئەکـەین رێکـا بەهەشتی بـو هەمـا
ئـاڤو روبـار بەر بەئەڤــرازی ببەیــن
بێنوویـنو پووشکی بێسەرینو بێچـرا
تـا سوپێدێ دێ لسـەر بەفـرێ نوویـن
کاروپیشێ بولبولێ باغا دکەن کەیفوسەما
هـەرکەسێ بمریت دێ ساغکەین بێڤەمان
نابـن ئێشسو نـەخـۆشی دەردو تـــا
بـاوو بـاران کامرانی لێدکەین ئەم بێدرەو
دەستی یەزدان هـاری مە دێ کەت خودا
نابیتە پەیڤی بەلی پشتی هەزار چەندی دسال
کوورەهێ دێ رابیتن خردەبتە بـابوبـرا
کـورد هـەمی دێ کامـرانبـن روژەکی
دی تنـــازع بـــن دمینـی بـو بـەتمــا
ئەوەل پەرستی بو خودێ نە ژ بوتە ئێـل
ئێمپـەرستی تـو تیبکە بـو هەردووکـا

(×) ئەم هۆنراوانە شکیان لێدەکرێت ، کەهی (شیخ ئادی) بن ، حونکە بە بیری ئەمرۆ دەربراون و ووشەکانیشی لە فەرهەنگی زمانوانی ئەمرۆی کوردیدا هەن ، نەک هەشت سەد ساڵ لەمەوپێش _ کوردستان ·

نێ	بەڵان ، بەڵام
تووڵ	ناسک
ئێوریت	ئازار دەمێنێت
تـــاس	تاج ، کــڵاو
بـــەدی	سەڵتـــە
نـــەوقاس	عەسای دەرویش
کووزرێن	هەڵپرووکـــان
پەیقیـــن	ئاخافتـــن
ئەول پـــەرستی	دین وئایـــن

ئاری

سامی کوڕی عەبدولقادری کوری سولەیمانـــە ، لە سالی (١٩٤٢)ی زایینیدا لە رەواندز هاتۆتەجیهانەوە ، قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی لـــە رەواندز تەواوکردووەو خانەی مامۆستایانیشی لە هەولێر تەواوکردووە ٠

ئاری لە ساڵی (١٩٥٩)دا دەستی بە هەڵبەستدانان کردووەو سۆزوسەودای نیشتمان خستوویەتە سەر هەوەسی هەڵبەستدانان ، لە ساڵی (١٩٦٣)دا بە مامۆستای قوتابخانەی (بێخاڵ) لە ڕەواندز دامەزراوە ٠

« چەند وێنەیەک لە هۆنراوەکانی ئاری »

---

١ ـ ئەی دڵ

ئەی دڵ دەزانم لە من بەقینی
هێندەت نەماوە چاوم دەربینی
پێم دەڵێی بۆچی هەردەم نەساغی
بە لەش لاوازو هەڵکێشی ئاخی
هەردەم داماوی لێوت بەبارە
ئەبێ ئامانجت دیدەنی ٠٠٠ یارە
بۆ وا بەدبەختی ، وەها هەژاری
هەردەم غەمبارو لە ژین بێزاری
تەمەنت گەیی بەهەژدە ساڵان
قەت خۆشیت نەویت ئەی ماڵەوێران
ئەی دڵ شاعیرم شاعیر هەر ئەبێ
بەشی نەگبەتیو ئازاری سەر بێ
بەڵام دڵەکەم هەرچەند هەژار بم
هیچ یارم ناوێ با هەر غەمبار بم
بەڵام ، کە وشەی ئەم کوردستانە
هاتە بەر گوێما بەبێ گومانە
بەجارێ خەفەت لەلای من ئەبا
ئەمباتن بەرەو گۆرانیو سەما
پەیمان ئەوەیە لە ڕێگەی ووڵات
ڕۆحو ماڵەکەم بکەمە خەلات

١٩٦٠/٥/٢٢

٢ ـ هەستێکی روون

لە قوولایی دڵو دەروون
ئەیخەمە سەر پەلکی گوڵان
بەدیاریەوە بۆت ئەنێرم
بۆتۆ ئەینێرم ئەی جوان
ئەڵێم جووانی نەرمو نیانی
فێنکی سروەی شەماڵی
ئەڵێم توخوا دەپێم بڵێ
کە گیرۆدەی باڵاکەتە
دڵی من دڵدارتە
تۆ تاقە دڵداری ئەوی
جا چاوەکەم ئەی نازەنین
وەرە تەفرە لە شەرمکە
با تامی دڵداری بکەین
بەرووی گەرم، بەووتەی خۆش
پەیمان بدەین تاکو نەمان
تا بەیەکگەین دڵشادبین زوو

هەڵئەرێژم هەستێکی روون
تێکەڵ بەشەونمی بەیان
شەتڵی ڤیانم ئەدێرم
ئەی هەوێنی شادی ژیان
نموونەی بەفری کوێستانی
لە باخی ژیانا کاڵی
نەتبیستووە رازی دڵێ
شەیدای خەتو خاڵەکەتە
بەندی داوی زامتە
پرشنگی بەختیاری ئەوی
ئەی ئاواتو هەناسەو تین
سووکسووک ڤیانتگەرمکە
مەینەتی ژین لە بیر ببەین
ناخی دەروونم بێنە جۆش
دوولەش بینویەک دڵیەکگیان
بژین بەجووت پڕ ئارەزوو

ئاری

(نجم‌الدین دێلێژەیی)



وێنەم ببینن جارجار یادم کەن
دەستی هەژاری بگرن شادم کەن
رێی چاکە گرتن پیشەی مەردانە
هەرچەندە بژیت دوایت نەمانە

ئاری نێوی نجم‌الدین کوری مەلا رەسولی دێلێژەییە ، لە ساڵی (١٩٠٩)دا لەسلێمانی هاتۆتەدنیاوەو لە خوێندنگەی سەرەتایی خوێندوویەتی‌و لە خزمەت باوکیشیدا هێندێک بەشی وەرگرتووەو بەزیرەکی خۆی رۆشنبیری گشتی وەرگرتووەو ئەو کاتەی بەسەرهاتی خۆی بۆ مامۆستا گیو نووسیوەتەوە لە شاربازێردا (معاون بیطري) بووە • تەخەلوسی شیعری نجم‌الدین مەلا رەسوول لە پێشدا (شەوقی) بووە ، جا دوایە کردوویە بە (ئاری) •

چەند وێنەیەك لە هۆنراوەکانی ئاری

١ - شین بۆ دوو کۆرپەی نەوجەوانی ئازادو نەوزاد

ئازادو نەوزاد کۆرپەی جوانم
روشنکەرەوەی رێگەی ژیانم
هیوام بوو ئازاد ببێ بە دکتۆر
لێ هەڵکا بازووی قوەتی پرزۆر
نەخۆشی وولات بدۆزێتەوە
تیماری بکات ببووژێتەوە
نەوزاد لە حقوق بۆم بێتە دەرێ
تۆڵەی چەند ساڵەی ولات وەرگرێ
جا بێتە مەیدان باوك‌و کوڕانی
ولات پێش بخەن بۆ کامەرانی
ئالاو بەیداخی یەکێتی هەڵکەن
دوژمن لەخاکی ولات بەدەرکەن
هەنگاو هەڵبێنن بۆ ساحەی ژیان
قورسایی ولات بخەنە سەرشان
فەلەك دەك کوێر بی ، جەرگت سوتانم
خانوو تەلاری هیوات رووخانم
کوێرت کردووە شەقامی ژینم
لێت بێزارکردم روحی شیرینم
هیواو خەیاڵی سی ساڵەی ژینم
وەك خەو هات‌و چوو نەت‌هێشت ببینم
ئازادو نەوزاد چوونە قەبرستان
منیان هێشتەوە بۆ کێشەی ژیان

٢ ـ ولآت لاوانت

ولآت لاوانــت ووریـــابۆتـــەوە
بۆ تۆ هەوڵ ئەدەن بــەدڵو بەگیـــان
هەنگاو هەڵێنن بــۆ ساحەی ژیان
هیوا پەیداکــــە ، هێـزت بتەبـەر
تۆوی یەکێتـــی وا دائەچێنیـــن
ئاویشــــی ئەدەن بە خوێنی جگـەر
ریشــەی نەزانــی لەبن دەردینــن
دەس لەناو دەســا ، گەڵ گەڵو پۆڵ پۆڵ
سوور ئەبێ گوڵی یەکێتی کــوردان
لەمێشکیانا عیلم ئـــەدا شـەپۆل
بەکامـــی یـــارو کوێـــری رەقیبان
شەماڵ تۆیش وەرە دەردی دەروونمان
خاوێنو فێنــــك بەسەر ٠٠٠٠ شاخان
بگەیەنە لای هەموو ٠٠٠٠ نیشتمان
تێپەرکە بەسەر مێــــرگو گوڵآنـــا
ئینجا برۆرە خزمەت پێشەوا(*) ٠٠٠٠
عرضی ئیخلاسی گەلم پێشکەش کـــە
لەسەر ئەو هەوڵو ئێمەش ئیقتیـــدا
بێ بروا لەخواو ئەغیـــار ئەندێش کـە
پێی بڵێ ئـەوا جەژنی نـــەورۆزە
ئاگـــر ئەسوتــێ هەتاکـــو بەیان
چرای رووناکـــی ئێمــە ئەفـــروزە
مبارك بایی ئەکـــەم پێشکەشـــتان
(ئاری) تێکۆشین کـــــردەوەی لاوە
تا ئاخـــر تکەی خوێـــن لە بەدەنم
چاولێکـــەری لە وولآتـــم بـــاوە
شەرت بێ سەرفی کەم لە رێی وەتەنم

□□

(★) لێردەا مەبەستی لەپێشەوا (ئەمین زەکی بەگە) ، هەروەکو خـــۆی لەژێرەوە نێوی بردووە ٠ (ك٠م٠) ٠

ئازاد

(مەلا محەممەد کوڕی شیخ تەها)

١٣٣٦

نێوی مـەلا محەمەدە ، کوڕی شیخ تەهای کوری شیخ عەلی کـوڕی مەلا عیسای بالیسانییە. لە (١٣٣٦)ی کۆچیدا زانستی کۆنی لە مزگەوتە کاندا، کە زۆرتری لەلای کاکی (مەلا شیخ ئومەر)ی خوێندووە . بۆ خوێندن چـۆتە خوێندنگە (زێوە)و مەدرەسەی)سیکتان(و مەدرەسەی سرەو هەروتەکـۆنو شەقلاوەشی تەواوکردووەو هەروا لە خەتێو توتمەش خوێندوویەتیو لـە مەدرەسەی مەلا ئەفەندیدا لە هەولێرێ ئیجازەی لە خزمەتی کاکی وەرگرتووە .

له تەمەنی (١٧) ساڵی‌دا دەستی بە هەڵبەست دانان‌کردووە ، ئـەوەی ئـازادی خستۆتە سەر هەوەسی هەڵبەست هۆنینەوە دەنگ‌خۆشی خۆیەتی ، دیوانی بە سێ زمانان کوردی‌و عەرەبی‌وفارسییە ، بابـەتی هەڵبەستەکـانی دڵداری‌و فەلسەفی‌و ئایینی‌و نامە نووسینە بۆ برادەران •

لەپاش ئیجازەی دە ساڵان خەریکی کەسابەت بووە لە بالیسانێ‌دا ، جـا دەستی بەتەدریس کرد ، پێنج ساڵان لە بالیسانێ‌و سێ ساڵانیش لـەبیارەدا تەدریس‌و خەتیب‌بووەو لەدوای ئەمەدا رووی لە هەولێرکردووە لە مزگـەوتی کاکی‌دا بۆ ساڵێك خەتیب بووە ، لە دوای ئەم ساڵەدا خۆی لەتەیراوەدا (لـە هەولێـر) مزگەوتێکی دروست‌کرد ، شەش ساڵیش لـەوێ‌دا تـەدریسی کردووەو جا بۆ ماوەی دووساڵان دەربەدەر بووەو لەدوای ئاوارەیی لە کۆیـە لـە مزگەوتی گەورەدا بووە بەئیمام‌و خەتیب‌و مودەریس بۆ ماوەی ســاڵ‌و نیوێك لەوێ ماوەتەوەو جا ئەوقاف گواستوویەتەوە بۆ (کبیسە) لە شـاری رومـادی •

لـە بەرهەمەکانی ئـازاد :

١ ــ تجویدی منظوم بە کوردی •
٢ ــ امان واسلام منظوم بە کوردی •
٦ ــ اللطف الخفي في نظم العقائد النسقي بە عەرەبی •
٤ ــ جامع الخطیب بە زمانی عەرەبیە (٧٠) خوتبەیە •
٥ ــ نوێژ بۆچ ئەکەیت وەیا نوێژ چۆن ئەکەیت بە کوردییە •

١ ـ سوبحـەی جـەژنـە

سوبحــەی جێژنەو مەئارب دوورە کوکوم کەوتە دڵ
سۆزی جەرگ‌و زەردی رەنگ‌و قەلبی تەنگم کەوتە مل
من ، کە پەروانەم لە شیوەن سەد لە بولبول کۆڵ‌ترم
پەڕ سووتاوی لالەیێکم دڵ کـولاوی غونچـە گــوڵ
هەر کەسێ هات‌و لەگەڵ ئەحبابی خۆی تۆقـەی ئەکـا
من لەگەڵ غـەم دەس بەگەردن دانیشم تەوقی لەمـل
چـاوەڕێی شادیـم‌و لەکین مـەنعـە عەنقا بێتـە لام
روو لە دادو دەردی دڵ‌کەم، خوێن لە چاوو ئاتەش‌لە دڵ
ئەی خودا لە کوێیە راحەت لێم بـووە دژمن هەوەس
دەردو غـەم ئەمرۆکە بەکـورسی نشینی تەختی دڵ
گەرچ زاهیر بەخـت‌و ساغـم بێ‌نیشانــەی عیلـەتم
میسلی داغی دڵ بەداغم سینە سـورو جەرگ کـوڵ

٢ بەتیری غەمزە

بەتیری غەمزەی چاوت جگەر سەرچاوەی خوێنە
بەداوی زولفەکەی خاوت دڵم بڕاوەو بەندینە
بەنووکی خەنجەری ئەبرۆت لە تاوی تابی دووگیسوت
عەزیزم موجمەری دل سوت جێیم شەقشەقە سینە
لە عشقی رووی گوڵنارت ، لە دووری وەسڵو دیدارت
خەریکی بیمارت ، گەڵێ بێزارە لەم ژینە
بەعەزمی دیدەنی خاڵت ، بەیادی نێرگسی کاڵت
دەکەم ئەو چاوە ریماڵت دەکەم دڵ باخو رەنگینە
ویساڵت ئاوی حەیوانە ، فیراقت دەردو فیغانە
خەیاڵت قوەتی جانە ، میساڵت نەبوو ، هەم‌نینە
منم داعی ویساڵی تۆ ، منم مەستی خەیاڵی ... تۆ
دڵی شەیدای جەماڵی تۆ هەموو دەم ماتو غەمگینە

□□



ئاشنا

جەبار عەبدولکەریم

١٩٣٨

ناوی جەبار عەبدولکەریمە ، لە ساڵی ١٩٣٨ دا لە دیانە لە دایکی بووەو خوێندنی لە کۆیە ، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تەواوکردووە ، هەر لە منداڵیەوە سەودای شعرو شاعرێتی لە مێشکدا بووە ، بەڵام نەیزانیوە چۆنی بۆ بچێت ، هەتا لە مامۆستایانی قوتابخانەکەیدا ڕێو شوێنو ڕێبازی ئەدەبی بۆ روونکرایەوە ، جا دەستی بە هۆنراوە هۆنینەوە کردووە .

چەندم ئارام گرت ، لەسەر گەیشتن ، بە شادی ژیان
چەندم چاوبریە ، ئاسۆی ئاواتی ، دوورو بێ‌پایان
چەندم ، هەڵکێشا ، ئاخی ناکامی ، لە ناخی دەروون
نەمدی دەرکەوێ ، لە ئاسۆی هیوا پرشنگێکی روون
چەند نەمامم چاند لە باخی ژینا ، کە بۆم بگرێ گوڵ
بەفرمێسکی چاو ئاومداو خۆشم هەروەکو بولبول
بە نەغمەی خۆشو بەستەی دڵداری دەم لاواندەوە
شنەی هەناسەم تەمی مەینەتی لێ‌ڕەواندەوە
کەچی بەهاری بەختم هەر نەهات نەمدی گوڵاڵە
بۆیە ئێستەکەش تامی ژیانی رابردووم تاڵە

٠ ئاغا

(ئەحمەد چوکل ئاغا)



نێوی ئەحمەد کوڕی حاجی چوکل ئاغا کوڕی حەوێز ئاغایەو لـە خێلی بایزییەو لە قۆریتان لە ساڵی ١٣٣٠ کۆچی لەدایکبووەو لە تەمەنی شـەش ساڵی‌دا لەلای مامۆستای تایبەتی ، کەنێوی مەلا عەبدوڵلا موکریانی بـووە خوێندوویەتی ٠ لە تەمەنی چوارده ساڵی‌دا هەلبەستی هۆنیوەتەوەو هـۆی سەرەکی هۆنراوە دانانیشی بۆ سەودای دڵداری دەگەرێتەوە ٠

١ ـ دیاری نەورۆز

گەلی لاوانی کورد با مژدەبێ سوزەی بەهارانە
ئەوا هەنگامی ئاگرکردنەوەی نەورۆزی جارانە
گوڵو لالەو وەنەوشە دەس لەمل یەکتر لە هەڵپەرکێ
ئەدەنی دلشادو خۆش ، دل هەر ئەڵێی دەوری کەریم خانە
قولنگو قومریو قازو هوزارو سووسکەو کۆتر
لە ئاسمانا بە گۆرانی دەبێژن جەژنی کوردانە
شەپۆلی قوپی سەوزایی لەدەس بایی وەعدە دا وێنەی
سەفینەی میرەکانو فرتەنەی دەریاچەکەی ··· وانە
هەڵۆو دوابراو باز پۆلپۆل لەبوارو چەرخین گۆیا
کە تیپی باجگری سوباشەکانی میری سۆرانە
لەبۆ روخاندنی قونگرەی هەرەسی ورشەی نەسیم وادێ
دەڵێی بۆ بورجی دژمن ، دەنگی تۆپی شاهی بابانە

لە کێوان ئاوی روونو پاکی سەرقەلبەز ، کە هەڵئەقولێ
بەهۆی تزکاری رەمزی ئاوی چاوی کوردی کێوانە
وەرن یەک دلبەدل پالی هەموومان روو لە سەحرا کەن
هەتا بۆتان بڵێم چەند گوتەییکی چاکی پیرانە
هەموو خۆ چاک ئەزانین رۆژی نەورۆزە ئەوا ئەمرۆ
کە پیرۆزە یاددگاری باوکو بامیرانی ······ خۆمانە
لەبۆ رووناکی ئەمرۆکە وەرن با کورەیی چا کەین
لە لاشەی گەنجەکانمان چونکی ئەمرۆ رۆژی ئیمانە
لەپاشان پیرەکان بەنزینی قینی بێن بەسەرداکەن
بەئاگری تۆلە رووناک بکەینەوە ، ئەو خاکە وێرانە

بەهاری / ١٩٤١

هەولێر

٢ ـ لێوی ئاڵ

ئەم پارچە هۆنراوەیەی خوارەوە بە چوار زمانی هۆینوەتەوە ، کوردی ، عەرەبی ، تورکمانیو فارسی :ـ

به قوربانی لێوەکانی تۆ بە ئالی
شکاندی نرخی مەرجانو لەئالی
جبینك بین شعرك حين يظهر
كنور البدر في جوف الليالي
ترنج غبغبك كانى سەفادر
پى اقبال ايله دشدى خيالى
چه گويم سينهء صافت كه چون‌است
بآب كوثر نماند از زلالى
نەمامی قەدی خاوت هەروەکو خاو
لە چاوی دورخەنك ئاواریی بمالی
حبيبى مهجتي يا نور عينى
وهل تعرف بهجرك ما جرى لي
گوزم صو أقيور گوگلمده آتش
خيالم فكر نزدن باشقه خالى
نه پايى رفتنو نه طاقتى صبر
بسر افتادەام من از كلالى
وەرە رەحمێ بە (ئاغا) کە بە قوربان
هەتاکەی لەم خەم دەردە بنالم

هەولێر ١٩٤١/١/٢٩



ئــاغــا هــەیوانــی

ئاغا لە خێڵی هەیوان بووەو لەسەردەمی رەزا قــولی خانــی ئەبــو قەدارەدا ژیاوە ، لە ساڵی ١٩١٧ دا لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا کۆچی دوایــی کردووە •

ئاغا ئاسنگەر بووە ، رۆژێک لە رۆژان دەچێتە ماڵی وەستا حاجی خانی وەستای ، کە سەگێکی زۆر دریی دەبێت ، قەپ لە قاچی ئاغا دەگرێــــت ، ئەویش ئەو هەڵبەستەی خوارەوە ، کە پلار لە ژنە جوانەکەی وەستا حاجی خان دەگرێت دەهۆنێتەوە :

وەستا حاجــی خان یــەک تلــی دیــــری
یەک تلـــی سیەی دەم کولــێ دیــری
ژنـــی بـــاڵا بــەرز خۆش گلـی دیری
بـــاوان برمـــێ چ چلـــی دیـــری
لـــە هەرکــەس خوســە لــە دلی دیری
کورەگەی بـــازک سەرچلـــی دیـــری
ئوســـتای حاجـی خان خوو رازی دیـری
یـــەک تلـــی سیەی مل بازی دیـــری
ئـــای چ خــەم چــەم پەروازی دیـــری
لەبــێ تاوانــەیل چ گـــازی دیـری
مــە ســاوو دوینی خەفیک و مریــک
رەنپەکـی فەقیـــری بی‌تـاوان گریـــی

تل : تووتکەسەگ
دەم‌کول : لمووزکورت
خۆش‌گل : جووان
چل : پرچ ، قژ

خوسە : خەم
بازک : هەرزەکار
تاوانەیل : تاوانباران

ئــاگــا

(عەلی ئــاگــا سەعید)

(١٩٠٥)



ئەلی ئاگا بە (شەوقی)ش نێوبانگی دەرکردووە ، کوری سەعید ئەفەندی شەوقییە ، لە سالی (١٩٠٥)دا لە سلێمانیدا پێی ناوەتە ژیانو هەر لەوێشدا خوێندنی سەرەتاپی تەواوکردوەو لە بەغداش خانەی مامۆستایانی خوێندوەوە بە مامۆستا دامەزراوەو بۆتە بەرێوەبەری قوتابخانەشو شارەزای زمانانـــی کوردی ، عەرەبیو تورکیو فارسی بووە ٠ دیوانێکی دووسەد لاپەرەیی هەیــە ، بابەتەکانی بە شێوەیەکی گشتی نیشتمانی ، دلداریو کۆمەلایەتین ٠

راوی سەماوەری

کوونە شـــکاو

رۆژی جومعەبــوو ، وەختــی نیــوەرۆ
لــە « ئاشە گواوی » بــەشی تانجــەرۆ
بــەراستو چــەپدا زەریــف روانیــم
پوختەم پشـــکنی ، هەتــا توانیــم
لــەبــەر خورگەیــەك تاڤگـــەی ئــاوی
ئەسلــی مراویــم کــردو مـــراوی
سەر ســەوزی پشـــت رەش بن کلکیسپی
خـــۆم بـــۆ راکشاند بەمـــاتو کپـــی
هەناســـەم کێشا ، هەناســـەی ئامـــاڵ
بیکرم لە کەلـــەی یاخــۆ لەبـــن بـــاڵ
ئاخـــۆ لە کوێوە لێـــی بگـــرم نیشـــان
لەپێـــش زرمـــەدا نەچێتـــە ئاســـمان
قـــەرارم وادا ، نـــەوەك هـــەستم کـا
لەکیسم بچـــێ ، ئێکجـــار پەستم کـــا
بـــۆ کـــەوتنە قەمچـــی بەهەنگـــاوی وورد
تەنیشتاو تەنیشـــت ریگـــەم بەسەربـــرد
روانیـــم تیـــلایـــی روییم بـــەلەنگـــە
بێ عەینـــی ئەتـــوت (پەنای بێدەنگە)
بـــەچوار چنگـــۆلە کەوتمـــە گاگۆلکـــی
خۆم زوو گەیانـــدە ، کۆمەڵـــە درکـــێ
ئەمجـــا لـــەوێدا خـــۆم کۆکـــردەوە
خـــەمو هیلاکیـــم لە بییربـــــردەوە
ئـــاواتـــی راوچی جـــوان بـــەرێـــزە
ســـــیلاحو نێچیـــر پـــاڵو پارێـــزە
هەمووی حازربوو ، نەشـــئەم کەوتـــەسەر
نەشـــئەی لێدانی تەیـــری بێخەبـــەر
بەچیچـــکانـــەوە چیچکـــی نیشـانزان
قەوسی قوناخـــم توندکرد لەبن شـــان

قاچی لەپێش‌و قاچی نوشتاوە
چاوی چەپ قوچاو راستیش کراوە
خستمە رێکی چاو ، نەختێ بەرەوخوار
مەڵو موریلەو درزی سەرئەنبار
تەتیک‌و پەنجە نەفەس بۆی وەستا
ئەنگوستم کێشا ، زرمەی لێ‌هەستا
هارەو شریخەم خستە ئەو چەمە
لە دەنگ باروت‌و لە وورشەی ساچمە
هارەی دووبارە هەمووی ئافەرین
بۆ راوی لاوی ئەسری بیستەمین
لەگەڵ شریخەی مەلی سیا بەخت
تلی سی جاردا ، بۆی کەوت لەسەر تەخت
زانیم سەعاتەن کاری تەواوە
پەکی کەوتووە ، ئێسکی شکاوە
لەگەڵ ئەوەش‌دا دووربینی باشە
یەکسەر بەهێرش بەتیژی واشە
دەستێکم مالی ، بەشان‌و ملیا
کاتێ پێم‌زانی ، کسپەم کەوتە لەش
تەزووی تەنەکە ، گور ئاسنی رەش
سەماوەریکی کۆنی عەجیب سەیر
لافاو هێنابووی ، لەمن بوو بەگیر
هەناسەی ساردم ، مامەوە حەیران
لە راوی تەیری ناو تانجەرۆ بووم
دلخۆشی خۆم دا چەقام وێنەی سنگ
شوکر ئەنگاوتم ، کردم بەبێژینگ
لەوساوە ئێستاش هەرچم دێتەرێ
تەقەی لێ‌ناکەم ، هەتا هەڵ‌نەفرێ

١٩٣٦

موریلە : تیزەی سەر لوولەی تفەنگ .
تەتیک زمانی تفەنگە ، کە پەنجەی پێوە بنێت ، دەتەقێتەوە .

ئــاگـــر

(عوسمان حاجی عومەر یەحیا)

(١٩٣١)



نێوی عوسمان کوڕی حاجی عومەر کوری مام یەحیایە ، نێوبانگیـــــان بەئەسحابەکوژ پەیداکردووە • لەساڵی (١٩٣١)دا لە کۆیە لە دایکبووەو هەر لەوێش قوتابخانەی سەرەتایی تەواوکردووە • لە ساڵی (١٩٤٧)ەوە دەستی بـە هۆنراوە دانان کردووەو چەند دیوانێکی هەیەو لەنێو گۆڤاری هەتاوو هیـــواو ژیندا بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە •

جێژنی نەورۆز

بەرگی رووی زەمین رەنگی گۆراوە
گوڵی بەهاران شەبەقی داوە
چوزەرەی درەختان لەنوێ ژیاوە
بەفری نساری کەژان تواوە

جێژنی درەختو گوڵو نەورۆزە
جێژنێکی کوردی بەرزو پیرۆزە
رەمزێکی مێژووی سەربەرزی هۆزە
لە یادی رۆژی ... کاوە

ئەمرۆ یەکەمین رۆژی بەهارە
سەرتاپا زەمین گوڵو گوڵزارە
حوکمی ئەم جەژنە لە کردگارە
بەچوار فەسڵی ساڵ چەرخی سووڕاوە

حوکمی رۆژگار چەرخی سەرزەمین
ئەو رۆژە بەرزەی کرد بەیەکەمین
یەکەم رۆژی ساڵ لە بنچینەی ژین
کانی ووشكبوو لە نوێ ژیاوە

بەسەرچوو شەوی تاریکی زستان
گرمەی هەوری رەش بروسکەی ئاسمان
ترس‌و لەرزی لەش لەشکری تۆفان
تازە بەسەرچوو ئەو چاوو راوە

سەرماو شلێوە شەختەو سەهۆڵبوو
هاورێی زۆردارو درِندەی چۆڵبوو
ئەمرۆ میوانی ناو قەبری قووڵبوو
ئەستێرەی بەختی گشتیان رژاوە

فێنکی بەهار بۆی هاتە مەیدان
سایەقەی دەرکرد لەناو نیشتمان
کردی بە جەژنو ئاهەنگو سەیران
زەمین گوشادی لێ دەتکاوە
گیاو گوڵ لە دەر سەری نایە دەر
وەسیلەی ژیان خەرمانو جەنجەر
چوزەرەی درەختان بە بەر
ڕووناکی کوردان تاقە (هەتاوە)
لە باعە باعی دەنگی بەرخو کار
وێرکرای دەشتو مێرگو میرگوزار
بەگزەی شەماڵ نەسیمی بەهار
لەشکری زوقمی سەرما کشاوە
شەوقی گزنگی لە ئاسووگەی کەژ
تیشکی پرشەنگی دایە باخورەز
چویلەکەی ئاشتی سپیلکی قاقەز
مزگێنی ئەمڕۆی تازە هێناوە
دەنگی ئەم جێژنە وەك شەوقی پڕتەو
هەموو کوردانی ڕاپەراند لە خەو
ڕەویەوە ترسو تاریکایی شەو
مانگی لە چوارده خەرمانەی داوە
چاوت هەڵبڕە ئەی گەلی کوردی
شلێوەی زستان پێ شێلی کردی
فێنکی بەهار ڕزگاری کردی
بەفری ناو شاخان شل‌شل‌تواوە
ئەستێرەی بەختی کوردستان هەڵات
پرشەنگی هەتاو دایە ناو وولات
ئەو جێژنە بەرزەی بۆ کردین خەڵات
ئاگری زستان تازە کوژاوە

بەهاری / ١٩٥٧
کۆیە

ئـاواره

(ساجـد)

ساجد ئاواره کوڕی حەمە عەلی کوڕی حەمە ڕەزای کوری قوربانییەو لـە نەژاددا باپیرە گەورەی دامەزرێنەری دێی عـەبابـەیلێی نێزیـك بـەشـاری هەڵەبجەیەو دایکیشی لە عەشرەتی باڵەکانـــە نێزیک بەرایـاتی سـەرووی ڕەواندووز • لە ساڵی (١٩٣٣)دا لە پارێزگەی نەینەوا لە دایکیبووە •

خوێندنی سەرەتاییو سانەوی لە هەڵەبجە تەواوکردووە ، لـــە سـاڵی (١٩٥٩)دا خانەی مامۆستایانی تەواوکردوەو بووە بە مامۆستـا •

له تەمەنی (١٠) دە ساڵییەوە حەزی لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کـــوردی کردووە ، کاتێ لە رەواندز بووە بە هۆی چەند ئەفسەرێکی کـــورد پەروەری وەک محەمەد قودسیو مستەفا خۆشناوی شەهید ، کە گۆڤـاری گەلاوێژیان بۆ دەهێنا ، لە تەمەنی (١٥) پازدە ساڵیدا لە هەڵەبجەو سلیمانیدا گفتوگـۆ دەربارەی شیعری فایق بێکەس ، شیخ سەلام ، گۆران ، عەلی باپیر ئاغـاو ٠ زۆرجار لەبەرگیانی نیشتمانی پەروەری لە دەوری پاشایەتیدا لە خوێندنگـە دەرکـــراوە ٠

کەم گۆڤارو رۆژنامەی کوردی هەیە نووسینی ئاوارەی تێدا نەبێت ٠

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی ساجد ئاوارە :ـ

١ ـ کچە قارەمان ، (هۆنراوەیە) ، ١٩٥٦ ٠
٢ ـ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی ، ١٩٦٧ ٠
٣ ـ کەشتی نوح (لەسەر ژیانی نەجمەدین مەلایە) ، ١٩٦٨ ٠
٤ ـ نەوای هەتیو (چوار چیرۆکە) ١٩٦٩ ٠
٥ ـ بەستەی چوار داستان (هۆنراوەیە) ، ١٩٧٠ ٠

لەگەڵ چەند نووسەرێکدا بەشداری دانانی ئەم بەرهەمانەی خوارەوەی کـــردووە :ـ

١ ـ رێبـــاز ، ١٩٦٩ ٠
٢ ـ یاوی لینیـــن ، ١٩٧٠ ٠

مامۆستای نێوبراو ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە ٠

چەند وێنـەیەک لە هۆنراوەکانی ئـاوارە :ـ

١ ـ رۆژی روونـــاک

لـە دایکبـــووم ، بـۆ رۆژی روونـــاک تێکۆشــــام
رێی ئـازادی بـــۆ رەنـج کێشـــان بـوو بـەهیـــوام
منـی منـاڵ ، حـــەزم لـــە ئـــازادی ئـــەکـــرد
کـرنووشنی پـــڕ لـــە شانازیم بـۆ ئـەو ئـــەبـــرد
کە دوژمنی چاوی هەڵهێنا ، بـەم بیرەی منی زوو زانی
شـالاوێکی دڕندانـەی بـۆ سـەر تێکۆشانـم هـــانی
سـەرتاپای خاکی سوورکردین بـەخوێنی ئـاڵی لاوانمان
ویستی زوو ریشە کێشیکا ، تروسکەی بیری هیوامان
بۆیـە ئێمە گەلێکی مـەرد رووبەرووی ئاگـر بوینـەوە
ووتمـــان بەدوژمنی نامـەرد ، گەلێکین ناسڵەمێینـەوە

لە دیوانی (بەستەی چوار داستان) ١٩٦٣ دا وەرگیـراوە ٠

٢ ـ ئــازادی

ئـەی ئـازادی ، ئەی ئـازادی
وشـەی جـوانی پـڕ لە شادی
مـەبـەستێکی گـەوهـــەرینی
هێنـدە بـەپیت ، پـڕ لـەژینی
تـۆ چـراوگی شـەوە زەنگی
لـەگەڵ بێکەس تـۆ هاودەنگی
رابـەری گشـت کەساسـانی
خـوانی زۆربـەی هــەژارانی
چـەکی دەستـی زانـایـانی
ئـامانجی گشـت پـەژارانی
تـۆ دوژمنی بـەرەی شـەڕی
ئـاواتی ئـاشتی پـەروەری
تیشـکی ئـامـانجی دوارۆژی
وشـەیـەکی زۆر پیـرۆزی
لـە ریگاتا زۆر لاوی جـوان
خوێنـاوی جەرگی خـۆی رژان
زۆر لـە خـاکی نیشتمـانـان
بـەسەرای تـۆ سوورهەڵگـەران
ملی زۆر ئـازادی خـوازان
بـە پەتی شەڕ شەتـەك دران
بـۆ تـۆ بەندیخانـەو زینـدان
بـەرۆڵـەی گـەل پێی پڕکـران
کـەچی دایـك پێ ئـەکـەنێ
بێشکـە بـە وشـەت ئـەژەنێ
شـەوی درێـژ ئەبـاتـە سـەر
بـۆ بینینـی رۆژ بێتـەدەر
ئـاوازی زاری شـادییـە
لای‌لایـەی بـۆ ئـازادیـیـە
کـە پێگەیی‌و هـاتـە زمـان
هـەنگـاوی خستـە رێی ژیـان
باووك پێی ئەڵێ ئەی ئازادی
بـۆ دوارۆژیش هەر تۆی نەژاد
ئـازاد نـەبی مـردن چاکـە
نیشتمـان لـەتـۆ بێباکـە
بـە ئـازادی سـەر ئـەکەوین
بـەرەو ئاسۆی رۆشن ئـەچین

٣ ـ نـەورۆزی ١٩٧٠

نـەورۆز هەمیشـــە بە ئاشتی بـاوە
میللەتیش وەك گوڵ لەیەخەی داوە
ئاشتی چـرۆی کـرد لەم نەورۆزەدا
تـۆوی یـــەکێتی بۆمـان هێنـاوە

٤ ـ نـەورۆزی ١٩٧١

ئـەم کوردستانە هەمیشـــە کـانو نەوتی لـە دڵ دایـە
دڵی منیش بە چەشنی ئەو (نەورۆز)ی هەر لە کوڵدایـە
کانو نەوتی نێو ئـەم خاکـە بڵێسەی هـەر لەگردایـە
(نەورۆز)ی کورد باوەڕێکە ، بورکانێکـــە بنەی نایـە

... باوکی و ... سوڵتان ... [illegible]
... ساڵی ... میری ... [illegible]
... بۆ ... لەگەڵ ... کارانی ... [illegible]
... [illegible]

... ساڵی (١٩١٦ ــ ١٩١٩) ... [illegible]
... بەرەو ... [illegible]
... لە ساڵی ... بۆ ماوەی ... [illegible]
... شێخ مەحموود ... بوو ... [illegible] کرد.
دەربەدەی بازیان ... بەدیل ... [illegible]
دوای سێ ساڵ ئاوارەیی ... [illegible]
بۆ ماوەی ... لە ساڵی ... [illegible]

شیخ بەرپابووو لەئەنجامدا لە ١٩٣١/٥/٣١ دا شیخ بۆ ناسریە دوورخرایەوەو لە سالّی (١٩٣٣)دا گوازرایەوە بەغدا ، لە سالّی ١٩٤٨ دا رووی لە گونـدی خۆی ـ داریکەلی ـ کردو هەر لەوێدا مایەوە ، تا لـە ١٩٥٦/١٠/٩دا لـە نەخۆشخانەی حەیدەری لە بەغدا دوامالّئاوایی کردو تەرمەکەیان هێنایـەوە سلێمانیو لە مزگەوتی گەورەدا نێژرا ٠

شێخ مەحمود هێندیك جار هۆنراوەی هۆنیوەتەوە (*) .

فەرهادی قـەومی کوردم فەریـادی کورد ئەکەم
دژمن بەکوتەکی کاوە وەکـو شووشە ووردئەکەم
بـۆ بێسـتوونی مانعی ئامـالی کوردەکـان
وەك کووهکەن بەحەزمی مەتین دەستوبوردئەکەم
یا کەشتی کورد ئەبەمە ساحلـی نەجـات
یا روحی خۆمو ئالی پێغەمبەر بـەپرد ئەکـەم
مەحموودی فیکرەتـم ئەخەمە دووی ئایازی کورد
یا کەسبی وەسلّی ملییەتو نەیلی کـورد ئەکـەم
مـن کوردمو بەکوردی ئەڵێـم برایـەوە
ذیللەت نەمـا سەعادەتـی کوردان گەرایـەوە

عەبدوڵلا عادل ناوێك مودیر ناحیەی باتاسدەبێـت ، ئارمق خـۆرو قومارکەربووەو لەگەڵ ئەوەی پییربووە بۆنی بـە ئافرەتانـەوە کردووە ، فەقێسمایلی سەرمابردوو ئەم باسە بۆ شیخ مەحمود دەگێرێتەوە ، ئەویـش بەو چەشنەی خوارەوە نامەیەك بۆ عەبدوڵلا عادل دەنێرێت :ـ

عادل بـە عەدالـەت لـە سپی لادە بەشی کـە
با سوور نەبـێ ئەم جارە لەنێـو تاسی رەشیکە
چـاو مەستە لەشەو هەستە لەسەر کایەنو ئاخور
چاك لێیخورە زوو تێیخورە خمخانەی رەشکـە
بێقووەتی ئیستێکـە ئەزانم وەکـوو گـای پیر
ناتوانی لەسەر کلکی ئـەکەر مـەردی کشیکـە

پارچە هۆنراوەیەکی شێخ مەحموود شێـخ سـەلام کردوویەتە پێنـج خستەکیو لەگەڵ بەرهەمی ئەودا بلاوی دەکەمەوە ، هـەروا صدقی کاکـە حەمەی قازی بۆکانی پارچە هۆنراوەیەکی نێوبراوی کردۆتە پێنج خشتەکـی لەگەڵ هۆنراوەکانی صدقیدا دەبێت ٠

(*) شیخ مەحمود بەنازنێوی (نوور بەخشی) یشدا هۆنراوەی هۆنیوەتەوە٠

(مەلا) ئاوارە(*)

ناوی ئەحمەدی سەلماسیەو کوری حەمەدەمینی هەمەوەند لە گوندی سەلماس سەر بە ناوچەی سەردەشتەو لە سالی ١٩٣٤دا هاتۆتە دیناوە ٠

لە منداڵیەوە لای باوکی خوێندوویەتی ، جا چۆتە حوجرەی فەقێیانو بەفەقێیەتی زۆر ناوچەی گەرمێنو کوێستان گەراوە ، لە سالی ١٩٦٨ دا لەگەڵ دوو هەڤاڵانی تیکۆشەری خۆیدا ، کە نێویان (رەحمان وەتمان چاوشین) و (مەلاکەچە) بوون ٠

هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی
سەردەشت
تووتنەوانێکی
بێخانوو بێزەویو زارم
بێپوولو باغو بزنو مەر
دوورم لەخێر ، نزیك لەشەر
منالم رووتو برسیە
ژیانم پڕ مەترسسیە
قەرزارمو دەردەارم
شەرمندەی خەلکی دێو شارم
رووم نییە بچمە نێو خەلك
بێبەرگو پێلاو ، بێکەلك
خەلکی پێی وایە تەمبەلم
بێکەسو کارو چەپەلم
بەلام چ بکەم چارە رەشم
خەرمانم زۆرەو بێبەشم

(★) ئەم بەسەرهاتەو وێنەی هۆنراوەکانیم لە نامێلکەی زنجیرەی تیکۆشەرانی کوردی ئێران ــ مەلا ئاوارە) ، کە لەلایەن محمد توفیق ووردی لە سالی ١٩٧٢دا چاپکراوە ، وەرگرتووە ٠

[illegible]

(٢)

[illegible]

[illegible] دەڕوی [illegible]

[illegible] دەڕوا [illegible]

[illegible] دەمی و ووردە

[illegible] کوڕو کیژی کوردە

[illegible] ئەو ناچێتە چاو

[illegible] دەکەوێ تاو

[illegible]

[illegible] کەم

[illegible]

[illegible] هەرەت

[illegible] خاکاو کردن

[illegible] دەکو وەکردن

[illegible] تووتن چەقاندن

[illegible] پشت [illegible]

[illegible] مستی ئەکەی

تا دەگوڕێ وەشکی [illegible]

[illegible] پشکەر [illegible]

[illegible] برە ، پژارەپرە

[illegible] نیو [illegible] ئاودرا

لە دوورەوە بەرچاو کرا •



ئـــــاواره

موحســـن رەشـــید ئەحمـــەد

(محسن) ئـــاواره

نێوی محسن کوڕی رەشید کوڕی ئەحمەدە ، لە ساڵی ١٩٥١دا لەشاری هەولێر هاتۆتە دنیاوە • خوێندنی خوێندنگەی سەرەتایی‌و ناوەندی تـــەواو کردووە ، لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی نەی‌توانیوە خوێندنگەی ئامادەیـــــی تەواوبکات‌و لە ساڵی (١٩٧٠)دا بوو بە فەرمانبەرو ئێستەش هەر فەرمانبەرەو لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێرە •

محسن ئاوارە هەر لە زووەوە ، لە تەمەنی هەرزەکاییەوە ، کە چـــاوی کردۆتەوەو بەتەنگەوەی گیروگرفتی ژیان‌و ناهەمواریەوە بووە ، پەنای بردۆتە بەر کتێب‌و رۆژنامەو گۆڤارەکان‌و کردوونی بە هاورێی خۆی •

لە ساڵی ١٩٦٩دا یەکەم چوارخشتەکی بە نێونیشانی (شوان) لە گۆڤاری (تیشك) بڵاو کردۆتەوە ، کە لە خانەی مامۆستایانی هـــەولێر دەردەکرا ! لەم ساڵەوە پەیتا پەیتا هۆنراوەو نووسینەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە ، بێجگە لـــە هۆنراوە ، تا ئێستە چەند چیرۆك‌و لێکۆڵینـــــــەوەو بابەتی وەرگێرانـــی بڵاوکردۆتەوە •

له چاپکراوه‌کانی شاعیر :

١ ـ شه‌واره ، (دیوانی شیعر) ١٩٧٨ ٠
٢ ـ چۆڕاوگه ، (دیوانی شیعر) ، ١٩٨٤ ٠
٣ ـ ڕێوی‌و قه‌له‌ڕه‌شکه (کورته چیرۆکی منداڵان) ، وه‌رگێران ، ١٩٨٣ ٠

چه‌ندوێنه‌یه‌ك له هۆنراوه‌کانی ٠

وێنه‌ی ئافره‌تێکی ئاواره‌بوو

ئافره‌تێکه ٠٠ ئاواره‌یه
سێ منداڵی به‌کۆڵێ پێ هه‌ڵناگیرێ
هه‌ر له‌ڕێدا ٠٠ هه‌ر له‌ڕێدا
ناشزانی کامیان فڕێدا ٠٠ ؟!

(ل٢٩ شه‌واره)

وێنه‌ی کۆڵ کێشێکی هه‌ژار

ده‌ستم دانایه سه‌ر سه‌ری شولکه‌دارێ
دامگرت ٠٠ چه‌ماندمه‌وه ٠٠ چه‌ماندمه‌وه
هێشتا قرته‌ی ، له قه‌دیه‌وه ، هه‌ڵنه‌ستابوو
کۆڵ کێشێکی پشت که‌وانه‌م ، بیرکه‌وته‌وه
نه‌مشکاندو ٠٠ به‌رمداو راستم کرده‌وه !!

(ل٣٢ شه‌واره)

چۆڕاوگه

تاشه به‌ردێ
له‌ژێر پرووشه‌ی برژانگی چۆڕاوه‌گه‌یێ
راکشابوو
باره‌ که‌وێکی له سه‌رشان‌و ملابوو
چۆڕاوگه‌که دایه شه‌قه‌ی وه‌ڵام‌و ووتی :
ئاخر دڵۆپه‌کانی منی خۆشویستووه
به‌رده‌که‌ش سه‌ری له‌قاندو
ووتی : تۆ بپرسه ده‌نووکی ئه‌م که‌وه بۆ سووربووه ؟!

« ل٤٧ چۆڕاوگه »

ئـــاواز

(ئاواز ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی)

١٩٤٦

ئـاواز دزەیی

ئاواز کچی ئەحمەد حەمەدەمینی دزەییە ، لەســـاڵی ١٩٤٦ دا لــــە دێی دووگردکان لە دایکبووە ، خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێ تەواوکردووە ، لەبەر نەبوونی خوێندنگەی کچان وازی لە خوێندن هێناوە ، بەڵام لە ڕێگەی خوێندنەوە خۆی پێگەیاندووە ٠ لە ساڵی (١٩٥٩)دا یەکەمین هۆنراوەی داناوە بەنێـوی «سوێندم بە نیشتمان » ٠ لەپاڵ هۆنراوە هۆنینەوەشدا ، چەند ژانرێکـی فۆلکلۆر دەنووسێتـــەوە ٠

لـە بەرهەمەچاپکـراوەکانی

فۆلکلۆری کوردی لە ناوچەی دزەییاندا ، بەغدا ، ١٩٨٤ ٠

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
چە... [illegible]
کە تیماریکەن برینی خوێناوی ...
نە... دەرمانی دەردت ...
کوڕ... جەرگی ...
دایکەم خەم مـەخۆ ... [illegible]
سەرمان دادەنێین ... ی تۆ
تـا ... کوردەواری خۆمـان
لـە ... گیان ڕوحاوی تـۆ
دروست دەکەن بەناوی کانیان
بۆیە ... کراوی ...

قافییە ... [illegible]

... کردن پڕخاڵی
... نالیەوە بۆی ...
... ڕەنگو ...
[illegible]
... جوا ... لوتکە ...
لانەی چاکراوە ناو گوڵی بـاخی
[illegible]
... ڵەو حاڵـە
... لانەی تێکچووە
[illegible]
... کڕی
[illegible]
... مەردەبێ لانەت ...م
... م لە دار دەوەت ...

ئـاهی

مەلا صالح (ئاهی) کوڕی مەلا (صبغة الله) کوڕی ئەبوبەکر کوڕی مـەلا نصرالدین کوڕی مەلا عەظیمەو لە بنەماڵەی حەیدەرییانەو لە ساڵی ١٩١٤ی زایینی لە تەمەنی (٨٥) هەشتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی‌کردووە گۆڕەکەی لە سلێمانیە ، خوێندنی زانستی ئایینی لە مزگەوتەکاندا تەواوکـردووەو بەرهەمیشی‌زۆر بووە ، لـەوانـە :

زبدة العقائد لەسەر شەرحی عەقاید
سحر الحلال لەســەر دوازدە علم
شرح البيان في علم البيان
كتاب الصحة في الطب والحكمة
كتاب الفريد في علم النحـو
كتاب [illegible] فارى
كتاب الاصول – صـرف
اسرار القـرآن
معجـزات القـرآن

ئاهی لە ساڵی (١٨٨٠)دا لەگەڵ خزمو کەسانیدا دەچنە سەر داسنیانو لە کاتی بەسەرداهاتنیاندا داسنییان هێرشیان بردە سەریان و هەموویان و[illegible] تەنیا ئاهی دەمێنێتەوە [illegible] (٣٠)سی برینی پێوەدەبێتو

بەدیلدەگیرێتو دەیبەنە ژەنگار بۆ لای قایمقام ئەویش رەوانەی موسلی دەکاتو بەبریندارى ئەمەى خوارەوەى بەسەرخۆی هەڵگوتووە :

ئەرێ یاران چیە رووی داوە ئەمرۆ
دەڵێ دنیا هەمووی شێواوە ئەمرۆ
لەبو قەتعی سەرم وێستاون ئەمرۆ
سەراپای قامەتم سوتاوە ئەمرۆ
لەبەر لێشاوی خوێنی چاوەکانم
با بۆم بێتە گریان کێوی مقلوب
بە بێکەسی مورغی دڵگیراوە ئەمرۆ
حەمە ئاغا کوا لەگەڵ قادر ... بین
کە لێرە دەستوپێم بەسراوە ئەمرۆ
کوا کاك مستەفا لەگەڵ ئەحمەدو فەتاح
کە رۆژی (ئاهی) بەشەو سوراوە ئەمرۆ

بە بۆنەی کوشتنی عومەری کوڕی گوتوویەتی :ـ

خوا ئەمرۆ چ واقع بوو ، کە جانانـــی نیگارم چـــوو
لەسەر عەقل و لە تەن تاقەت لەدڵ سەبرو قەرارم چوو
دەبا کوێر بن لەبەر گریان دووچاوم چـــاوی چاوانم
چ لێبکەم چاوەکانی خۆم ، کە ئەو چاوی خومارمچوو
ئەمن هیچ نەم ئەزانی قەدری رۆڵەی وەك فەرەیدونم
دەبا بمرم لە حەسرەتا کەوا تەیری هـــوزارم چـــوو
ئەمن چیبکەم نیە لەیلو نەهارو ئـــارامو تەسـکنیـم
دلم پڕ مەوجی خوێنینە کـــە (عمر)ی نـــازدارمچـــوو
هەزاران سازو سوحبەت بێ لەکن من شینو گریانـــە
براوە عەیشو نۆشی من ، کە رۆڵەی دڵ بریندارمچوو
ئەتۆ بوچ نامری ئاهی لە تاریکی شـــەوی هیجـــران
دە بمرە موستەحەقت بێ کە لالای شوعلەدارمچـــوو

ئەدەب

ئەدەب نێوی عەبدوڵلا بەگە کوری ئەحمەد بەگی کوڕی رۆستەمی کوڕی بابە عومەری کوری سەیفەدینی‌یەو لە بنەماڵەی بابەمیرییە ٠

ئەدەب لە هەرێمی موکریانێ لە دێی ئەرمەنی بلاخ لە ساڵی ١٨٦٢دا پێی ناوەتە نێو کۆری ژیانەوەو لە ساڵی ١٩١٢دا بە نەخۆشی شەیلە کۆچی‌دوایی‌کردووەو هەر لەو دێیەشدا نێژراوە ، کە تێیدا هاتۆتە گێیتوە ٠

ئەدەب شارەزایی لە زمانی کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی‌دا هەبووە ، هەروا خۆی فێری زمانی روسی‌و ئەلمانی‌و فەرانسایی‌شی‌کردووە ، ئەوەش بەیارمەتی کتێبانی فێرکەر ، ئەدەب بێ لە هۆنینەوەی هۆنراوە بەهرەی خۆش‌نووسی‌و نیگارسازیشی هەبووەو لە نۆتەی مۆسیکاش‌دا دەسەڵاتێکی بەرزی بووە نێوبانگی دەرکردووەو بۆ زۆربەی هۆنراوەکانی ئاوازی تایبەتی داناوە ، کە لە دوای ئەویش دەنگ‌خۆشان دووپاتی دەکەنەوە ٠

هەوێنی هۆنراوەکانی عەبدوڵلا ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی ئەڤینی‌بووە، چونکە سەوادی نوسرەت خانمی کچی عیزەتوڵلای خانی میر پەنجییەوەبووە ، لە هێندیک هۆنراوەدا خۆشی ئەوەی درکاندووە ، بۆ وێنە گوتویەتی (*):ـ

دڵرووبایی منحصر ئەوشۆ بە حالی نوسرەتە
وێردی بەزمی مەی گوساری چاوی کاڵی نوسرەتە

(*) بروانە (دیوانی ئەدەب ، گردوکۆکەرەوەی گیوی موکریانی ، هەولێر ، ١٩٦٦ ، چاپی سێیەمین ، لاپەرە آ ـ ٨ ٠

١ ـ دولبەر

دولبەر ئەمرۆکە نیگاهت کاری سەد خەنجەر دەکا
یەک بەیەک نیشی موژەت زەحفی دوسەد نەشتەردەکا
نایرەی پشکۆیی کولمەت رەونەقی مەجمەر دەکا
رایحەی شەوبۆیی تورەت لۆمەیی عەنبەردەکا
ئیلتیهابی عیشقی تۆ ئیمرۆ لە سینەی ئێمەدا
دەستوبردی ئاتەشە سۆزان لە نەیشەکەر دەکا
خۆش بەحالی خاڵەکەی هیندوو لەسەر گەنجی لەبت
کافرێکی دۆزەخە سەیری لەبی کەوثە دەکا
بەندەی عیشقی لەبی وەک شەکەری شیرینی تۆ
خوسرەوێکە سەلتەنەت با حاتەمو ئەفسەر دەکا
هەرکەسی مەستی سبوحی نەرگسی مەخمورتە
کەی خەیاڵی جامی سەهبا یا مەیی خوللەر دەکا
چونکە پێت عارە ئەمن بیمە نیشانەی ناوەکەت
تیرەکەت جارێ سەرو جارێ بەعەمدەن بەردکا
زولفەکەت جارێ تەناف‌و گاهی نافەی مشکناب
ئەلحق ئەم عەیارە ئەمرۆ کاری جادووگەر دەکا
بۆ خەیاڵی جارێ بەلکە ببیە بالینی (ئەدەب)
گەر لەسەر ئەو رەنگە جەم بی یادی نێو پوستەر دەکا

دیوانی ئەدەب ، لاپەرە ٩و١٠

شێت‌و شەیدایی بوتێکە دڵەکـــەی پڕ لە خەیـاڵ
نەورەس‌و سادە روخ‌و سـەرو قـەدو چـوادەساڵ
ســـاحرو شیوەزەن‌و پیلەوەرو جیلـــوەگـەرە
بێ‌وەفاو صدق‌و صفا شرط‌و بەقاو عەهدی بەتاڵ
ساقی‌و بادەخۆرو مونس‌و عـەیـــارو لـەتیف
زیرەك‌و عاقل‌و داناوو خوداوەنـدی جەمــــاڵ
دلبەری ســـیمبەری حیلەگەری وەعـــدە دەرە
لە هەزاران بەیەکێکـــی کە وەفـا بووبێ مەحاڵ
هەمدەمی زود رەمی خونچـە دەمی پرستـــەمـی
نە بەسەر رازیە لێم‌و نە بەخـــان‌و نە بەمــــاڵ
سەنەمی گوڵبەدەنی خۆش سوخەنی خونچە دەهەن
ماهروو سلسلەمـوو شێفتەخـوو پڕ خەت‌و خاڵ
جەوهەری اوتفی بەدیدارە لـە ئەندامەوە چـوون
کـە لە بلوورەوە پەیدا صفـتـی ئـاوی زەلاڵ
تەڕچکو تورت‌و تەڕو تـازەو رەعناو لەتیـــف
کەفەڵ‌و سینەو ساعیـــدروخ‌و بالاو جــــەمال
گەردنی شووش‌و مونەقەش بەدووخاڵی رەش‌و بــەس
بێ‌لەکەو ژەنگ‌و یەڵە هەروەکو شووشەی زەڕی قـاڵ
زوڵفی عەقرەب رەووش‌و چهرەیی هەمرەنگی قەمەر
توری ئەفعا سیرو نەرگـــس‌و هەم شیری مــــراڵ

★ ★

گردو مەخروت‌و مودەوەر شەق‌و تورەت وەك بەیی کاڵ
هەر دەمێ مەڕمــــەڕی سمتی بەجەفا سووربـــــدا
تفلی تەبعی (ئـــەدەب) ئەوسا دەکەوێتە گروگــــاڵ

دیوانی ئەدەب ، لاپەرە ٥٢ و ٥٣

« ئـەدیـب »

نێوی خۆی مەلا رەسوولو نازنێوی (ئـەدیـب)ە ، کوری مـەلا سـادقی کوڕی خەلیفە عەبدولرەحمانی زەندییە ، کە لە بنەچەکەیدا دەچێتـەوە سەر تییرەی (لوتفی عەلی خان) و (کەریمخان)ی زەند ٠

ئەدیب لە (١٢٩١)ی کۆچیدا لەدایکبووەو سودی خوێندەوارێتـی لەلایەن زمانی کوردیو فارسیو عەرەبییەوە وەفاییش بووە ٠

ئەدیب بەرێگەی وانە وتنەوە بەکوڕە ئاغایانو ئاش وەستاییو دارتاشو پزشکێتیدا نانی رۆژانەی خۆی دەستخستووە ، لو کاتەدا ، کە ئەدیب وانەی بە کوڕانی ئاورەحمان ئاغادا دەگوتەوە مەلا مەحمودێکی لێ پەیدابوو بـۆ ئەوەی جێی پێ لەقبکاتو بێپارەو لەلای ئەورەحمان ئاغادا ، ئەدیب دووچاری سەد شەق تێهەڵدان دەبێتو بەهۆیەوە نەخۆش دەکەوێتو هەڵناستێتەوەو لە (١٢)ی جەمادی یەکەمی سالی (١٣٥١)ی کۆچیدا دوامـاڵئاوایی لـە جیهـانی رۆشن دەکات(*) ٠

(★) بروانە دیوانی ئەدیب ، گردو کۆکەرەوەی گیوی موکریانی ، هەولێـر ، ٢٥٧٣ کوردی ٠

[illegible] مەستە [illegible] فتوی مەیخانە [illegible]
[illegible] دوودی [illegible]
[illegible] دەسا [illegible]
[illegible]
[illegible] ‌‌هشیار [illegible]
چونکە [illegible] شەو [illegible]
[illegible]

[illegible]
توخودا ماڵا بەغەیری خۆ [illegible]
هەر [illegible]
تازە خێری [illegible]
[illegible] خونچەی دەم [illegible]
[illegible]
هەر [illegible]
دڵ [illegible] وا [illegible]
[illegible] وەک [illegible] کەس [illegible]
[illegible] ڕیسوا [illegible] خەڵقە [illegible]

دوایی [illegible]

٢ ـ (رووت شەمسی تەمووزە)

رووت شەمسی تـەمووزە هەموو پـــڕ تابش‌و تـــاوە
ئـەگریجەی چین‌چینــە لـە رووت پەخش‌و بـــڵاوە
حـەیرانی دەمـەتبم بـە میسلی شووشـە گـــوڵاوە
قـوربانی دوو زوڵفت بـم ، کە دەڵێی سونبـولی خـاوە
مەیلـت ئەوە چەند ڕۆژە لەسـەر وەعدە نـەمـــاوە

ڕۆژێ نییـە مەستـانــە کــە عەهـدت نـەشکێنێ
وەك کەهروبـــا ئـەو دڵـــی مسکیـن نـــەرفێنی
بێ‌گیـان بــەدەنی خـەستـە جیگـەر بـۆچی دەمێنێ
وەك شووشـەیی ناســـك دڵی بێچـارە شکـــاوە

پێـم فـەرمـوو گوناهـم چییە ئـەی سـەروی دڵارام
چیـــدی مەکـە دەرەنجــە ئـەسیری منی ۰۰ ناکـام
کـووا تاقـەتی ئـەو جەورە هـەموو تـاب توانـــام
ئـەبرۆی کـەچت حـالی دەمی مـەرگی نیشـــان‌دام
تـەهدیـــدی سـەری تیری مـــوژانت بـەعـەلاوە

ئـــاوارەو خـونخـوارە مـەگـەر وامقی عـــەزرام
لۆمـەم چ دەکـەن کوشتـەو سەرگـەشتەیی لـەیلام
غـەرقی غـەم‌و سـەوداسەرو ئـاشوفتـەو شـەیدام
بـۆ دانـەیی خاڵـت بـەفرییوچـووم دڵی کێشـــام
سـەر تـــا سەری دەورەی قـەمـەرت دانـــەو داوە

سێوی چـەنەگەت ئـاوی حەیـات‌و چەهی زەمـــزەم
ئـەی گیانی عـەزیزت بەفیدای ئـەو سەرو پـەرچـەم
ئـەورۆکـە دەڵێـم خاکی هــەموو دەر وەســەرکـــەم
پرسیـم چییـە دەرمـــانی برینی دڵی پـــڕ خـــەم
فـەرمووی ، کە دەوای سەهوە (ئەدیب) کاری‌کـراوە

دیوانی ئەدیب ، لاپەڕە ١٨ ، ١٩

ئەژی گۆران

له دێی عەبابەیلێ سەر بە قەزای هەڵەبجە ، ساڵی ١٩٣٦ هاتۆتە دیناوە ، مەینەتیو نانو مووچە ، کۆچوبار گەلێک هەواری پێکردن ، تا لە ساڵی ١٩٣٩ دا لە سلێمانی نیشتەجێبوون ، لەسەرەتای چلەکاندا لە قوتابخانەی (فیصلیة) خرایە پۆلی یەکەمەوە ، تا باوکی بەدوای (نان)دا لە هەولێر گیرسایەوەو لە قوتابخانەی «اولیة» وەرگیراو لەو نێوانەدا لەلای مامۆستا گیوی م کریانی فێری تیپچنینو وێنەگرتنەوەبوو ، لەوێدا خۆزگەو ئاواتێك بۆ ئەژی بەهۆی چاپخانەوە دروستبوو ، گەڕانەوە سلێمانیو بەهۆی ڕاپەڕینی تشرینی ١٩٥٢ وە بەندکراو شەش مانگ لەوێدا مایەوە ، ئێستە لە سلێمانی دانیشتووەو خانەنشینە ، ئەو سەردەمەی ، کە لە هەولێر ، لە لای گیوبووەو هاتوچۆی نێوان گیوو گۆرانو باسکردنی وشەی کوردیو دیداری مامۆستایان ئازاد شەوقیو مارف خەزمەدارو گەلێک ڕۆشنبیرو ئەدیبانی دی وەک مەلا حەسەمی قازی (شاهۆ)و عەزیز محەمەد و عەلی ئاگاو هی دی کاریگەریان کردۆتە سەر بۆ هۆنینەوەی شیعر ٠

ئەژی گۆران لەو دەسنووسەی ، کە لە ٢٥ـ١١ـ١٩٨٤ دا بـــۆ منـــی نووسیوە بەم جۆرە باسی بارێکی ئــەدەبی دەکــات :ــ

« جا ئــەو دەمە گۆران حەزی ئەکرد لەسەر نالی مەزن شتێ بنووسێتو زۆربەی کات ، کە دکتۆر مارف ئــەو دەم قوتابی ئامادەیی بوو ، بــەردەرگەی پێدەگرتین ، هەر بۆ لێکۆلینەوەبوو لە نالی ، بەراستی کارێکیان بەو نالیـــە دەکــرد ، رۆژی دە جار لە گۆرا رایان دەچلەکاند ، کە بەزۆر هەڵــەوە دوو چامەکەیان دەخوێندەوەو راستدەکرایەوە ، بگــرە کار لەوە ترازا ــ مــن وام لێهات هەردوو چامەکەم لەبەرکرد ، تا ساڵانی شەست لەبەرم بوون ، ئەگەرچی ئێستەش پچڕ ــ پچڕ لەبەرمن هەر ئەم کارە کاری تێکــــردم ، کە خولیـــای شیعـــر بـــم » ٠

ئەژی لەسەر لاپەرەی رۆژنامــەو گۆڤــارەکـــاندا بەرهـــەمی ئــەدەبی بڵاودەکاتەوەو دیوانی « کزەی غەریبی » یشی چاپ کردووە ٠

لـــە سێبەرتا گڕ ئــەگرم

دەمێ بــوو ئــەمزانی نیگــات
وەنەوزی‌و لام گرتووێتی
کــە هاتمـــە لات
پرسیاریکم ٠ بە ئەسپایی ختوکەی پێڵوی چاوی دایت
دەمێ بــوو ئــەمزانی بــاڵات
لاولاوی خــەم تێی ئــاڵاوە
هــەر ئــەوەندە دەستم هەڵــدا
لەگولی خــەمەوە ئــاڵا
پــەرەی دڵــم مینــای سپی‌و شینی دەردا
دەمێ بوو ئــەمزانی ، کە تۆ ٠٠ ترۆپکی کــەژێکی جوانی
هـــەر سێبــەرتـــە
باڵی شکۆ ٠٠ ئەکاتە مل دڵداراني
چــاوی منیش
کەروگێکی [١] بێبارانو ٠٠٠
ئەشکەوتێکی بێسێبــەربــوو
ئــەوەتــا تـــۆ ٠٠٠
دڵـــۆپ ٠٠٠
دڵـــۆپ

(١) کەورگ : ئەو بن ئەشکەوتانەیە ، کە ئــاو دادەدەن‌و جۆرەکانیســاو یــا سەرچاوەیەکیان تیدا پــەیدا دەبێت ٠

ئـەرژێێتـــە بن دەمی تاوێـــر
منیش ئەبم بە فرمێسکو ٠٠
هەنسکی خۆم ئەمخواتەوە
ئەوەتا وا بەو بەرتەوە
ســرو ٠٠٠ ســەرسام
خـەمـەکانم ئاوێـزانی سێبـەر ئـەبـن
لـە بنارتـا دەستـەودامێنی تـۆ ئـەبـن
کەچی جارێ ٠٠٠ سێبەری تـۆ
لە دلی بێ نـــازم نـەکـەوت

★ ★ ★

تۆ خەمێکی وەنـەوشـەییت
درکـەزی دەورت نـاتوانێ
رێ لـە گزنگی خـۆر بگـرێ
وێنەی بزەو پێکەنینت حەشاربدا
لەهەر کوێ بم ٠٠ ئەو بەرم تـۆی
لـەهەر کوێ بیـت
وەك خۆت چـاوت لـە گزنگـە
ئـەزانی چـــۆن
تارمایی شـەو هەلفرێنی
هـەرتۆ ئەزانی زەردەپـەر
ســەر لە ئێوارێ بنوێنی
نـەم ئەزانی سەروی‌بـالآت
لـە حەوشەی تەنیایی و ماتـــا
رەشـەبـای شـــار
بـــا رەهێلـە
ئـەی شـەکێنێ
نـــەم ئـەزانی
لـە لەشی سـرو تەزیــــوا
دلێکی وا گەورەو گەرم
خۆشـەویستی ئـەیسوتێنێ

———— □□ ————

ئەحمەد ڕەشوانی

ئەحمەد ڕەشوانی کوڕی سەید عەزیزە (*) ، لە ساڵی ١٩٤٢ دا لە هەولێر هاتۆتە دنیاوەو هەر لەوێش خوێندنگەی سەرەتــایی‌و ناوەنجی و خانــەی مامۆستایانی تەواوکردووە ، لە ساڵی ١٩٦١دا لە دێی «عالڵا» بــە مامۆستـــا دادەمەزرێت ، لە ساڵی ١٩٦٣دا واز لە مامۆستایی دێنێت‌و دیسانەوە لــە ساڵی ١٩٦٤ ەوە دەگەرێتەوە مامۆستای قوتابخانەی (قەشقە)، (عالڵا)،(جدیدة)ی گوندەکانی دەوروبەری هەولێرو لە حوزەیرانی ١٩٦٦ دا دەکرێتە مامۆستـــای خوێندنگەی هەردی لە هەولێر • لە شەوی ١٤ـ١٥ /١٣/١٩٦٨ دا دوا ماڵئاوایی لە جیهانی ڕۆشن دەکـات لە ئەنجامی ئەو دووگوللەی بەری کەوتبوو •

ڕەشوانی هەر لە منداڵیوە حەزو ئارەزووی هۆنراوە دانانی هــەبــووەو بەرهەمێکی دەسنووسی بە نێوی فەرهەنگی هەلبەست بۆ جێهێشووین ، کــە لە لایەن لەتیف بەرزنجی لە ساڵی ١٩٦٨دا چاپ کراوەو لەم ماوەی دواییەدا ، ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوان لە چاپی‌دایەوە •

(*) ئەم بەسەرهات‌و هۆنراوانەم لە چاپی یەکەمی فەرهەنگی هــەڵبەســـت وەرگرت ، کە لە ساڵی ١٩٦٨دا لە بەغدا چاپکراوە •

ئەبینم لێوی وەك گوڵ سووربووە
بەهێمنی چاوی بــۆ داخستووە
شەنگی نامینێ لێــو ، کــە مانــــدووە
نەك بــۆ نەختێ ئاو ، بۆ ماچ تینووە

★ ★ ★

مــەیە لابەری گشت تاڵی ژینــە
مــەیــە دەرمانی دڵەی خــەمگینـــــە
کاتێ دووبەدوو ئەبێ لەگەڵ مەی
خۆتی سەرداری ، ئەم سەرزەمینە
پەرچەمو زولفـو لە لایێ ئــەبرۆ
دڵەی پڕ مەیلم ، ئەکەن رەنجەرۆ
رەنگی پەرچەمتو دڵەی قەقنەسم
شاهیدن لەسەر باسی منو تــۆ

★ ★ ★

ئــەم دانە خاڵەت کە دوو لێوی لە سەردا
هەروەکــو منـــــە ، بۆ کولمت بووە شەیدا
کە ئاگری رووت ، خاڵی سووتاندو رەشکرد
دووری لە خاڵت ، گری نــا وە جیگــــەردا

ئەحمەد بەگی کۆماسی

لەشاعیری نێودارانی کوردەو لە دەوروبەری ساڵانی ١٧٩٣ـ١٨٧٦دا ژیاوە٠

گیانە دەرچوو ٠٠٠٠٠٠٠   دووری تۆ هێجگار لە حدود دەرچوو
پەژارەت شادی لە دڵدا نەهێشت   روحم عەزابی جەهەنەمی چێشت
فیراقت فەرقی‌کرد بە توتیا   ئەعزام بەعەزاب لیک بوون جیا
وەسوەسەت تیری هێند دا لە جەرگم   بەمەرگت قەسەم رازیم بەمەرگم
توخوا خۆت بیڵێ نەونەمامی بۆ   مردن خۆشترە یاخۆ دووری تۆ
سانێکەو جاریک ئاکامی مردن   دووریت ساتیکە مەرگێکە بۆمن
بۆچ جەستەی خەستەی من لە پۆلایە   بە گورزی هیجران هیچی لێ نایە
قەبرت پڕ نوور بێ شای سینە سافان   میرزا یاقوبی ئەدیبی جافان
شیعری دڵسوزت حوبی حالمە   وێردی زمانی بەستەو لالمە
چەرخی چەپ بۆ من چنیویە کەلەك   من بەردم داوە لە شووشەی فەلەك
رەهندەی کردم لە رووی بەهانە   گاهی ئیسفەهان گاهێ بۆ بانە
فرسەتم نادا ساتێ بت‌بینم   تۆزی بەر پێکەت بەچاوما بنێم
یا شەوێ شەرحی دووری دووبارە   عەرزی‌کەم بۆ تەسکینی دڵەی ئاوارە

دووریت ئاگری بەردایە ناو جەرگ
خوایە یا ویسال یا تاقەت یا مەرگ

ئەم پارچە هۆنراوەیە لە کەشکۆلی ژمارە (١) ، لاپەرە (٧٤)دا وەرگیراوە٠

ئەحمەد سالار



ئەحمەد سالار لە ساڵی ١٩٤٧دا لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی هاتۆتە ژیانەوە ، کوری عەبدولواحید ئەفەندی مەلا ئەحمەد دەروێشی حاجی مەحمودی حاجی مستەفا قوربانییە ، لە تیرەی سێتەبەسەری هەمەوەندن ٠

لە شاری هەڵەبجە چۆتە خوێندنگەی سەرەتاییو لە شاری سلێمانیدا سەرەتاییو ئامادەیی تەواوکردووەو لە ساڵی ١٩٧١ – ١٩٧٢دا ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدای بەشی شانۆی بە پلەی باڵا تەواوکردووە ٠

له سالی ۱۹۷۲ دا سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ـ لقی بەغدا بووە .

سالی ۱۹۷۳ تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی دامەزراندووە ، تا سالی ۱۹۷۹ سەرۆکی بووە .

سالی ۱۹۷۱ بۆتە یەکەم سەرۆکی بەشی تەمسیلی رادیۆی بەغدا .

سالی ۱۹۷۲ خەڵاتی بابانی وەرگرتووە ، خەڵاتی چاکترین ئەکتەری کورد .

سالی ۱۹۷۵ تیپی شانۆی زانکۆی دامەزراندوەو له یەکەم ڤیستیڤالی شانۆی زانکۆکاندا خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە .

له سالی ۱۹۷۹وە سکرتێری رۆشنبیری یەکێتی نووسەرانی کوردە ـ لقی سلێمانی .

سالی ۱۹۸٤ (تیپی شانۆی سالار)ی دامەزراندوەو ئێستە سەرۆکێتی.

له سالی ۱۹۸۰ ، وە مامۆستای درامایە له پەیمانگەی هونەرە جوانەکان له سلێمانیو دەیان ووتارو باسی پێشکێش کردووە .

له بەرهەمە چاپکراوەکانی

---

۱ ـ سالم له تای تەرازوی وێژەدا ، لێکۆڵینەوە ، ۱۹٦۸ .
۲ ـ وانەی رەشبەڵەك ، شانۆنامە ، ۱۹۷۷ .
۳ ـ دلدارانی بەرباران ، شانۆ نامە ، ۱۹۷۹ .
٤ ـ هونەرو سەرەتایەك له مێژووی هونەر ، لێکۆڵینەوە ۱۹۷۹ .
٥ ـ دەروازەی دراما ، بەرگی یەکەم ، لێکۆڵینەوە ، ۱۹۸۰ .
٦ ـ کومیدیا ، لیکۆڵینەوە ، ۱۹۸۱ .
۷ ـ ئەڤگینیا له ئۆلیس ، وەرگێران ، ۱۹۸۲ .
۸ ـ ئۆتێللۆ ، وەرگێران ، ۱۹۸۳ .
۹ ـ دەروازەی دراما ، بەرگی دووەم ، ۱۹۸٤ .

ئەو بەرهەمانەی چاوەروانی چاپن

---

۱ ـ رێبازەکانی هونەر .
۲ ـ دەروازەی دراما ، بەرگی سێیەم .
۳ ـ منو شانۆ .

١ ـ لەگەڵ ئەستێرەدا دەدوام

لەگەڵ ئەستێرەدا دەدوام ، خەیاڵم هێندە باڵابوو
هەتا زنجیری ئەم رۆژە ، لە دەستوپێم نەئاڵابوو
بەڵێ هەروا لەبەرچاوم سەرنجی سەردەمی پێشوو
کە گوڵزاری تەماکانم ، هەمیشە ئاڵو واڵابوو
گوڵی جوانی گەشی هیوام ، لەناو تەمدا نەژاکابوو
مەلی خۆش‌خوانی ئاوازم ، بەدەستی خەم نەناڵابوو
شنەی بای بەختیاری دڵ ، دەمێبوو وا ئەویس‌رابورد
لە هەنگاوی یەکەمدا بوو ، لە واناى گروگاڵابوو
نەبوو بروام بەرۆژی وا ، ئەزانی بۆ ئەڵێم ، چونکە
دڵم تاجی چیایەک بوو ، لە دووری کۆسپو چاڵابوو
هەزار ئاخ بۆ دەمی پێشوو ، کە ئەم رۆژەم نەدیبوو من
بریسکەی شاری ئەوساکە ، هەموو دونیای لەتەکدا بوو

١٩٦٩

٢ ـ ئەرزوحاڵێکی بێ‌پوول

هاورێکانم زۆر دەمێکە گۆرانیەک ئەڵێمەوە
بەرووی خۆرا
بەرووی دەشتی فراوانی ، کاکی بەکاکیو بیابانی بێ‌سنوورا
بەرووی رووباری سەر شێتی سەرەو ژوورا
بەرووی ئەو کەژە سەختانەی
لە بڵندیو سەرکەشیا سەریان لەناو هەورا تۆرا
بۆ گوێی کەسێ کە ببیستێ
دەنگ دانەوەش نابیستمەوە
هاوار هاوار ٠٠ دارو بەردێ
هاورێکانم :
زۆر دەمێکە چرایەکی خۆرم پێیە
شارەو شاری زەمین گەرام شارۆچکەگان ، گوند ، کوێرە دێ
هەموو کوچەو کەلەبەرێک

چاوێ نەبوو بیگرێتەوە :
گورزەو چەپکێ چرام
لە گۆمێکی مەنگ‌دا خنکا
وای پەروانەو گری سووتان
پەیمانەکەی سەودام رژا
هاورێکانم :
هەزار بووکە بەبارانە
جووتیارانی شان بەپینە ، دەست قڵیشاو
منالآنی سەر قۆچکە تاش
هەموو شتێ لە چاویانا ، زەردیایەبوو
ئاورەنگ دەژیا
لە دەرگەی ماڵەو ماڵیان‌دا
بۆ دڵۆپێ بارانی جووان
زەوی زمانی شەقاری ووشەم
سوێی بوەوە
باران قات‌بوو ... باران نەبوو
کاتێ دەستی زیستەوە
داسی لێداو دروێنەی کرد
ئەوسا چاوی خنجیلانەی شیعر گریا
جاران خەڵکی شاری بابل
لە دامێنی تازە شین بووی بەهاریانا
کاتێ (ئەشتار) نەهاتەوە
(دەمووز) لە گۆڕی تاریکا دەمردەوە
خەڵکی ئەوسا وەکو ئێستە
لە دەشتی نائومێدیا ، لە دەشتی بێبەریا
شیرو ڕمی ناچاریان
لە زامی قووڵی دێرینا
ئەشاردەوەو ... ئەناشتەوە

هاورێکانم :
من ڕێبواری ریگایەکم ، مەنزڵگاکەی گەلێ دوورە
تا دەگەمە ئاستی هەوار ، پشتم ئەشکێ
کلاوەی ئەژنۆی ماندووبوون
لەشوێن هەنگاو رادەکشێ
دەڵێ لێ لێ ، دەلۆ لۆلۆ
ریگایەکی گەلێ سەختە
مەرگەو کۆتەڵەکەی لەبەر چاومە
ریگایەکە جەردەی وەیشوومە گرتویە
ئەوەند چەندەرێیانی سەیر

خۆی بۆ رێبـوار ناوەتـەوە
هەڵـوور بلووری کام بەختە دەیباتەوە !
هەنگاو کەوتە ناو گێژاوی چوونو نەچوون
وا تیا ماوە ، پاش ئـەو هەموو پێسوانـە
ئـاوی داهـــات
هەنگــاو تـۆرا
بۆیە ئەڵێم : شەقامە گشتیەکانی شار
بــووە ئەسپێکی تـۆڕ
کوێــرە رێکـــان
کەفی لا لغاوەی ئەسپ ، نیشانەیە بۆ شارەزا
وادەی ســەر کێشییە
مــن ســەرەتای گۆرانیەکەم
وەك (ڤاسلی) ئەڵێمەوە
« خوێن لە دەمارمایە هاورێ ، نەك مەرکەب »
هــاورێکــانم :
لە جێی زامی چەقۆی دوژمن
لە پێڵوی زام ٠٠ لەسەر سنگم
نۆتەی سروودێ ئەنووسم
بانگی مزگینی ژیـانبێ
ئـاوازێ بێ
بەڵام ، هەی رۆ ، وەی رۆ
بەر لە ژانی لە دایكبوون
لە منداڵانی زامابوو سەری تیاچوو

هــاورێکــانم :
هەقایەتێ ئەگێرمەوە
نەبیسترابێ ، نە دێوی رەش ، یاخود سپی
نەجنۆکەو شەوەیتیایە

زۆر ساکـــارە :
هەبوو نــەبــوو
هەزارەها بەردی ووردی زبــرم هێنــا
نام بەکێلی نزرگاکەی نیازەوە
وەك داپیرە ، بە هیوای کوڕ پێوەی دەنا
هیچی نەگرت ٠٠٠ تەریش کرا
وەجــاخ نــەبـوو
جارێکی چــاوم ژیــا
بەتاڵی خــۆری هاوینا بۆ ئاسۆ چــووم
چەپکێ گوڵی سوورم هێنا
لەبەهاری لای خۆمانا

پەلکەزێرینەی سەرسەری گلەزەردەم کردە دیاری
ئەرخەوانم نایە پیاڵەی هەڵاڵەوە
نیرگسم کرد بەسەر سنگی گوڵاڵەوە
چەپکە گوڵێکی رازاوە
پێشکەشم کرد ، مەزاتم کرد
فریای کەون بێ‌پارەیە بەخۆرایی
کەس نەی‌ویستو کەس نەی‌ویست
هەست مردبوو
گۆرستان سەر قاڵی‌ی پروپووچی ئەو جۆرانەی
ئەکرۆشتەوە
جارێکی دی ·· ژیامەوە
دڵ گەورەبوو ، لەخەم رەخسا
کەشکە گیانی هەڵ‌ئەپەڕان
پەنجەی تریفەی مانگەشەو دەستی گرتم
گەرامەوە ، خەیاڵێکی ووردم هێنا
بۆ هەڵپەرکێی چاوی ئاسمان ، سەری خستم
ئەکتەرێکی بەهرەمەندی وریام ئەوێ
لەسەر شانۆی راستەقینە
لەبن تارای ماکیاجەوە دەری بخا
ئەمەش نەبوو ···
هاورێکانم :
ئەمجارەیان بیرم ژیا
سەیر ئەکەم ، سەرچاوەکان
کانیاوە ـ زوو ـ شەکراوەکان
بوونە گونجو بوونە بازار
بوومە پارە !
کەوتمە ناوی ··· نەك بەرێکەوت
دەبوو وابێ دووکان دووکان
هەتاوەکو دەست گێرەکان
هەموو گەرام
تیایا نەچووم
ئەزانی بۆ ؟
زۆر قەڵب بووم
ئەگەر هاتوو بمامایە
ئەو دەستی قینە نەبوایە ، کە فرێی‌دام
ئێستا هەزار جادووگەریش نەی‌ئەتوانی
رزگارم کات

١٩٧٣

ئەحمـەدی شیخ مـارف

شیخ ئەحمەدکوڕی شیخ مارفەو خەڵکی دەربەند دەڵۆیە ، کـە کـەوتۆتـە دۆڵی وورمێ ، لـەشەری نێـوان ئێرانو رووس‌دا کـوژراوە ، شیخ ئەحمـەد ئامـۆزای شێخ بـابای شاعیرە ٠

بـەهـــار

مەکەن مـــەنعی عاشقان ، عشق‌کـــاری دژوارە
هـــەرچی عشقی لەدڵ‌بـێ ، بێ سەبرو بێ‌قەرارە
دایـم لەبەر هیجرانی رەنگ‌زەردو لێو بەبـــارە
دەعشقی مـن سوتام ، غەمـم لە چـوار کـەنارە
گەڵو دەردان ئەز هەڵگرت ، ساڵێ ناگرم قەراری
شەوو رۆژی ناسـەبرم لەبەر غـەمی دەیـــاری
دڵم چەندی لە جۆشە فرمێسکـم دێنـە خـواری
مەگـەر بەوی ساکن بێ ، بەرەنگی دە بوهـاری
بوهارم چـەندە خۆشە ، مزگێنی‌بێ ، هات بوهار
هاتن تەیری دەرِنگین ، جووت‌جووت دێن بەقەتار
کەوتن لەبـن دەراوان لەوانـم دی چـەند هەزار
ئەو بوهـاری‌دا رەنگین لێم‌بـوو بە بازارو شـار

غەمی دڵم چەند زۆرن ، با بچن لەگەڵ زستـانێ
هـەوری دەرەش دەهێنن ، دەگرن بەری ئاسمانی
لەبەر گـورەی شەمـاڵی لـە رشێنـەی بـارانێ
کوێستان دەمان دەتەمی ، ئـەوەل مانگی نەیسانێ
لە کوێستانی دە عەزیم هەوری دەرەش دەخرۆشن
بەنەشئەیی دە بوهاری ، گوڵان زیرباف دەپۆشن
هەروەکوو سەحرای چینی جوملە مسک فرۆشن
بەشادی ئەو بەهاری ، چەند بەزەوق‌و بەجۆشن
لە کوێستانی دەدا رەند لـە دڵی منـی حەزینـە
گوڵان لەدەم رووباران جوان‌بوون بە پەرژینـــە
با بچین گوڵان بێنین ، هەرچی دڵی مەحزوونـە
ئەو گوڵی دە دونیایە ، وەفایان بۆ کەس نینـــە
لەسابوی دە سویسنان ، تازە لـــە من سەروەدا
وەنەوشەم چەند زەریفە ، نێرگس بە تافتەی زەردا
گوڵەمێلاق‌و خاشخاش ئەتلەسی سووریان لەبەردا
ئەو دونیایەی وا شیرین وەرە دەستی لێبـەردە
لەبەر بۆنی وەنەوشەی ، لە هەناسەی شەوبایـی
بۆنی گوڵان دەیەنن ، تێکەڵ بوون لە سەحرایـی
وەنەوشەم چەند زەریف دی ، لەگەڵ شەنگە بیزایە
مەدحی بەهاری یاران ، هەرگیز لە تەعریف نایە
گەلۆ دەردان ئەز کوژتم ، لەدەم ئاوو سەرئاوان
بەعزیکم تەیر دەدین ، کەوتن لەدەم شەتـــاوان
لە بەر سەدای شالوران ، ئاگرم بەربووە هەناوان
فرمێسکم دەیەن بەجووت ، خوناوم دێ لە چاوان
بەهار هاتە سەر تەختی ، گوڵ هاتن لە نەکـــاوا
وەنەوشەم چەند زەریف دی،لەو سویسنی دە ساوا
لەبەر غەمی مەحبووبەی سەبـــــرو هۆشم نەماوە
ئەو دونیای مەحبووب‌و روون ، وەفای بۆ کەس نەماوە
ئەو بوهاری بە گوڵزار ، هەرگیـــــز دە تەعریف نایە
سویسن‌و هەڵاڵ‌و بەیبـوون ، لەگەڵ شەنگە بیـــزایە
چەند سوارچاک‌و مەردچاک بوون کۆچیان کرد لە دونیایە
(ئەحمەد) ئەتۆش رادەبری ، یاران بۆی بکەن دوعایـە

ئەحمەد عارف

ئەحمەد عارف لە ساڵی (١٩٢٧)دا لە كوردستانی توركیا هاتۆتە دنیاوەو جووانی سروشتی دەوروبەری كاریتێكردووەو هۆنراوەی هۆنیوەتەوەو لە ساڵانی (١٩٥٩ ـ ١٩٦٢)دا لە رۆژنامەی (مەدەنییەت)دا كاریكردووە ٠

سەبارەت ئەو هۆنراوەیەی لە لاپەرەی داهاتوودا بڵاوكراوەتەوە مامۆستا شكور مستەفا لە لاپەرە (٦٣)ی گۆڤاری بەیانی ژمارە (١٠١ـ١٠٢)دا دەڵێت :ـ (ئەمن ئەو شیعرەم بەم كوردیو كورمانجییە دەستكەتییە ، ئەوجا ئەحمەد عارف بۆ خۆی بە كوردی گوتووە ، یا بە توركی گوتوویەو كراوە بە كوردی ؟ نازانم ٠٠ هەر ئەوەندە دەزانم بە كوردیم دەستكەوتووە ٠٠٠٠) ٠

ئاڤا حەمرەواتێ جەمدی
چار تلی جەمەد لسەر ئاڤا تژلە ،
ئەم ژ بیرێ دكشینن ئاڤا فەرە ئۆ فۆلان
چاێی ژ بەرفێ دكەلینن
دیار من وەك سرٍ ڤەدشێرە دشێرە ئێشاخوە
دبێ (بایە) ، « بهاری دەرباس دبە »
خویشكا من دوو جانییە ، گران
كەچەك بەدەو تە دیتییە
جارا پێشینە هم ڤەدشێرە
هم ژی دترسە دبێ ئەز دمرم
گەورییەك دن زێدە ببن ئەم لڤێ زفستانێ ،
بچووكێ من ،
ئەز تو لكو دەرا خوە ڤەشێرم ؟
خوازیا ئەحمەد عارف
تو لسەر سەران
سەر چاڤان تێی

× ئەم بەسەرهاتەو پارچە هۆنراوەكەش لە گۆڤاری بەیان ژمارە (١٠١ و ١٠٢) ، لاپەرە ٥٥ ـ ٥٧ ، كە لە لایەن مامۆستا شوكور مستەفاوە بڵاوكراوەتەوە وەرگرتووە ٠

ئەحمەدی کۆر

ئەمین فەیزی بەگ لە کتێبی « ئەنجومەنی ئەدیبان»دا ، کە لە سالی (۱۳۳۹)ی کۆچیدا لە ئیستەمبول چاپیکردووە ، بەم جۆرە باسی ئەحمەدی کۆری کردووە :ـ

« ئەحمەدی کۆر اهل طرف سابلاخه عالم بود ، اما شاعری بغایت فرین‌و غایت عارفانەیە • کلامی همو پر سوزو گذارن • لایقه ملقب بی بشاعر پیغمبر »•

لە کتێبی لەسەرەوە نێوبراودا چەند پارچە هۆنراوەیەکی ئەحمەدی کۆر لەشوێنی جودا جودادا بلاوکراونەتەوە ، لە رووی لێکسیکۆوە ووشەیەکی زۆری زمانی عەرەبی‌و فارسی بەکارهێناوە ، کە ئەمە گەورەترین بەلگەیە بۆ ئەوەی بلێین شارەزایەکی باشی لە زمانانی فارسی‌و عەرەبیدا هەبووە •

نێوی ئەحمەدی کۆر لەنیوە دیرە هۆنراوەیەکی حاجی قادری کۆییدا هاتووە ، کە بەهۆیەوە بۆمان روونده‌بێتەوە خەلکی چ ناوچەیەکی کوردەوارییەو ناوچەکەش هەر ئەو شارەیە ، کە ئەمین فەیزی دەست نیشانی کردووە :ـ

ئەحمەدی کۆر شاری سابلاخە
بەیتێکی داخەو بەیتێکی باخە

چـــەند وێنـــەیەك لـــە هۆنراوەکانـــی ئـــەحمەدی کـۆر

١ ـ دولبەرادایم

دولبەرا دایـم دەناڵم دەم بەدەم شامو سەحـــەر
جارێ ناپرسی لە حالم چاو عقابی خۆش خەبـــەر
چاو عقابی مەهـ جەمالی دژمنـــــی کفرو زیـــلالی
نوری سری لا یزال کاشـــفی شق القمـــــر
کاشفی قـــەمـــەر شافعـــی رۆژی ئەئیمـــــی
فاتحی دەرگـــــەی نەعیمی/انت لي/نور البصـــر/
تۆی بنای هەردووچاوم وا فیدات بـێ جسمو ناوم
هەڵگیراوە خواردو خەوم ، خواردنم بوینە زەهـــر
خواردنم خوێنو زوخاوە ، سەبرو هۆشم لێبراوە
ئاتەشی دڵ وا بەتاوە مسلی شەمعی نیوفەنـــەر
من لەبەر پەومی مەماتم دی کە قابزی بوو حەیاتم
وا خەجەل بوو هۆشو ماتم نامێنێ هۆشو خەبەر
نامێنێ هۆش لەو سەعاتەی دەفتەری دونیام دراتێ
روح دەچێتە جێی نیهاتێ ، نامێنی مەیلی پـــدەر
نامێنێ مەیلی جیهانم دێتە جنبـــش روحو جانـم
کۆرو لاڵچی بێ زوبانە هل تلجـأ ماء القطـــر
ئـــاخ لەبۆ قەترەیی ئاوە ، لەو دەمەی دونیا تەواوە
شاهو دەرویش تۆپێك جاوە ، قد دخلت في القبـر
بۆ قیامەت قەبرە ماڵم دێن مەلایك بـۆ سوئالـم
رەبی تۆی موخبیر بەحاڵم نەمخەیە سەر رێی خەتەر
کێت پەرستووە ، کوا ئیمامت ، مەزهەبو دینو کەلامت ؟
حەشرو میزانو مەقامت ، بێ بەیانکەم ئەم خەبەر
بێ بەیانکەی سری قەلبی ، سا خودایە تۆ تەبیبی
من بڵێم ئەڵلایە رەبی ، وا خەلاس بین لەو خەتەر
وا خەلاس بین لەو مەقامە ، ئاخری دونیا تەمامـە
جەمعی ئومەت خاسو عامە ، رێی خەتەرمان دێتەبەر
دەشتی مەحشەر دێتە ناڵە ، ئاگرو پولو زوخاڵـە
باب لە فەرزەندی بێزارە ، ئەو لەبەر شینو چەمەر
ئەو لەبەر گریانو شینە ، قالوا یا ربی رضینـــا
کوا محەمەد شای مەدینە ، بۆچ لە خەوتا بێخەبەر
بۆچ خەبەردار نابی لێمان ، قەلبی ناسوتێ ئەو پێمان
یەك هەزار ساڵ حەشرە جێمان ، دەستە ئەژنۆ قوربەسەر

٢ ـ دولبەرا زۆر

دلبەرا زۆر لە فیراقت دڵ دەناڵی وەك روبـــاب
بۆ دوو ئەبرۆی میسلی تاقت بەندی جەرگم بوو کەباب
بوو بە بریان توی دەروونم چاو پڕ ئەسرین دڵ زەبوون
مجنون ئاسا بۆت جنونم لێم حەرام بـــو خواردو خواب
خـەوو خـۆراکم چ نینـــە رەحمەتـــەن لیلعالەمیـــن
روحـــم کـە بە منی حەزینە با کۆتا بێ ئەو عـــەزاب
بـا کۆتا بێ داغو دەردم نالەنـــاڵو ئـاهی ســاردم
بێ ئـەجـەل ئـەز بۆ تۆ مردم ، بمدەرێ جامی شەراب
بالـە بەیـان لاچی حیجابە ، مەحبووبە رۆژی خیتابـە
مـن دەکـەم وا خـۆم حیسابە ، کەمترین تر ئەز کیلاب
کەمتریـن تر لەو سەگانەت لەو سەگانەی پاسەوانت
روحی من قوربانی گیانت، گوڵ روخی ، روخ ئافتاب
ئەشهەبی ئەز شەوقی عالم ، سەروەری ئەز نەسلی ئادەم
چارەیێ بـۆ رێی نەجاتم ئـەی شاهی عالی جـەنـاب
کۆرە ئاســا دڵ بەتاوم لەتلەتە جەرگو هەنـــاوم
وا بە عیشقی تۆ سوتاوم ، کەوتمە   حاڵی ئیزتیراب
حاڵ پەریشان بێقەرارم ، خەستە تەن دڵ سوختەدارم
ئەو قەدەر بێئیختیارم ، نایەتە حـــەددو حیســـــاب
بێحیسابـــە شینو رۆرۆم ، خاکی ژیر سەگی تـۆم
ئـاوی چاوانم وەکی چۆم ، خەلق دەکەن لێم ئیجتناب
ئەحمەدی کۆری هەژارە ، چاو لە رێگەی لوتفی یـــارە
هـەند بـۆ دیدار ئینتیزارە ، تشنە ئاسـا بهـەر ئـاب

ئەحمەد موختار بەگی جاف



ئەحمەد موختار بەگ کوڕی وەسمان پاشا ، کوڕی محەمەد پاشا کوڕی کەیخسرەو بەگ کوڕی سلێمان بەگ کوڕی عەبدوڵلا بەگی جافەو نێـــوی دایکیشی عادلە خانمە ، کە لە زەبرو زەنگ‌و رامیاری‌دا بەنێوبانگ بووە ٠

ئەحمەد موختار لە ساڵی (١٣١٦)ی کۆچی لە شارۆچکـەی هەڵەبجـەدا هاتۆتە دنیاوە ، نێوابراو لە قوتابخانەدا خوێندوویەتی‌و زمـانی کـــوردی عەرەبی‌و فارسی‌و هێندێک ئینگلیزیشی زانیوە ، کە بەهۆیانـەوە دەروازەی هەموو جۆرە هونەرێکی وێژەیی بەجارێکی لەسەر کرایەوە ٠

ئەحمەد موختار لە تەمەنی بیست ساڵیدا هاوسەری بۆ خۆی خواستووەو لە (١٩٢٢)دا بۆتە قایمقامی هەڵەبجەو لە (١٩٢٤)دا کراوەتە نوێنەر لە کۆری دامەزراندنی دەولەتی عیراقیو لە جڤات (مەجلس)ی نوێنەراندا بووە هەتا ساڵی ١٩٣٥ ٠

لە (٥)ی شوباتی (١٩٣٥)دا ئەحمەد موختار لەوکاتەدا ، کە بە کەلەك چۆمی سیراونێی دەپەڕیوە گولەیەکیان لێداو دڵیان لە لێدان راگرتو تەرمەکەیان لە تەنیشت گۆری تاهیر بەگی برای لە ئاوایی ئەبابیلەدا ناشت ٠

زۆر لە هۆنەرانی کورد کوژرانی ئەحمەد موختار بەگیان لەلا گران بووەو جەرگیان بۆی سوتاوە ، بۆیە بەهۆنراوە سۆزو کسپەی دەروونیان بۆ دەربریوە، لەوانە عەلی کەمال باپیر ئاغا ، پیرەمێرد و هیدی ٠

ئەحمەد موختار بەگی جاف لە بەندیخانەوە ئەم نامەیەی بە هەڵبەست بۆ شیخ مەحمودی نەمر ناردووە :ــ

سەبا عەرزی خلوسیو بەندەگیمو هەم دوعا خوانی
ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سلێمانی
بلێ قوربانی تۆبم ئەی سەلاحەددینی ئەیوبی
بەزۆری پەنجە وەك حەیدەر بەسیما یوسفی ثانی
لەدەس کافر نەجاتمان بوو (بیحەمدو)یللاهـم وەلمیننە
لەسایەی دەستو تیغو هیمەتی تۆ شێری یەزدانی
خوداوەندا بە لوتفی خۆت لە چاوی بەد بەدووریکە
بەجاهی سەیدی مورسەل بەروحی شاهی گەیلانی
لەپاش ئەو ئیحتیرامانە بلێ بەو شاهی دەورانە
چ جورمێکی هەیە ئەحمەد کە کردووتە بەزیندانی
ئەگەر شایەد لە خزمەتتا خراپی ئەو بووە سابیت
بە لوتفی خۆت عەفوی کە،چونکە هەر خۆت ساحیب ئیحسانی
کە جورمیشی نیە تاکەی لە حەپسا دانیشێ قوربان
لەتەنهایی لە بیری چۆتەوە ئادابی ئینسانی
ئەگەر داوای کەفیلی لێ دەفەرمووی حازرە یا خود
مەلیك تەقیین ئەکا سەدجار بە ئایینیو بە ئیمانی
هەتا مردن وەکوو بەندە لە خزمەت شاهی کوردستان
حەیاتی خۆی فیداکا بۆ هەموو ئەمرێکو فەرمانی
من ئەم حەپسەم لەلا فەخرە بەشەرتی سەروەری کوردان
لە حەق ئەم بەندەیەی خۆیە بمێنێ لوتفی جارانی

بەزاتی پاکی بێهەمتا بەنووری ئەحمەدی مورسەل
جەنابت سوێند ئەدەم قوربان بەگشت ئایاتی قورئانی
بە لوتفو مەرحەمەت ئەم بەندەیەی خۆتە عەفو فەرموو
ئەتۆ سەرفی نەزەر فەرموو لە جورمو سەهوو نسیانی
لە لوتفی تۆ زیادتر هیچ پەناهێکی نیە (موختار)
بەکاری هیچ نەهاتن دۆستەکانیو خزمو خوێشانی

دیوانی ئەحمەد موختار بەگ ، لاپەرە ٧١و٧٢

چەند وێنەیەکی دی لە هۆنراوەکانی ئەحمەد موختار بەگ

« لەخەو هەلسن »

لەخەو هەلسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهێدی فەزل و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبو بێکەسو مەزلووم
بەگورجی قەتعیکەن ئەو رێگە دوورەی وا لە بەرتانە
بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیخی دوژمنتان
هەموو ئانو زەمانێ عەینی قەلخانو سوپەرتانە
بەخۆرایی لە دەستی بەرمەدەن ئەم خاکە شیرینە
کە تۆزی وەک جەواهێر سوورمە و کوحلی بەسەرتانە
بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە کوردینە
تەماشای سێبەری ئەم شاخو کێوانە لەسەرتانە
بەبێ قەدری بەسەریا رامەبورن حورمەتی بگرن
گولالە سورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە
دەمێکە ئەم وولاتە وا ئەسیری پەنجەی جەهلە
لە سایەی عیلمەوە ئەمرۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە
زمانی حالی (ئەحمەد) هەر ئەلێ ووریابن ئەی خەلکە
بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەلماسو گوهەرتانە

دیوانی ئەحمەد موختار ، لاپەرە ٣٣

« بەخوا شیشەی دڵم »

بەخوا شیشەی دڵم دایم لە بادەی عەشقی تۆ کەیلە
لەداخی سەروی باڵات ئەشکی چاوم هەروەکو سەیلە
موحەقەق دڕک‌و داڵی دەشتی بەکراوایە گوڵنازم
کە چونکە جێگەیی نازو (غەرامی) (حەزرەتی) لەیلە
نیگار سالاری ملکی نازکی‌و حوسنە لە عالەمدا
لەناوی (زومرە) مەه روویان شوکر ئەو ماهە سەرخەیلە
ئیتر با قوڕ بەسەر من دەستەو ئەژنۆ کۆشەگیری کەم
ئەڵێن یاری دڵ ئازارم لە هەق ئەم بەندە بێ مەیلە
لە سایەی تیخی ئەبرۆی تۆوە جێگەی جەننەتە (ئەحمەد)
رەقیبی سەگ سیفەت ئەلحمدوللا مەسکەنی وەیلە

دیوانی ئەحمەد موختار ، لاپەرە ـ ٢٨

وەنەبێ ئەحمەد موختار هەر لە هۆنراوە هۆنینەوەدا بەهرەدار بووبێت بەڵکو دەستێکی باڵای لە ویژامەدا (نثر)دا هەبووەو شاکاری (مەسەل ویژادنی) بۆ جێهێشتووین ٠

ئەحمەد موخلیس

نێوی ئەحمەد موخلیسە کوڕی ئەمینی ناڵبەندەو باوکی خەڵکی ئامێدی بووە ، ئەحمەد موخلیس لە ساڵی (١٨٩٠ ـ ١٨٩١)[*] کۆچی‌دا لە بامەرنی هاتۆتە دنیاوە ، لە تەمەنی شەش ساڵی‌دا لەلای دایکی خۆی کە فاتمەی نێوبووە قورئانی خوێندووە ، جا لە ئامێدو دهۆکو زاخۆدا شەریعەتی تەواوکردووەو لە ساڵی (١٣٣٥)دا بوو بە مەلای گوندی بێدهێ ، کە کەوتۆتە سەر سنووری تورکیا ، لە ساڵی (١٩٢٤)دا تووشی ماڵوێرانی دەبێت‌و ڕوودەکاتەوە تورکیەو هەر ساڵێك لەوێ‌دا دەمێنێتەوەو دەگەڕێتەوە گوندی رویسێ‌و دەبێتە مەلای گوندەکەو هەر لەوێش ژنێك بۆخۆی دەخوازێت‌و دوو کورو سێ کچی لێ دەبێت ، ئەحمەد موخلیس ڕوودەکاتە گوندی‌بێکوڤا و دەبێتە مەلای گوندەکە ، جا ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە و دەچێتە خشخاشی‌و مەلایەتی لەوێ دەکات ئەحمەد موخلیس یەکەم پارچە هۆنراوەی خۆی بۆ مریەمی دەشتانی هۆنیوەتەوەو دەڵێت :ـ

ئاهـ‌و فیغان ئەڤرۆکەنە ، عومری مە بووری بتشقـەلە

ئیش‌و ئـەلەم پشکا مەنە ... داپم بعشقێ موبتـەلا

لە ساڵی (١٩٦٣)دا ئەحمەد موخلیس بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژینی خۆی هێناوەو بە چەقۆیەك خۆی کوشتووە .

(*) لە نێو ئەو دەسنووسەی ، کە لە کاتی خۆی‌دا بەهەشتی باوکم کۆی‌کردۆتەوە ساڵی لەدایکبا (١٣٠٨)ەو لە بەرهەمەکەی مامۆستا سادق بەهادین (هۆزانڤانێت کورد)یش هەمان بەرواره ، بەڵام لەو کتێبەی ، کە سعید دیرەشی کۆی‌کردۆتەوە پێشەکی بۆ نوسیوەو بەنێوی (ڤەفتەك ژ هۆزانێت ڤالبەندی)یە ، ساڵی لەدایکبوونی لەنێوان ساڵانی (١٨٨٥ ـ ١٨٩٠)ی داناوە .

ئـــاخ (ئاه)و فيغان

ئاخ (ئاه)و فيغان ئەڤروکەنە
عەمرێ مە بوری ب تەشقەلا
ئیش‌و ئەلەم پشکا مەنە
دایم ب عشقێ موبتەلا
دایم ب عشقا دولبەرێ
کەڤتی مە چەرخا جەنجەرێ
کو ژ موحبەتا رەنگ ئەسمەرێ
دین بوون دوسەد شیخ‌و مەلا
گەردەن ژ قەندیلێ ڤەدا
شوعلێ شەفەق دا سەرحەدا
یا رەب چ نیعمەت بو تەدا
فەجرا سەحەر بۆ مەنجەلا
دیمێ شرینێ سوورو زەر
بسک‌و کەزی بەردانە سەر
ئەڤرو هەلات فەجرا سەحەر
بلبل دوەن بانگ‌و سەلا

ئەحمەد میرازی

ئەحمەدیّ شەویّش میرازی لە سالی (١٨٩٩)دا لە گوندی توتال ، کە نیّزیکی بایەزیدی تورکییەیە هاتۆتە دنیاوە ٠ لەسەرەتای ژیانیدا زانستو زانیاری لە مەلایانی گوندەکەی خۆی فیّربووە ، لە سالّی (١٩١٢)دا دەچیّتە خویّندنگە ، لەم ماوەیەدا شارەزای دەسنووسی ویّژەیی کوردی بوو ، وەك مەمو زینی ئەحمەدی خانی ، لەو ماوەی ، کە لە بایەزیددا دەبیّت دۆستایەتی لەگەلّ مەلا مەحموودی بایەزیدیدا پەیدا دەکات ٠

ئەحمەد میرازی خویّندنی سەرەتایی بۆ تەواو ناکریّت ، چونکە لە سالّی (١٩١٨)دا لەگەلّ خیّزانانی دی بایەزیدیدا مشەختو ئاوارە دەبنو تا شاری تبلیس دەگەن ٠

دوای سەرکەوتنی دەسەلاّتداریّتی سۆڤیّتی بەسەر ناوچەی قەفقازدا ، ئەحمەد سەرلەنویّ خەباتی کردووە لەپیّناو ژینیّکی نویّدا ٠

لەو کاتەدا لە تبلیسدا ، کە پایتەختی کۆماری گورجستانی سۆڤیّتیە ، کۆمەلیّك کوردی ئاوارە کۆببوونەوە ، ئەم کوردانە بە رەزامەندی کۆماری گورجستان چەندین کاری رۆشنبیری و رامیاریان جیّبەجیّکرد ٠ یانەیەکیان بۆ پیّکهیّنان لەم سالاّنەدابوو جموجۆلّی ئەحمەد لە پیّناوی ووشەی کوردیدا ئاشکراو دیاربووو لەسەر ئەم ئەرکە پیرۆزەیدا بەردەوامبوو تا لە سالّی (١٩٦١)دا دواماڵئاوایی لیّکردین ٠

ئەحمەد میرازی لە ساڵانی بیستەکـــاندا وەکـــو هۆنـەریـــک نێوبانگی پەیداکردبوو هۆنراوەکانی لەسەر زاری ئەمو ئەودا بوونو زۆربەشی لە رۆژنامەی ریا تازەدا بڵاوکراوەنەتەوە ٠

لە ساڵی (١٩٣٥)دا ئەحمەد میرازی بەنێوی (زەمانێ چوی) چاپکردووە ، کە ژینی کوردانی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەخاتەروو ، لـە بـواری بێمافیو نەبوونی کورد ئەو کاتەدا ٠ لە ساڵی (١٩٦٦)دا ، بەواتا لـە دوای کۆچی دوایی‌کردنی‌دا یادداشتەکانی بڵاو کرانەوە ٠

١ ـ گولا رەخ کانیێ

تە دگۆت ، سۆرگولەکە ، هێشین بویە لـــرەخ‌کانیێ ،
بەژنا بلند ، سورەتێد سور ، زێر لـــئەینێ ،
ئەو ئەنی قەرقاشترە ژ بەرفا بەلەکیێ ،
ئەز ئاشقم ، بەندەوارم ، سەبخاترێ ئەڤینیێ ٠
ئەو هەیی گولەو سورگولە ــ گولا ئالە ،
ژ دەستێ وێ زەلامێ ، ئاشق دکە نالە ــ نالە ،
لـــفەنا میا تە نەمایە ، سەر بەرخێدا ئەو بکالە ،
لێ نزانە ، ژ دەردێ وێ لاو بەدحالە ٠
کانی ژۆرڤا دکەلەو دخول‌خولە ،
گولە لـــرەخ هنگی دچە دچلقلە ،
جار ژی هەیە لـــدور کانیێ دململە ،
قەت نزانە ، دلێ لاوك بـــدەردو کولە ٠
لاو فکریو شەوتی دحالێ خوەدا ،
گۆ :ــ هەتا کەنگێ ، بشەوتم دئەشقا تەدا ؟
ــ ئۆرتا واندا ژ موهبەتێ برقەك ڤەدا ،
ژ یارا دەلال ئەوی بهیست ــ جابو سەدا :
رەنگ‌دا گولم ، لـــرەخ کانیێ سەکنیمە ،
هەفتێ سال تەمام ، لـــسەر لاوکێ خوە بەنگیمە
ئەشقا لاوك ئەز سۆتمەو دحەلینە ،
گاڤا ئەوی ئەز نابینم ، ئەقل سری من نامینە ؟
هەردوو بەنگی ، یەك بـــدلێ یەکی حەسیا ،
وەکە مژا کو نشکێڤا رابە ژ سەر چیا ٠
پێشبەر سەکنین ، یەك بـــیەکیرا کەنیا ،
د ئاخرییێدا بو مرازێ دلێ هەردوویا ٠

٢ ـ چما نایێ ؟

نایێ ـ نایێ ، ئەز نزانم چما نایێ ؟
چما بـ ئەشقێرا ئەز کەتمە ڤێ بەلایێ ؟
دلی بەنگیە ، دکم ناکم نایێ رایێ ،
دبە کو ئەز خولقیمە بو دەرداو جەفایێ ؟
وی شەفایی چقاس رۆژە دکشینم ،
گەلەك وەختە ، خەونێدا ژی وی دبینم ،
دل دەرزیە ، بـتو تەوری نا جەبرینم ،
دبە کو ، دبێژە : « ئەزێ ئەوی بجەربینم .
وەکی ئەوا گلیا راستبە گەلەك خوەشە ،
ئەزێ شابم ، روح ژ قالبێ من ناکشە ،
کور برینە وێ دەرمانکە ئوسا کفشە ،
مینا کولیلکو سۆسنا وێ ژ منرا بنەقشە .
بنەقشە ، تو رەنگێ گولبە دەلالیا من ،
گەلەك وەختە ، گەلەك جەفا تە دایە من ،
لێ توپێ کەنگێ روحو تاقەت بینی بەر من ؟
ببی حاکیم ، دەرمان بکی ، برینێد من ؟
برین کورن ، ئەو گەلەکی وەرمینە ،
ئەو زالم ژی بێیسافە هنگی دچە دهەرمینە ،
ئەز نزانم ئەوێ کەنگێ من بیر بینە ؟
ڤەگەری بێ ، دەرمانێ دل بـخوەرا بینە ؟
وەرە ، وەرە ، تو ڤەگەرە ، ئینساف بکە ،
دەردو کولا ئیدی لـمن زێدە نەکە ،
زمانێ فەسادو فنونا سەر مە درێژ نەکە .

ئەم هۆنراوانەم

لە کتێبی « عەفراندنێد نفیسکارێدا کوردێد ئەرمەنیستانێیا سۆڤێتێ »، چاپی یەریڤان ، ١٩٦١ ، لە لاپەرە (١٥٦ ـ ١٦١) وەرگرتووە و بەسەرهاتیشی لە زمانی رووسییەوەم وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی ، کە لە سالی ١٩٧٦ دا لە یەکێتی سۆڤیتدا لەگەڵ بەسەرهاتـی چـەندین شاعیـری دیدا کۆمکردبوونەوە ، کوردستان .

سەید ئەحمەدی نەقیب

سەید ئەحمەدی نەقیب کوری شێخ مەحمودی نەقیبە ، لە سالیٚ (١٢٨٠)ی کۆچی‌دا لە سلێمانی لە دایکی‌بووەو هەر لەوێش‌دا خوێندوویەتی‌و پیٚ‌گەیشتووە ، لە تەمەنی شازدە سالی‌دا باوکی کۆچی‌دوایی‌کردووەو سەید ئەحمەد لە جێی ئەودا کراوەتە نەقیب . سەید ئەحمەد ئیستەمبوڵی دیوەو حەجیشی کردووە ، لە بابەت دین‌و شەرحەوە هێندێك کتێبی نوسیوە ، بەلاّم چاپ‌نەکراون ، دیوانی هۆنراوەکانی بەشی زۆری کۆکراوەتەوە ، بەلاّم بەتەواوی دەست‌ناکەوێت ، زەوقی ئەدەبی هەبووە ، ئەهلی مەشرەب‌و پر زەوقیش بووە لە (١٣٢٨) کۆچی‌دا دوامالی‌ئاوایی‌کردووە :

لە لاواندنەوەی شێخ سەعیدی حەفیددا ، کە لە موسڵ شەهید کراوە گوتوویەتی :ـ

ئەو روقعە شەترەنجە کە فەرقی نەمایەوە
شاماتە پیاوی حاکمە خرپی بەشایەوە
وەقتێکی پیرە زاڵە ئەو ئادەمە لە بۆری زاڵ
فەرقی لەبەینی عالی‌و سافلی نەمایەوە
لێرەن لە تیپی ئارەق‌و فسق‌و خومارو ساز
شەیتان رەفیقتانە بەخۆی‌و عەبایەوە
تاریخی وەفاتی ئەو شەهیدە ، کە پرسیم لە حالی‌زار
جوابی منی مەلولی بە مەغفوور ئەدایەوە

ئەم چەند دیرە هۆنراوانەی خوارەوە لە غەزەلێکی سەید ئەحمەد دەرهێندراوە :ـ

وەرە لادە لە دنیایی لەمەو لا رووت لەمەولابیٚ
دڵ‌و جان‌و وجودت هەر نەتاری شاهی لەو لابیٚ
تەریقەی قادری یا نەقشبەندی هەر دوو رێی حەقن
عیلاجی قەلبی قەلبت کە ، چ لەم لابیٚ و چ لەو لابیٚ
بە سەڵتەی سورمەوە خۆی بائەدا وەك ژن ئەلیٚ پیاوم
کەسیٚ مەردە ، کە توێی ساحیب تەجەلا بیٚ
لە نوری رۆژی عورفان بیٚ‌نەسیبە ساحیب دونیا
کەسیٚ هەر دەبیٚ (ئەحمەد) ، کە لەم خەلقە تەوەلابیٚ

سەید ئەحمەدی نەقیب بە زمانی عەرەبی‌و تورکی‌و فارسیش هۆنراوەی هۆنیوەتەوە ، ئەم بەسەرهات‌و هۆنراوانەی نێوبراوم لە سەید نوری نەقیب پرسیوەو سوودم لە کتێبی (ولاّتی سلێمانی ، لاپەرە (٢٣٨ ـ ٢٣٩) وەرگرتووە ، گیو .

ئەختــــەر

نێوی ئەمین کوری حاجی بەکر ئاغا بووەو لە بنەماڵەی حەوێزییان بووەو لە ساڵی (١٢٥٥)ی کۆچی‌دا هاتۆتە دنیاوە ، لە تەمەنی پازدە ساڵی‌دا لـــە جێگەی باوکی‌دا ئاغایەتی کردووە • زۆر بەزەوق بووە ، شەو بەئاهەنگ رۆژی کرۆتەوە • ئەختەر بە زمانانی کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی هۆنراوەی هۆنیوەتەوە •

لەسەردەمی والی تقی‌الدین پاشادا « ئەمین » هۆنراوەیەکی داشۆریـــن لەسەر سولتان دەهۆنێتەوە بۆیە والی نێوابراو بیانووی لێ‌گرت و بۆحلـــەی دوورخستەوەو سێ مانگ لەوێ مایەوە ، هەتا نامق پاشا والی بەغدا کردیـــە قایمقامی رانیە ، ئەختەر لە ساڵی (١٣٠٥)دا کۆچی دوایی دەکات •

١ ـ روحی شیرنیــم

روحی شیرنیم لـە بۆچ ئـەمرۆ وا لوتفت‌نییـــە
نـوری بینای چاوەکانـم پێم بڵێ سوچـم چییـــە
بێ‌قەباحـەت لێم زویری چاکە ئینسافت هـــەبێ
تاکـو نەمرم خـۆ مەحاڵە روینم لـــەم قاپیـــە
خوێن لـە چاوانم خرۆشا وا فەوارەی بـەستووە
نابێ جاری بێیە سەر ئـەم حەوزو جۆگەو کانیە
ئاگـری عشقت وەها کوورەی دڵی هێناومە تـاو
شێت‌و شـەیدای کردووم ئاگام لە دونیایێ نییە
واعزی دوێنێ لـەسەر مینبەر وەها وەعزی ئـەدا
هەرکەسێ یاری نەبێ تەحقیقە عومری فانیـــە
قازی‌و موفتی کە دوێنێ نیسحەتی منیان ئەکـرد
ئـەمرۆ قازی موتریبەو ساقی جەنابی موفتیـــە
زاهیـدو سۆفی ئەگـــەر دەستی بەدامانی بگـا
خـەرقەو تەسبیح‌و تاج‌و تەیلەسانی بۆ چیــە
ئەی (ئەمین) بیستومە ئەمرۆ یار خەڵاتی کردووی
سا وەرە ئەمجا ئەتۆ بمرە لەسەر ئەم خۆشیـــە

٢ ـ (من ئەزانم ..)

من ئەزانم چاوەکانت ملکی دین ویـران ئەکـەن
پەرچەمو ئەگریجەکانت قەسدی جسمو جان ئەکەن
دینو دلیان بردووم ئیستەش لە کۆلم ناگەریـن
هێندە غەددارن بە ناحەق ئیدعای ئیمان ئەکـەن
عەسکەری هیندە بە ئیمدادی سپاهـ سالاری چین
هاتوون لەم سەرحەدە قەتلـی مسلمانان ئەکـەن
ئەفعا ئاسا زلفەکانت گرتیان دەوری قـەمـەر
سـا قەمەر دەر عەقرەبە بۆیە وەها جوولان ئەکەن
ئەم سپاهـو لەشکرە جوملەی موتیعی ئەمری تۆن
تـو کە تەمبیان نەکەی زولمێکی بێئامان ئەکەن
رۆژی مەحشەر من شکاتت لێبکەم غەدرت چیە
جارێ ناپرسی کە ئەم مەزلومە بۆچ تالان ئەکەن
تاکـە من تەنیا ئەسیری زولفـو خەتو خالی تۆم
سەد هەزارانی وەکو من وێلو سەرگەردان ئەکەن
چاوەکانت رشتوون فەتوا بە قەتلی من ئەکـەن
عیدی قوربانە ئەمن زانیومە ، من قوربان ئەکەن
وامقو مەجنوون (ئەمین) ناوت بە ریسوایی ئەبەن
چونکە خۆیان کافری عشقن بەتۆ بوهتان ئەکەن

ئەخـــۆل



ئەحمەد کوری دەروێش کوری عەبدوڵلا ئاغای پژدەری‌یە لە سلێمانی لە سالی ۱۹۱۱دا لە گەرەکی دەرگەزێن هاتۆتە دونیاوە ٠

ئەخۆل شارەزایی لە زمانی کوردیو عەرەبیو فارسی‌دا هەیە ، ئەگەرچی هەر هەتا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە ٠

لە سالی (۱۹۲۹)وە دەستی بە هۆنراوە هۆنینەوە کـردووە ، هێندێک جار بە تەخەلوسی (بێ‌نەوا) ش هۆنراوەی هۆنیوەتەوە ٠

دوو دیوانی چاپکراوی هەیە :ـ

١ ـ پەیمان‌وشیوەن لە سلێمانی ، ١٩٧٠دا چاپکراوە ٠
٢ ـ دیوانی ئەخۆل ، سلێمانی ، ١٩٨٤ ٠

بولبول بەهارە ٠٠

بەهارە بولبول ٠ بولبول بەهارە
سەرەتای‌سەودای نالەیی زارە
وەرە بنالین بەجووت لەشەودا
ئێمە شەو بێدار بێ‌خەم لە خەودا
وا بەری بەیان سفیدەی نووانە
ئەمو تاریکی لە گولشەن رەوانە
دەشت‌و کێو بەگول وەک بووک خەملیوە
بەرگی بووکێنی تازە پۆشیوە
هەوری بەهاری لە گەردو خۆلدا
چیمەن گەردانەی شەونم لە ملدا
لاگیرەی زێرە قیتاری گولزار
هەیاسەی پشتە زنجیرەی رووبار
بەرزا پرچی پەخشان کردووە
شنەی بای شەمال شانەی کردووە
نێرگس بەپەنجەی بادەی لەیلا خان
رووپۆشی لادا سەرمەست‌و خەندان
پەرندەش لەسەر لقی درەختان
هەریەک ئاوازی ئەلێن بۆ بەیان
پۆر بە کناچەو قومری بە ئاواز
بوون بەدوو یاری‌هەم دەردو هەم راز
کەو بەقاسپەقاسپ کۆتر بە هات‌هات
لەدل دەردەکەن مینەت‌و فیراق

جریوەی چۆلەکەو شەقەی باڵی مەل
وەك مۆسیقایە لەم کەل بۆ ئەو کەل
قووقەی کەڵەشێر دەنگی بانگ دەران
لە ئەرز تێپەری گەییـە ئاسمـان
ئاسمانیش وا چـاو دەکـاتــەوە
دنیای پڕ لە تەم روون دەکاتــەوە
وەرە من و تۆیش هامزارو هـامدل
من شێتی پەرچەم تۆ شەیدای رووی گوڵ
تۆ برۆ سەرچڵ من لە پای کوهار
خوڕ خوڕ برێژن فرمێسکی خونبار
تێروپڕ بگرین یەك دەنگ و ئاواز
تا وا خول ئەدا گەردونی کەچ بـاز
هەتـا پاڵ ئەدەین بەلای مەرگـەوە
بەسوی زامـانی سینەو جەرگـەوە
تاکو دەچینە باوەشی دایکی خـاك
بە ئاهی سەردو بەدڵی خەمنـــاك
بپارێینــەوە لــە لای خــودامـــان
بەڵکو بێتــە بەر گـولی هیوامـان

ئەسعد موحوی زادە



نێوبراو بەم جۆرەی خوارەوە بەسەرهاتی خۆی نووسیوەتەوە :ـ

(مەلا ئەسعەد کوری مەلا خالد کورەزای مەلا محەمەدی مەحوییە ، خەلکی دێی (بالخ) ، تابعی ناحیەی ماوەت •

لە عومری هەشت سالیا چۆتە حوجرە تا (١١) یازدە سالی ، لە یازدە سالیا ، کە تصادفی (١٩١٢) دەی ئەفرەنجیبووە چۆتە مەکتەبی اعدادیە لە شاری سلێمانی دەوامی کردووە، تاوەکو حکومەتی تورک سلێمانی چۆل‌کردووە، لە پاشا چۆتە مەسلەکی فەقێیەتێوە ، تا سالی (١٩٢٦)و علومی عقلیەو نقلیەی بە باشی تەواوکردووە ، لە خزمەت جەنابی شیخ بابا عەلی تەکیەی ئیجازەی علومی وەرگرتووە هەر لەو سالەدا • لە سالی (١٩٣٦)دا ئیمتحانی مدرسی داوە ناجح بووە ، فەرمانی ملکی بۆ هاتۆتەوە •

ئێستە لە سلێمانی لە خانەقای باپیری ـ مەحوی بە تدریسی عیلم مەشغوولە ، لە ژوورو دەر بە مەلا چاک مەشهوورە شاعرێکی زۆر باشەو شیعری زۆر بەرزی هەیە لە وەتەنیو غەرامی ، بەکوردیو بەعەرەبی ، تقریبا عەرەبیو فارسیو تورکی غەیری زوبانی خۆی ، کە کوردییە ئەیزانێت •

غـەزەلێکی ئەسعەد مەحوی‌زادە

نەگبەتی من وا نیشانەی هۆزی نەگبەت بارمـە
بـەختی شومی تیرەکەم کردەی دەسی سەرکارمە
بو بـە دیلی نیشتمانی مـژدەبێ رۆژی جـەزا
ئاگری کوورەی ئەزەل تاجی سەری سەردارمـە
وا لە ئێشی کوردەوە جەرگ‌و دڵم بوون بەخوێن
وەلوەلەی مەحشەر نموونەی دەنگی گریەو زارمە
هێندە حەسرەت ناکی کوردم، گەر بڵێم باوەربکەن
دووکەڵی روویی زەمین ئـاهی دڵی غەمبارمـە
گەرچی ئەسعەد لالە رەنگی کاری مەردانە نیـە
لالە رەنگی من برالـە چاوەکـەی بیمارمـە
بـەحری نیلی چاوەکانم شێوەیی گـوڵ نارێـە
خەرمەنی سوتـاوی جەرگـم شاهیدی غەمبارێە
دڵ لە ئێشی نیشتمـانی کورەییـەکی نارییـە
کـوا نەسیمی وەسڵەکەت بینێرە ، دەردم کاریە
مەیخەرە رۆژی حەشر توو‌بی‌خـوا ئەم زاریـە
بۆ وەتەن فەوتاوە دڵ ، قوربانە شینم بۆ مەکەن
بەرگی خوێدینی وەتەن کافیمە ، کفنم بۆ مەکەن
حاجەتی وەعزەێ ینیە ، تەلقینی دنم بـۆ مەکەن
وا لە رێی عیشقا ئەرۆم‌و باسی ژینم بۆ مەکەن
ئەو حەیاتەی سەرفی ئەو بێ مایـەی هوشیاریە
بەردو داری شاخەکانت ئەی وەتەن گوڵزارمە
بێ نەسیمت تەن لەجان‌و جان لەتـەن بێزارمـە
بـۆ ئەسیری تۆیە دایـم شین‌و گریـەو زارم
خوێنی مغـدوری شەهیـدان بـاعسی ئازارمـە
هەلـە بۆتۆ قورِ ئەپێوم بـەم دڵەی غەمبارییـە

★ ★

جەژنی قوربانە سبەینێ کوردە رۆژی سۆزمـە
جێژنە پیرۆزی لە دڵما نالەیی جـان سۆزمـە
ئەم جلی والایە (بۆمـن) ئاگری دڵ سۆزمـە
بـۆ گولاڵەی رۆژی کوردە شیوەنی نەورۆزمـە
ئەهلی زانین (اسعد)ا مەیلی بە گریەو زاریـە

ئەسعەد نەقشبەندی

شیخ ئەسعەد نەقشبەندی کوری شیخ محەمەد سەعید کوڕی شیخ هیدایەتوللای نەقشبەندی خالدی کوڕی ئیسماعیل ئاغا کوری شا عەبدولکەریم کوری شائیسماعیلیە ٠

ئەسعەد لە هەولێر لە سالی (١٨٣٤)دا هاتۆتە جیهانەوە و خوێندنی زانستی هەر لە هەولێر لە خزمەت باوکی خۆیدا لە خانەقای خالدیدا ، کە هی خۆیان بووە تەواو کردووەو لە پاشان چووە بۆ ئیستەنبول و نێزیکێتی پاشاکانی تورکیای دەکرد ، بەتایبەتی سولتان عەبدول حەمید ، بەلام سولتان لیی دەترساو مانکێك چاودێری لەسەردانا ، جا بەریزەوە ناردوویەتەوە عیراق بۆ (هەولێر) ٠

لە دوای کۆچی دوایی کردنی سولتان عەبدولحەمید ، سولتان رەشاد دووبارە بردیەوە ئیستەنبولو روتبەیەکی زۆر نایابو بەرزی پێبەخشی، کەلێك لە کەورەکانی ویو خانەوادەی سەلتەنەتی بوونە ژێردەستەی ویو لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری خۆیدا نێوبانگی دەرکردبووو دانیشتوانی تورکیا خۆشیان دەویست ٠ کە مستەفا کەمال هاتە ناوەوە تا دامەزراندنی خۆی زۆری رێزی لێدەناو بەرادەیەك ئەسعەد هیوای پەیداکردبوو [1] ، بەلام، کەمستەفا کەمال دەستی بەهەلکرتنی شوێنەواری موسلمانێتی کردو لەگەل کورددا هەلویستی ناتەواوبوو ، ئەسعەد نەقشبەندی بەدزی کۆمەلەیەکی لە چەند سەد هەزار نەفەرێك لە کوردانو لە تورکە بەدینەکان رێکخستو تۆبو بۆمباو شێستتیرو بە هەزاران تفەنك و فیشەکی بۆ ئامادەکردن ، دوای رێك خستنی هەموو ئیشێك ، بریار وابوو ، کە لە ئیستانبول دەستپێکرا لە هەموو لایەکەوە دەستپێبکەن ، بەلام جێکەی کۆمەلەکەیان لێئاشکرابووو هێندێك لە سەرکردەکانی ئەم شۆرشە لەنێو ئەشکەوتێك دابوون دوو ئەفسەرو چەند سەربازێکیان سەربری ، ئەوسا هەموو سوپای تورکیا کەوتە ژێر ئاگادارێوە ، بەشەو هێزێکی سوپایی زۆرەوە دەوروبەری کۆشکیان داو شێخ ئەسعەدو شێخ عەلی کوری کیرانو رەوانەی ئەزمیر کران و(٤٥) چلوپێنج سەر کردەی کوردیش لەگەلیاندا دیل کرانو هەموو چەكو نیو ملیون لیرەی کۆمەلەش حجزکرا ٠

له کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٣٠)دا فەرمانی لەسێدارە دانی شێخ ئەسعەد درا لە کاتێكدا کە شێخ لە تەمەنی (٩٦) ساڵیدابوو • شێخ فەرمووی : « ئێوە فەرمانی لەسێدارە دانی منتان دەرکرد ، سوپاس بۆ خودا ، کە فەرمانی ئێوە لەسەر من جێبەجێ ناکرێتو ئەو حەسرەتو ژانە با هەر لەدلتاندا بمێنێت ، ئەوا من خۆم دەچمە حزوری خودای خۆم » • شێخ ئەسعەد ئەم ووتانەی تەواوکردو پێڵوی چاوەکانی لەسەر یەكدانا و کۆچیدوایی کرد •

شێخ عەلی ئەفەندی کوری لە کاتژمێری حەوتدا لەگەڵ چلو پێنج سەر کردەی کوردەوە خنکێندرانو دوای ئەمە (٧١) حەفتاویەك کورد خەریك بوون تۆڵەی ئەم قوربانییانە بستێننەوە ، ئەوانیش گیرانو لە سێدارە دران •

بەرهەمەکانی شێخ ئەسعەد زۆرن ، بەڵام نێوی ئەوانەی خوارەوە دەستکەوتوون :ـ

١ ـ دیوانی ئەسعەد ـ فارسیو تورکیە ، ٦٩ لایەرەیەو چاپکراوە •
٢ ـ المکتوبات الاسعدیة في الطریقة العلیا ، تورکیەو چاپکراوە •
٣ ـ الرسالة الاسعدیة في الطریقة العلیا ، تورکیەو چاپکراوە •
٤ ـ کنز العرفان في الحدیث (هەزارو یەک فەرمایشتە) •
٥ ـ رسالة تەوحیدی بە عەرەبیە •
٦ ـ شەرحی نصوصی حیکەم (لە تەسەوفدایە) •

١ ـ شاهێ ، کەروخی

شاهێ کە روخی غبتەیی خورشیدی سەما بێ
عاشق دەبێ فەریاد رەس لوتفی خودا بێ
ئەی شەمعی شەبستانی من ئەی نوری درەخشان
پەروانە سیفەت گیان بەجەماڵی تۆ فیدابێ
مومکین نییە ئەسڵەن نە لە شاهی نە لە شاری
ذوقی کە لە دەرگەهی لە راهی تۆ پەیا بێ
مەجنونم ئەگەر مەیلی بەقای ناوونیشان کەم
نێچیری دڵ ئەر بەستە بە زنجیری فەنا بێ
باکی نییە قوربان نە لە کفرو نە لە ئیمان
دیوانەیی زولفی تو کە سەرمەستی لیقا بێ
ناکا بە دەوای حکمەتی لوقمان تەنەزول
ناخۆشی دووچاوت ئەگەر ئەربابی زەکابێ
صوفی بە تەمای باغو بەری جەنەتە ئەسعەد(*)
حاشا بەبێ رەنجو جەفا زەوقی سەفابێ

(★) ئەو غەزەلەم لە دیوانی ئەسعەدی ، کە فارسیو تورکیە دانەدانە کوردیشی تێدا هەیەوەرگرتوە •

٢ ـ ئەی دڵ

ئەی دڵ سەرگەشتە تاکەی تالیبی دونیا دەبی
روو رەشی دەرگەهی حەق بێچارەو رسوا دەبی
نەختێ تێفکرە لەدوایی کێندەرێت جێگا دەبی
ژێری قەبری تەنگ‌وتاریك مەلجەئو مەئوا دەبی

جاوو دفنی مە دەبیتە مالی مارو مێروان
بەندی پشتو دەستو گەردن یەك بەیەك لێك وا دەبی
قوربەسەر عەقلی نەفامت هەر لە ئەوەل تا ئەبەد
فێڵو حیلەو مەکرو فعلت یەك بەیەك ئیفشادەبی
غەیری تاعەت چی دیکەت نامینێ یادی ئەی نەفام
خۆشی خۆشینە بە مەکری دامی دونیای بێ دەوام
ئاخری موحتاجی کفنی گەر ئەویشت دەس‌کەوێ
تو کە پۆشیوتە کەشیدەو کەوڵو قاپوتو کەوێ
خۆت مەدۆرینە لە روی دونیایەکی وا بێ‌رەوام
من ئەوا رۆیم لەلاتان کەیفی خۆتە وەسسەلام

ئەسعەد هەوایی

(مەلا ئەسعەد مەلا حەمەمین)

(١٩٠٣)

مەلا ئەسعەد کوڕی مەلا حەمە ئەمین هەوایی کوڕی مەلا ئەحمەدیە لە ترپە سپیان ، کە کەوتۆتە باشووری هەولێرەوە لە ساڵی ١٩٠٣ دا پێی ناوەتە جیهانەوەو لە مزگەوتاندا خوێندوویەتی‌و هۆی سەرەکی هەوەسی هۆنراوە دانانی خۆشەویستی‌و ئەڤین بووەو لە ساڵی ١٩٤٤دا کۆچی دوایی کردووە ٠

له سالآنی دوایی تەمەنیدا گۆشەگیربووە بۆیە خەلکی وای تێگەیشتوون تێکچووە ، بەلام ئۆکەرەوەی ئەم بەرهەمە وای بۆ چووە ، کەوا لەبەر بێهیوایی شکاوەتەوەو هیچ زیانێکی بۆ خەلکی نەبووەو شەوان لە گومبەزی گۆرستانی ئیمام محەمەد لە هەولێردا نووستووەو رۆژانیش زۆر ژینێکی ئاسایی هەبووە و لەسەرەخۆبووە ٠

چەند وێنەیەک لە هۆنراوەکانی ئەسعەد

ئەی یاری عەزیزم بەسە ئەم جەورو جەفایە
تا کەینێ بچێژم جگەرم بەندی ٠٠٠ پسایە
ئاساری سروشکم لە روخم زاهیرە هەروەک
بەفرێکی سپی خوین بەسەردا ، کە رژایە
تا دوێنێ لەگەل من گەلێ بێ فەرقو جودا بووی
ئەمرۆکە وەفاو عەهدی قەدیمت چ ٠٠٠ غایە
یا بمکوژە یەکجاری بەدوو شیری برۆی خۆت
یا مەمکوژە بمبەخشە ، کە نەفعێکی ٠٠٠ تیایە
بۆ رەغمی رەقیبم وەرە شادم کە بە ماچێ
سەندوقی سەرتە بێسەبەب دەفعی بەلایە
ناشادی مەحزونی بەسە نۆبەتی فەسلە
بی فەسلی ویسالت هەم دەمو دل لە تکایە
رووگرژی لە ئەسعەد مەکە بێرەیبە کە بۆ تۆ
هەرچەندی بلێی عەبدێکی بێعەیبو خەتایە
مەعلومە دەزانم ، کە چ یارێکی عەجیبی
شۆخێکی ، کە چەند نەرمو لەتیف چ لەبیبی
لام وایە دەبێ تۆ کە پەریزادە بی قوربان
یا حوری بەهەشتبی کەوا بە ئەدەبو نەجیبی
قوربانی خودامە کە ئەگەر یارێکی وەک تۆ
بۆم حفز بکاتن لە بەلای چاوو رەقیبی
بێ عەیبە لەلای من پەلەدارو گەرِبی
تیمار نەکەری نەدۆستو نەتەبیبی
مومتاز لەخوبان لە جیهەتی حوسنو جەمالت
وەک دوری بەقیمەت گەلێ نایابو غەریبی
سەد روحی رەوانم لە کەیفی خۆشی دەدەم گەر
یاریکی وەکو تۆم کە ببیتن بە نەسیبی
چاک وایە بە ماچێک دلی (ئەسعەدی) شاکەی
تا بدرێ سگی ناحەزیو هەم وورگی رەقیبی

ئەسکەرێ بۆویك

ئەسکەرێ بۆویك لە گوندی کوانداکساز لە ساڵی (١٩٤١)دا هاتۆتە دنیاوە ، کونداکساز کەوتۆتە خواروی کێوی ئاراگاس ، نێزیکەی (١٢٠) سەدوبیست خێزانی کوردی تێدا نیشتەجێیەو داب‌ونەریتی کوردەواریان پێرەو کردووە ٠

نێوبراو خوێندنی سەرەتایی لە گوندی خۆیدا تەواودەکات‌و بۆ خوێندنی خوێندنگەی نێوەراست روو لە گوندی ئەلەگەز دەکات‌و لە ساڵی (١٩٦٦)دا پەیمانگەی کشت‌وکاڵی سەر بە یەریڤان تەواو دەکات ٠

لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە خوێندنی باڵا وەرگیراو بوو بەخوێندکاری پەیمانگەی ئابوری کشت‌وکاڵی ، لە ساڵی (١٩٧٥)دا پلەی دکتۆری لەم زانستەدا پێ‌بەخشراو لە هەمان پەیمانگەدا بەشارەزایەکی زانستی وەرگیرا ٠

بەرهەمە وێژەییەکانی وەك هۆنراوەو چیرۆك لەسەر لاپەرەی رۆژنامەی ریاتازەدا بلاّودەکاتەوە ، دوو کۆمەڵە هۆنراوەشی چاپکردووە :ــ

١ ــ شفەرێ ، یەریڤان ، ١٩٦٦ ٠
٢ ــ کولیکێ چیا ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ٠

چەند وێنەیەك لە هۆنراوەکانی ئەسکەرێ بۆویك

هەرم

رابم
رابم
هەرم جەم وێ
هەرم جەم وێ
لڤێ شەڤێ
هێدی
هێدی
بکوتم ئەز
خەونا گەڤەز
پەنجەرا وێ ٠٠
ئو وەعدێ وێ
گۆ : کەرەمکە ،
ئەزێ بێژم :
ببەخشینە
وەعدی کەنییا
ئەزێ بێژم :
دلی دینە
وەعدێ سۆر بو
ئەزێ بێژم :
زۆر ئەڤینە ٠٠٠
وەعدێ هێرس بو
ئەزێ بێژم :
من شاش کرییە
ببەخشینە (*)

(*) لە دیوانی شفەرێ ، لاپەرە (٢٣و٢٤)دا وەرگیراوە ٠

دیـــا خـــوەرا

ئاڤـا باخچەدا بنێرِ ڤێ دارێ (*)
چەوا رەز گرتیە مێل بیە وی کارێ
باخڤانجی دایە بەر ملا خشمار
وەکی نەتەوە ئەو بن هـەقـا بـار
لـۆ ، دیا منە جان ، ئەزی چەوادار
بکەڤمە بن وان ملێ تەپـە چـار ..
وەکی سـەرێ تـــە
مقـوم بلندبــە
چەڤێ من بـەرا بیبن
قەیکـا تە ناف چەڤێ مـــن
شێلـو نـەکـە تـو بـەرێ
وەکی چـەف نەیّی گرتـــن

هێســرێ بــوکێ

چەعڤێ تەرا کولـۆل دڤـن (*)
ئـەو هەسرێ دورو لال
دلێ تەدا گولـەك ڤـەبیە
سـەر بلبلێ گالــە ـ گال
بگـری بگری ، گری نینە
ئەز حزدکـم گریی تـــە
ئـەو بارانە بهارییە
کو چەل ، کولا ئـاف ددا
بـاران بـە گولو سۆسن
هێسر دڤن حوب و زار
دلێ تەدا گولەك ڤەبیـە
ئاڤـرە بـوان چلێد ئال

(*) لە کۆمەڵە هۆنراوەی «شڤەرێ» ، لاپەرە ـ (٢٠و٢١) وەرگیراوە ، لـــە سالی ١٩٦٦دا لە یەریڤان چاپکراوە .

(*) لە لاپەرە (٢٢)ی دیوانی شڤەرێ وەرگیراوە .

ئەسیری

نێوی عەبدولخالیق کوڕی شیخ حوسەینی نەقشبەندییە لە سالّی (۱۸۹۰) دا لە شاری کەرکوک هاتۆتە دنیاوە ، خوێندنی زانستی ئایینی لە حوجرەو قوتابخانان‌دا تەواوکردووە ، پلەی زانستی ئایینی لە مەلا عەلی حیکمەت سیامەنسووری وەرگرتووە ، لە سالّی (۱۹۱۳) ، گەشتێکی بەنێو شارانی (سلێمانی ، بانەو سەقزو سنەو کرماشان‌و هەمەدان) داکردووە ، لەم گەشتەدا فێری چەندین جۆرە زانیاری بووە • لە سالّی (۱۹۱۹)دا لە شوێنی باوکی خۆی دانیشتووە ، لە سالّی (۱۹۳۵)دا بە نووسەری یەکەم لە دادگەی شەرعی کەرکووک دامەزراوەو لە سالّی (۱۹۵۸)دا خانەنشین‌کراوە • لە سالّی (۱۹٦۲) دوامال‌ئاواپی لە جهانی رۆشن‌کردووە •

ئەسیری لەگەل ئەوەی هەستیار بووە ، بابەتی زمانەوانیشی هەبووە ، بۆیە دەسنووسی دوو فەرهەنگی لەدوای خۆی بەجێ‌ماوە •

چەژنە پیرۆزە

جەژنت پیرۆزبێ ئەی کوردی گوردی باوەفا
سەدجەژنی وابدینی بەدڵ خۆشی وسەفا
دەستی موبارەکت بدە لەم رۆژە بیکوشم
ئەم رۆژی دەس گوشین ووتەی خۆش مەرحەبا
....
....
ئەم رۆژە رۆژی کۆمەل وبەزمو زەماوەنە
ئەم رۆژی دەس گوشین ووتەی خۆش مەرحەبا
پەیمانێ بێتو تا لەم رۆژە گەر گرێ درێ
لاوی گرێدەری بەئاواتی دڵی ئەگا
چەژنی هیوای گەل بێ (ئەسیری)یە دل دەڵێ
پیرۆزبی جەژنی تۆ ئەی کوردی گوردی باوەفا

پڕ دلم دەردە

پڕ دلم دەردە برادەردێکی چۆن
داڕزاوە دڵ ، سەرم کاسە لە بۆن
رۆڵە ئەم داماوییەم بۆ خۆم نییە
ماتەمو رەنجم لە بەردا رۆژبتون
سەیری ژاپۆن کە چلۆن سەر کەوتوون
دوێنێ هەستاون لە خەو ئەمڕۆ لە کۆن
کارکەری هێندە زیادی کرد لەوان
رووسەکان ئەمڕۆ لە بۆیان سەرفرۆن
وا لەسەر دەریایی دا گر بەرزئەین
ئەفڕنو پەروازئەکەن هەروەك هەڵۆن
کردەیی کاری ئەوانە پڕ جیهان
کەلپەلو بەللووریاتو رۆتو بۆن
بەم هەموو سەرکەتنەو کاروبەرە
دیینانئێستا کە هەروا دینی کۆن

عیلمه میللەت ژوورئەخا

گەر شەوەی جەهلی تەکەبوووریتکێشێ سەرناکەوێ
گەرمو جەهەزیی بەعیلمو مەعریفەت قەت ناکەوی
بۆ سەعادت جدو جەهدی پێدەوێ سەیرو سەبات
راحەتی روحت بوێلاوی وەتەن هەڵناکەوێ
فێری عیلمو فەنو صەنعەت بی تەکامولکەی لە دیت
هێندە زۆر گەورە دەبی دەستت بەدەس کەس ناکەوی
مەسکەنو جێگەت دەبێتە قیبلەگاهی خاصو عام
هەروەکوو قوطبی جیهان بۆ دەیدەتی بەرناکەوی
مانعی سەرکەوتنت هەر موشکلێکت هاتە پێش
خۆتی تێخە قەت مەترسە ادنەبی دەرناکەوی
عیلمە میللەت ژوور ئەخا جەهلە وەتەت بەرباد ئەکا
تووشی ئەربابی حەهل بی حەق ئەوە لێی لاکەوی
رۆحت ئالوودەی عیلمبێ جوانە عەقلو فیکری تۆ
گەر (ئەسیری) تووشی عیللەت بی لەبەر غەم داکەوی

ئەم عالەمە

ئەم عالەمە زۆری وەکو مـن شێتو نەفامە
خۆی لا وەکو شێخە ، وەکی تر هەر بەکەلامە
پێم وایە کەسێ قەولی لە فعلی ، کە جودابێ
هەروەک منە ، قاچاخە ، قسەی هەر بەولامە
وا مەسلەحەتە هەرچی ووتی تۆبە لە پاشان
تەعقیب هەواو نەفەسی نەکا یەعنی وەهامە
دڵ ئاوی نەبێ ، زەرعی نییە ، دیمە نەهاتە
وەک باغێ ، کە پەرژینی نەبێ ، عەینی شەقامە
ئەم رێگەیە بۆ سەرفی سەرو ماڵی موریدە
تا تەرکی نەکەی نەچیە سەر ئەم ئەمرە مەهامە
پۆشینی سەرت پۆشە بەریانی مەدە یاهوو
ووریابە لە سوتانی عەمەل بانگ کە لە مامە
خوا عالیمە چەند ساڵە ، کە شیخ قوتبی زەمانە
بروانە ئەوەلێتی رەقەمی هەر بە سەلامە
هەر سۆفی ، کە سەربالی مونەقەش لە عەمەل بێ
بۆ مەعشەر ئیخوانیە ، مەعلوومە ئیمامە
بۆ (ئەشکەیی) وەک سەمع لە دیوانی دڵیدا
خۆشم دەوێ ئەو زاتە ، کە خۆشەویستی خودامە

ئـەشكــەیی

نێوی ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی شەریف لە تیرەی سمایلە کوێرەیە و لە ساڵی (١٨٩٩)دا لە(ئەشکان) هاتۆتەدنیاوەو قورئانی پیرۆزی خەتم کردووەو زمانی فارسیو تورکیشی خوێندووە ٠ لە تەمەنی بیست ساڵیدا هــەوەسی شیعردانانی دەکەوێتە سەریو دەستی بەغەزەل خوان کــردووە ، خــاوەنی دیوانێکی کوردی و فارسی (٢٠٠) لاپەڕەییە ، ماوەی نۆ ساڵ لــە قەلادزێدا مامۆستا دەبێت . لەدواییدا بەزۆری دەیکەنە موختار ، تەخەلوسی شیعــری (ئەشکەیی) ، (موختار)و (لافاو)ە ٠

خــوێنی جگــەرم

خوێنی جگەرم ووشکــە لەنێو قالبی تــەڕدا
لەم گێژییەم رویشتووە روحــم لە خـەتــەردا
وەک کومگی ئەسحابــە لەسەر فەتحی دژی شام
سێ خــاڵی هێناســەرم ، ئەمنی بــە قــــڕدا
ڕێبــازی هەڵاتــن نییــە ، ناچــارە ئەسیــرم
ڕۆژ ماتمو شەو ئیشکــەچیم تاکــو بەفــەردا
لێــو تاقــەتی بزوانو زمان فرســەتی هــاوار
تێماوە دەروونی نەفسو دڵی هــەردوو بەشــەردا
رووم کردە خــەیالاتو تــەدابیــرو تــەفەنــون
بــۆ مــانو نەجــاتو فەرەحی زییــا گــەردا
روانیمــــە عەقل یەعنی ئــەتو بێــژە دەڵێی چی
بــەدزی لە هەموو قوەتی خۆی ئــەمنی خەبەردا
لەم بەینــە ئەگەر بوو بەهەرا (ئەشکەیی) دزبی
هەر لا کە زەبوون بوو لەسەر ئەم دینەو بەردا

ئـەمیـر صاحبقـران

نێوی صالح زەکیەو تەخەلوسی شیعری (ئەمیر)ە [*] ، لە (٦)ی ئازاری (١٨٨٦)دا لە هەڵەبجەدا لەدایکبووە ، قوتابخانەی سەرەتایی‌و روشدییەی خوێندوەو لە ئیستەمبولیش قوتابخانەی جەنگی تەواو کردوەو پلەی ئەفسەری لە سالّی (١٩٠٧)دا دراوەتی‌و لە شەری یەکەمی جیهانی بەشداری کـردووەو لە (١٩٢)دا گەراوەتەوە عیراق‌و کراوتە قایمقـامی ئـاکـرێ‌و لـە سـاڵـی (١٩٣٥)دا بۆتە پارێزگەری سلێمانی‌و جا هی هەولێر ٠

نێوبراو لە ساڵی (١٩٢٦)دا گۆڤارێکی کوردی و فارسی‌و عـەرەبی‌و تورکی بەنێوی (دیاری کوردستان) لە بەغدادا پەخش‌کردووەو ، کە دانـەری ئەم بەرهەمە لەگەڵ داماو موکریانی کاکی‌دا سەریان لێداوە نەك فـەرش‌و رایەخ‌و کورسی‌و مێز بەڵکو حەسیری تەواویشی نەبووە ، کە بۆ سێ کەسانی رابخات‌و ماڵێکی رەش‌و رووت‌و ئاتاجی هەبووە ، لەگەڵ ئەوەش‌دا لە خزمەت‌و چاپەمەنی‌دا کۆتایی‌نەکردووەو لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٤دا کۆچی دوایی کـــردووە ٠

(*) گیوی موکریانی ئەم بەسەرهاتەو هێندێک باسی تایبەتی دی لـــە بەغدا لە ماڵی صاحبقران ساڵی ١٩٤٣دا نوسیوەتەوە ٠

صالح زەکی بەگ لەو هەڵبەستەی خوارەوەیدا نیوەدیرە هۆنراوەی خۆی تێهەڵکێشی هەلبەستی حافزی شیرازی کردووە هەرچەندە نیـــوە دیرەکانی حافز دلدارین ، بەلام هی وی لە نەتەوایەتی لای نەداوە :ـ

ئەگەر ئـەم کوردە نازدارە بەگەردش بێت لە دونیـــادا
بە خـالی هیندوەش بەخشەم سەمەرەقەندو بوخارارا
بەزیو بۆتانو وێران شار سلیمـانی سنــــە نــاگـــا
کە ناری ئابی روکتابادو گولگـــەشتی موســـەلارا
لە عەزمم لا نەدا فەوتام بەتالان چـوو سەرو مـالـــم
چونان بردند صبر از دل کە تورکان خوانی نەعیمـارا
وەکو دووری یەتیم بێگەردو غەش بیکری گەردەنی تۆی
بەئـابو رەنگو حال چ حاجـــەت رویی زیبـــارا
لەجیوەی تۆ حەقە ترسی عەزیزانی عەسری قوربـــان
کە عشق ئەز پەردەیی عیسمەت بیرون آرەد زولیخارا
هەتاکـەی قەدری خـۆت نازانیو نانوێنی حـەیرانـم
کە کەس نەگشودو نەگوشایەد بەحیکمەت این موعەمارا
دەسـا هـەڵسـە وەرە مەیـدان دەلێـن دەگـــرێ
جوانانی سەعادەتمەند پـەندی پیری ··· دانـــارا
بەلۆمــەو قەهری تۆ رازیم کە تـۆ شاهو حوکمرانبی
جواتی تەلنح می زیبـەد لــەبی لەعلی شەکــەرخـــارا
قسەت حافز گەلێ خۆشە ئەمیر ئەمرۆ وەهـا چاکـــە
کە بەر نەزمی تو ئەفشاند فەلەک عەقدی سورەیارا

ئـەمیـن دزەیی

نێوی قادر بووەو لە کۆیە هاتۆتە دنیاوە ، بەڵام کەوتۆتە نێو دزەییانو نەخوێندەوار بووە ، حەزی لە دانشتنو کۆبوونەوەی رۆشنبیران کردووە بۆیە هامشۆی کردوون ، حەزی لە کچێك کردووە و لە دەوروبەری ساڵانی ١٨٥٠و ١٨٥١ دا لەسەر ئەو کچە کوژراوە ، فانی غەزەلێکی ئەمینی تەخمیس کردووە:

بـە تیرەی غەمـزەی چـاوی خومـارت دڵ برینـدارم
وەکو بولبول لەسۆ دیـداری خونچـەی گـوڵ بە ئـازارم
لـە چینی پـەرچـەمی تـۆدا زەلیلو زارو بیمـارم
ئـەسیری محنەتی هجرانی تـۆم ، یـاری وەفـادارم
کوژراوی خەنجەری مژگـانی تـۆم محبـوبی نـازدارم

حەیاتـــم وا لە عیشقی تـۆ فەنـا بـــوو باعسی ژینـــم
دەسـا رەحمێ بکـە قوربـان وەرە جارێك بـا بتینـــم
هەتـا ماوم بکـە فیکـرێ بـەحـالـم روحی شیـرنیـــم
عیـلاجیکـم بکـە ، دەردم گرانــە قبلـەکەی دینـــم
نــەوەك بمــرم بـەناکـامی غولامێکـی ئـەمـەگدارم

بە لەنجەو نازو عیشوەی روح بەسەد رەنجو مودارەت چوو
دڵی مسکین لە قەیدی یار لەژێر ئەمـری نــەزارت چـوو
جەفای هیندە دام شۆخـم ، وەفـام گشتی خەسارەت چـوو
لە هجـری چاوەکەی مەستی دڵو دینم بەغـارەت چـــوو
میســالی شیخی ســەنعــانی خـەریکی دێـــرو زنـــارم
زەلیلو خەستەو رەنجەو ئەسیری داوی تــۆم قوربـــان
بـەشوعلـەی پرتۆی رووی تـۆ دڵـم سوتـا بووە بریـــان
بە مەجنونی لە دووی تـۆ هەر دەسورێم پیشەمە گریـــان
غـەریبو بێنەواو بێکەسو مـەحـزونو سـەرگــەردان
بـــەچینی حـەلقـەیی زولفی سیاهی تـــۆ گرفتـــارم
وەکـو سەروێکی ئـازادە قەدو باڵاوکـەمــەر بـەستـت
دڵـم لەتلەتبـووە جانـــا بە زولفی ماری دل گـــەستت
تـەنو دیـنو روحو ژینم فیـدای خەنجـەری دەستـــت
سـەرو ماڵـم بە قوربانی پیاڵـەی چاوەکـەی مـەستـــت
وەرە خێـرت دەکــاتێ بمکـوژە لـەم عومـــرە بێــزارم
بـەقوربان چی بەسەرهات عەهدو پەیمانو وەفـای ســاڵان
لەبـۆ رەحمت نەما دەرحەق زەلیـلو حەپسو بێچـــاران
بەسە گوێ مەگرە چیتر گفت و گۆو بوختـــانی ئەغیـــاران
فیدای لەعلی لەبت بم بێنـە یادت شەرتەکـەی جـــاران
بکـە رەحمێ بە فرمێسك و دڵۆپەی چـــاوی خوێنبـاران
دڵی زارم بـــرینــــدارە ، بـــەگریـەو زازو رۆرۆیـــە
زەلیـــلو بێنـــەواو چاوەنـوری رەحمـــەتی تۆیـــە
عیلاجی دەردی بێدەرمـانی فـــانی شـــەفەقەتی تۆریـــە
(ئـەمین) هەتاکـو دەمـرێ ئینتیزاری قـامـەتی تۆیـــە
لەئـەو دەردە خـەلاس نابـم ، هەتا خۆت نەبیـە خەمخۆرم

ئـەمین سـەرگەڵویی

نێوی محەمەد ئەمینە لە ساڵی (١٨٦٥)ی زایینیدا لە سەرگەڵوی سەر بەسورداشی سلێمانی هاتۆتە دنیاوەو کوری حاجی مـەلا مەحمـوودی سەرگەڵویە ۰ زانستو زانیاری عەرەبی لە خزمەت باوکیو زانایانی ئاییـنی ئەوسای شارانی سلێمانیو کەرکووکی تەواوکردووە ۰ لە ساڵی (١٨٩٥)دا چۆتە ئیستامبول و بە ئیمامی تاپووری لەشکری عیراقی دامەزراوە ، لـەدوای هەڵگیرساندنی شەری یەکەمی جیهان بۆتە موفتی و بۆ سوریەو لوبنـانو ئیستانبول نێردراوە ، بۆ پشوودان روو لە کەرکووک دەکـات ، کـەچی نەخۆش دەکەوێتو لە ساڵی (١٩٢٥)دا دوا ماڵئاوایی دەکاتو لە گۆرستانی ئیمام محەمەد دەنێژرێت ، ئەمین بە زمانانی کوردیو عەرەبیو تورکیو فارسی هۆنـراوەی هۆنیوەتـەوە ۰

چەند وێنەیەک لە هۆنراوەکانی

- ١ -

یار دەڵێ بۆچی لە خۆشی نامری وا دێمە لات
من وتم دێنی لەگەل خۆتا مەگەر ئاوی حەیات
بێ وەفایی تۆ لەپێشا کوشتمی ئەی روحەکەم
من بریندا ری جەفای ئەوسامو قوربانی جەفات
بۆ دەوای دەردم وتم جارێ وەرە سەر چاوکەم
نیوە گیانی ماوە ئەی گیانم فیدایی خاکی پات
تۆ لەسەر ماچێ دەرتکردم غەریبو بێنەوا
دڵشکانم چانەبوو قوربان لەسەر قەندو نەبات
ئێستەکەش نزدیکە مەرگم توخودا هەروەرە لام
تا وەفاتم ئەی حەیاتم بێ بە قوربانی وەفات
مەرحەمەت فەرموو بلا با بێ نەوایان بێنەوە
لازمە هێندێ رعایەت هەر یەکی ماچی خەڵات
قامەتت کوتایە بۆچی چونکی تۆ عومری منی
یاخودا سینەم هەردف بێ ئەمێنم بۆ باڵات
چاوەکانم چاوە چاوی چاوی ئاهو چاویە
چاوەکەم دەرهاتو جارێ چاوەکەی من هەر نەهات
پەرچەمی شەوبۆی لەسەر ماهی بەئاهم لادرا
رۆژی روخساری کە دەرکەت ماهو روخیشی هەڵات
بو جیهادی کافران هاتم گرفتارم بەداو
وا ئەسیری چاوی کافر چاوەکەم نابێ نەجات
مودەتێ پیری تەریقەتبوو (ئەمین) بەو دەردە چوو
دەک حەلەب ژێرو زەبەر بێتو لەگەل حومسو حەمات

- ٢ -

سەروی سوهەیە قاوەتی ، یا تازە نەمامە
تۆپی گوڵە رووومەتی یا ماهی تەمامە
ئەو غونچە بەنازە دەمە یا قەندو نەباتە
ئەو گەردەنە مینایە پەری ئاوی حەیاتە
فینجانە لەسەر سینەی یاقووبەیی زیوە
لیمۆیە مەمەی باخەڵی یا سێوی دزیوە
سەیری بەدەنی نازکی چەندێ شلو شاوە
چین چینە لەسەر رووومەتی ئەو پەرچەمە خاوە
شەیداو پەریشانی دوو ئەبرۆی کەمانم
غەدارە چ بێ رەحمە لە دینی بەگومانم
لەو سێوی زنەغدانەو لەو نەقرەیی خامە
بەم شاعیرە بێ کامە بڵێ مەقسەدی کامە

بۆ وەسڵی تۆ ئەی شوخ نەبوو یەك نەفەسێکم
بەو داخەوە مردنم کە نەبوو دادرسێکم
ئێوارە هەتا وەختی سەحەر مەستی خەیاڵم
فەردا کە دەبێ مونتەزری روویی بە خاڵم
ماچێ بدە پێم موژدە کە نەزدیکە وەفاتم
مەعلومە وەفاشت نییە قوربانی وەفاتم
خاڵی دەمەکەت قاتلمە بیدەرە دەستم
هەرچەندە شەهیدی ئەزەلی رۆژی ئەلەستم
رسوای جیهان بووم هەتا ماوە حەیاتم
هەرچەندە فەرەنگی لەدێ هەر بتەماتم
ماچی گەرەکە دایە ووتی نالی حەرامە
وەی رۆکە چ بێشەرمە لەلای خۆشی ئیمامە

ئەمیـن شنۆیی

میرزا محەمەد ئەمین کوڕی حاجی ئیبراهیم کوڕی حەمەد خەلیلەو لـــە تیرەی (کازمی)یەو دانشتووی شاری شنۆیە بووەو ساڵانی تەمەنی هـــەرە دوایی بە جۆتکاریو تووتنەوانی بردۆتەسەر ، چونکە زەوییەکی زۆری لـــە باوکـــەوە بۆ مابـــۆوە • میرزا محەمەد ئەمین ماوەی سێ ـ چوار ساڵان بۆتـــە مامۆستای منداڵانی زەرزاو بەنێوی میرزاییش هینـــدیک کـــاری فەرمانڕەواییشی کردووەو کاتی خۆی لەنێو ئەدەب دۆستاندا بردۆتە سەر •

بەتیری قەوسی ئەبرویت ، کە ئەمڕۆ زۆر بریندارم
بەچاوی مەستی جادویت ، گەلێك ڕەنجورو بیمارم
بەقەیدی دامی کیسویت ، وەکو مەجنون گرفتارم
تەبیبانی جیهان با بێن ، بکەن چارەی دڵی زارم

بەکەس نایێ‌شەفای دەردم مەگەر بەو شۆخی دڵدارم
وەکو بولبول لە عشقی گوڵ مەکانم گۆشەی باغـە
لەباتی بولبوڵان چبکەم لە گوڵشەن‌دا سەدای زاغـە
دەروونم لەت‌لەتە جسمم ئەگەرچی زاهیری ساغـە
بەخاڵانت قەسەم جەرگم سەراسەر نوقتەیی داغـە
لەتاوی دەردی خۆم هەرشەو هەتاکو رۆژێ بێدارم
وەکو بادی سەبا بۆنی گوڵی یـارم لەبـۆ دێنێ
لەلای من تاقەت‌و سەبرو قەرارو هۆشی نـامێنێ
سەدای بولبول‌و قومری دڵو جەرگـم دەسـوتێنێ
ئەگەر وەختی سەحەر بولبول‌لە عشقی گوڵ دەناڵێنێ
لـە عشقی رووی لەیلای وەکو مەجنونی دێوانـە
دڵم بۆ فیکرو ئەندوهی تۆ بۆتە مەسکەن‌و لانـە
مەکانم هەر لە کێوانە لـە عالەم بوومە بێگانـە
لە وەسلی رووی شەمعی‌دا دەسوتێ گەرچی پەروانە
ئەمن دایم دەسوتێم‌و لە عومـری بێ تـۆ بێزارم
لە عشقت‌دوو بەڵام تووش‌بوون پەرێشانی‌و سەودا سەر
تەبیبی دەردی عشقی من ئەتۆی ئەی نازەنینی دلبەر
لـەنێو شنۆیی بێ ئەنیس‌و مونیس‌و رەهبـەر
نەخۆشی دەردی هیجرانە ئەمینی بێ‌کەس‌و بێ‌دەر
حەکیم دەرمانی نازانی وەرە یـاری وەفـادارم
سەربلنـدم لـە ئـەزەل منی دانـا کـورد
ساحێبی غیرەتن ئەو قەومە وەکو رۆستەمی گـورد
هەرکەسێ پەنجـە لەپەنجەی مـەدەدا یـارەبی
دەست‌وو پـەنجەی بشکێ ، ملی لەبندا ببێ هورد

★ ★ ★

ساحیبی غیرەت‌و ناموس‌و سەخی‌و تەبع‌و غـەنی
ناندەری ئێرثە لە بۆ وان لەگەڵ خواردن‌و خورد
حەیف‌و حەسرەت کە لەبەر دەردی نفاقیە لەپاش
یا رەبی بۆچی نیفاقت لەنێو ئەو قەومە نـەبـرد
من (ئەمین)م لـە شنۆ ئاخـری رۆژێکی خـودا
هەڵدەکا نوری چراغێکی لەبۆ میللـەتی کـورد

ئـەمین عـەبدوللا

نێوی محەمەد ئەمین کوری شیخ عەبدوڵلایە ، لە سلێمانی لە ساڵی (١٣٠٦)ی کۆچیدا لەدایك بووە ، لە سەردەمی عوسمانیاندا ئامادەیی مولکی تەواوکردووەو لە زانیاری کۆنیشدا شارەزایی پەیداکردووەو لە شەری یەکەمی جیهاندا پێنج ساڵان سەربازی کردووە ، لە رێگەی نیشتماندا زۆری خەبات کردووەو چەند جاریك بەدیل گیراوەو هەمیشە پشتگیری خواستەکانی شیخ مەحموودی کردووە ٠ لەو کاتەدا ، کە کراوەتە باجگر ، رازی نەبووەو بەم بۆنەیەوە ئەم غەزەلەی داهاتووی هۆنیوەتەوە :-

بولبولی عەهدو ٠٠

بولبولی عەهدو وەفاتم ، بۆ لە گوڵزارم ئەکەی
سەروی ئازادم بەراستی بۆ لە جویبارم ئەکەی
من لەژێر باری سەفەردا شانی سەبرم تێکشکا
وا لەسەر ئەم بارەوەش تۆ بۆچی سەربارم ئەکەی
ئەهلی عیلمو مەدرەسەو مزگەوتو تەکیەو خانەقام
تۆ بەئەهلی دۆزەخو هەم ئەهلی ناو نارم ئەکەی
من لەبەر سەبرو تەحەمول سەڵتەنەت پەشمەلە لام

★ ★ ★

خۆم لەگەڵ باشکاتبی مابەینی شا ناگۆرمەوە
تۆ بە مەئموری کەرانەو باجی بازارم ئەکەی



ئەنوەر مایی

ئەنوەر شێخ تایەر مایی

(١٩١٣)

ئەنوەر شیخ محەمەد تایەر لە ئازاری سالی (١٩١٣)دا لە گوندی ماهی هاتوتە دنیاوە ، لە خێزانێکی ئایینیدا پەروەردە بووە ، تەمەنی دوو سال بووە ، کە باوکی کۆچی دوایی‌کردووەو دایکی بەخێوی‌کردووەو زانستو زانیاری ئاینیشی لەلای شێخ مەزهەری نەقشبەندی مامی ، کە سەرۆکی ئایینی خێلەکەیان بووە وەرگرتووە ٠

بنەمالەی ئەنوەر شێخ تایەر بەزانستو زانیاری سێ سەدە سالێک لەمەوبەر نێودار بووەو زانایانی ئایینی وەك عەبدوللا ماهی‌و مەلا عەبدولقادرو شێخ قاسمی ضریرو هی دیکە تێدا هەلکەوتووەو هەمووشیان دیوانی شیعریان بە زمانانی کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی هەبووە ، بەلام کۆچ کردن‌و لانەوازی سالی (١٩٢٣)یان بۆ هۆی لەنێوچوون‌و سووتانی کتێبخانەکەیان‌و نەمانی دەسنووسەکانیان ٠ هەرکە ئەنوەر قوتابخانەی سەرەتایی تەواوکردووە ، لەسەر خواستی دایکی ڕێگەی ئایینی گرتۆتە بەرو لەسەر دەستی زانایانی ئایینی زانستی ئەم بوارەی تەواوکردووەو بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی دامەزراوەو هەر بۆ ماوەی سێ سال ئەم کارەی کردووەو دەستی لێ‌هەلگرتووە ، لە سالی (١٩٤٤)دا هەولی‌داوە گۆڤارێکی کوردی لە دهۆك دەربهێنێت ، بەلام سەرنەکەوتووەو ڕێگەی نەدراوە ٠

نێوبراو لە (گەلاوێژو هاوارو روناهی‌و دەنگی گێتی تازە) دا هۆنراوەی خۆی بلاوکردۆتەوە ٠ ئەنوەر لە وەرگێرانیشدا دەستێکی بالای هەبووەو ئەو بەرهەمانەی خوارەوەشی بۆ جێ‌هێشتووین ٠

١ ـ لەیلاکا سپی ، دانانی گریگوری بتروف .
٢ ـ مەتەلوکێت کوردی نێزیکەی (٢٠٠٠) دوو هەزارێك .
٣ ـ گەرامیرا کوردی .
٤ ـ جوگرافیو دیروکا بروارى بالا .
٥ ـ دیاریا لاوا .
٦ ـ ئیزدی ئەولی وان .
٧ ـ دیوانی هۆنراوە

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی

الاکراد في بهدينان ، موصل ، ١٩٦٠ .

جانا جانا بەس بهانا ، باقی مانا ڤەبری
تولو رەندی ، بەی وی چەندی ، دل تژی کر ژ ئاگری
نەتو حوری ، نەپەری ، زەندی ژ توخمی بەشەری
ئەز دخوم سویندی ب(زەندی) ماهو تابو فەنەری
دارو بار هەیڤو ستار ، سەرخوشی دیدارا تەیە
ماتنی سەرخوشو بیهوش ، بویە بەس میواتری
مام بزا کەفتی چەما ، هاتە سەما لومە نەما
های ژ خوە ، چوما ژ خوە ، وی نازکی دل کەرکەری
سوورگولو نەسرین ژتە بون شەهمزار ، نابن دیار
لەو کەتن لاتو ، کەلاتا ، ئان لەناڤ دەحلو دری
ماتنێ هەیرانو دیوانی بو لاوی چیا ؟
سەد کەمال پنج سەد رزا گاڤا تودی دل ژ خوەکری
هاتیە زینارە مانی ، خو هژانی ، کرکەنی
مە برا سوجدە ژبو تاووس مەلیکا ئەنوەری

باقێ : فرێ بدە ، لابدە
ماناڤەبری : مەهانەو بیانووی برین .
تول : زۆر جووان
زەند : کتێبی زەند
فەنەر : جۆرە فانووسێکە
هەیڤ : مانگ
ستار : ئەستێرە
میواتری : مێوی ترێ
مامبز : ئاسك ، مامز
هەیران : شەیدا ، دلدار ، عاشق
لاویچیا : نازنێوی شیعری ئەنوەر ماهیە
های : جووانی
کەرکەری : پارچەکردن .

دلبەر لـسەحەر جارەكـــا دی برهـــو كشاندن
سەد گەزمە ئەو قـەزمە لـــە دلی خستە رشاندن
هاتا بە گرانی خوە هــــژاندی ، مـــە دزانـــی
زەندیت كـو بــە بــازن ، بوچە داخوازی هــلانـدن
كەزیت وەكی مارا ، كـــو بــژارا ، خوە ســیارا
دهاڤین دكــوژن ، ئەو دبهژن ، دی لمــە هژانـدن
زولفا وەكی دوپشكان ، ئەو چاڤا بـــە بروســكا
دل سوتو ، جەگەر كوتو ، هزار ئیش لمـە چەماندن

ژ كەنی تە مە زانی ، تو ژ بو جانی مـــە هاتـــی
ئەڤ جانی پژان ، هەردەم مەلان ، لسەر كری خواندن
ژینا بدرەو ، بوچیە ئــەو ؟ گەندە ئـــەو دەردە
لی یـاری ژمیژ جانو رەوان ، برنـــو رەڤانـــدن
(ئەنوەر) دو هزار دەفتەر ، بە مهدەر ژ ئەو بەهیڤـــی
بو وی تەڤیا كوڤـــی بەبی فایـــدە وی شـــاندن

برهو : برۆ
گەزمە : تیر
كەزی : پرچ
ژار : ژەهر
سیار : سووار
كەنی : پێكەنین
ژان : ژان ، ئازار
گەند : عەزاب ، ئازار
مهدەر : تكا
كویڤی : كێوی

——— □□ ———

ئەنوەری گلەزەردەیی

(ئەنوەر سەید ئەحمەد شێخ‌کەریم)

(١٩٢١)

ئەنوەر کوڕی سەید ئەحمەد کوڕی شێخ کەریمی کۆییەو لە بنەماڵەی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە ۰

لە ساڵی (١٩٢١)دا لە کۆیەدا هاتۆتە دنیاوە هەر لەوێدا خوێندنگەی سێی ناوەندی تەواوکردووەو لە هەولێریش چوار و پێنجی خوێندووە لـــە تەمەنی (٢٠) بیست ساڵیدا دەستی بە غەزەلخوان کردووە ، دیوانەکـــەی (٢٠٠) دووسەد لاپەرەیەك دەبێت ۰

برادەری چــــاك وەكــو برايـــــە
پرشـــەنگی ژینـــە وێنـەی چرایـە
لەبــــۆ رۆژی رەش پشـــتو پەنایـــە
جێگـەو مەئوایـە ، كۆشـــكو سەرایە
گەورەو بـەرێزە ، بەرزو بالآیــــــە
سەنگەری سەختە ، شوورەو قەلآیــــە

●

بەلآم بــرا (دەرد) هەردەم بەلآیــە
سەد مەكرو فێلـــی لەنـاو دلآیـــە
شادیو عوشرەتـی خـــەمو جەفایــە
جێی ئومید نیــە ، زۆر بــێ وەفایــە
بــرا دەردی وا سا لەم دونیایـــە
واز لێهێنانـــی بۆ دل شــــیفایە

●

برادەری چـاك جێـــی ئیعتیمـــادە
كۆلــەگــەی ژینــە زادو زەوادە
جێگـــەی باوەڕیو ئومێدی دلــــە
سایـەی درەخـــتو ســـێبەری چلــە
بربرەی پشـــتـە گلێنـەی چـــاوە
خوێنـــی دەمـــارو جەرگو هەناوە

●

رەوشەن كـەرەوەی رێگــەی ژیانــە
باوەڕ پێكـراوی نێـــو نیشتمانـــە
بـــرای بەنرخی هەمــوو لاوانـــە
شمشێری دەستی لــێقـەوماوانــە
هێزی دلآنـــە چـــرای چاوانـــە
گەنجو گەوهەرە ، شیرینـە ، جووانـە

●

جا ئەگەر دۆستو برادەر وا بـــوون
پیاوی بەنرخو خـــاوەن وەفـــا بـوون
پێویستە دڵیان قـــەد نەرەنجێنیـــن
ریزیان رابگرین ، نەیان شکێنیـــن
ئاگاداریان بین ، بەدڵو بـــە گیـان
بیان پارێزین لە چەنـگ دژمنــــان
یارمەتیان بدەین ، بەمـــاڵو بەسـەر
لە رۆژانـــی رەش ، لـــە کوشتارو شەر
لە نالەبـاریو برسیـــەتیو رووتـــی
لە بوونو لـــە کـــەمو کورتـــی
لە خۆشی ژیان لـــە ناخۆشی ژیـــن
لـــە خەمو تالـــی ، لە ماتـــەمو شین
لە گشـــت نەگبەتی ئەبێ شەریک بین
پشتی یەك بگرین ، نابـــێ تەریک بین

●

١٩٥٦/١٠/١٠

جوانیـــی یـــار

جووانــــــە ، شیرینــــە یـــارم ، یارەکەی وەفادارم
خۆشـــەویستی دڵـــدارم ، گوڵزاری نەوبەهـــارم
گوڵشەنی زەردو شینم ، نازنـــازی نـــازەنینم
چاوبازی روو بەفرینم ، مایـــەی خۆش بەختی ژینم
رووناکـــــی دڵو دینـــم ، دەوای دەردو برینـــم
پەریزادەی ماچینـــم ، روح سووکی خوێن شیرینم
یارێکـــی زۆر شیرینـــە ، شیرینە وەك هەنگوینە
سینەی گوڵو نەسرینە ، گوڵشەنێکی رەنگینــــە
زۆر جووانەو زۆر نەخشینە ، حووری سەر رووی زەمینە
قەدی وەك سنەوبەرە ، ســـ ، یاخود عەرعـــەرە
خەندەی دورو گەوهەرە ، ماچی لیـــوی شەکـــەرە
زێرە یاخود زیوەرە ، بیشک گەنجـــی کیشـــوەرە
دڵبەرێکی دیـــن بەرە ، یاریکی رەنگ ئـەسمـــەرە

●

١٩٥٧/٧/٢٠ هەولێر

ئەنوەر هیرانی

(ئەنوەر مستەفا عەبدوللا هیرانی)

(١٩٠٨)

ئەنوەر کوڕی کاك مستەفا (صافی) کوری کاك عەبدوڵلای هیرانییەو لە تیرەی ئەمبیزە · لە ساڵی ١٩٠٨دا هاتۆتە دنیاوە ، خوێندنو زانیاری ئایینی تەواوکردووەو هۆنراوەکانیشي نیشتمانیو دڵدارینو ئێستە نیشتەجێ کوردستاني ئێرانە ·

خالی نییە (*)

خالی نییە فیکرم بەخودا قەت لە خەیالی
موڵکی هەموو دونیا کەمە بۆجێیو مەجالی
بەخشان بووە زولفێنی لەسەر تا کەمالی
چینچینە ئەم ئەگریجە لەسەر لەوحی جەمالی
هەرکەسێ ، کە بیبینێ نیە باکی سەرو مالی

جارێ چیە لابە لەسەر ئەو رۆژە نیقابە
رەحمێ بنوێنە ، بەخودا عەینی سەوابە
دڵ حەپسو زەلیلە ، کە لە زیندانی عەزابە
رووی بەدری لەژێر هەوری دووزولفیلە حیجابە
قاتیلە وەکو شیرە دوو ئەبرۆی هیلالی

داخم بووە وەك زولفی رەشت قەددی کشنگم
ترساوی غەدەنگی توە ، ئیسباتە لە رەنگم
وەڵلا بەدایم لەنێو تابوتە سینگم
سینەی سەدەفە ، باغی سەفا دڵبەری شەنگم
کوژراوی موژەم ، شاهیدە ئەم پەنجەی ئاڵە

وەك لالە دەروون داغە لەبەر تەعنی رەقیبان
دڵزارو بریندارە بە موژگانی حەبیبان
بۆ من کە تۆ لوقمانی چ باکم بە تەبیبان
رابیرە لەسەر قەبری غەریبان بەقوربان
عەیبی سیفەتی ساحیبی ئیعجازو کەمالی

بۆ شەمسی جەماڵ چ شکستی بەقەمەردا
بنوارە کەلامی ، کە رەواجی بە شەکەردا
سەیریکە چ کەسرێکی بە بازاری قەمەردا
نونتفە وەکو ئەو نەبوە لەنێو نەوعی بەشەردا
مەجبورە دڵم مەستە لە شەوقی خەتو خالی

چەند سەر لە هەوادانو چەند روح لە بەڵادان
بۆ حوکمی شەدیدی تو مودەیەکەن لە زیندان
بۆ رەسمی وەفا لازمە تۆش بێی بۆ سەردان
بۆ جەوری رەقیبانو لەبەر رەغمی حەسودان
دەسکەن بە دوعا روو لەخودا خێربێ تالی

١٩٤٣

(*) پێنج خشتەکی ئەنوەرە لەسەر غەزەلی سلێمان ئاغا .

ئـەولای حـەسەن

نێوی (عبدالله) کوری حەسەن کوڕی ئەحمەد خانە ، ئامۆزای مەولانا خالیدی شارەزووریەو لە تیرەی مکایلییانەو ئەولاوی حەسەن نێوبـــانگی دەرکردووە ، خوێندەواری نەبوو ، بەڵام بوێژێکی لێهاتوو بووەو لـە سالـی (١٣١٦) وەیا (١٣١٨) کۆچیدا لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچیدوایی کردووە٠

ئەولاوی حەسەن دانیشتـووی هەڵەبجە بووەو سەربارەت بە کاکەیەکان پارچە هۆنراوەیەکی نێوداری هەبووە ، جارێکیان ، کە هۆنەری داشۆرین ـ شێخ رەزای تاڵەبانی دەچێتە هەڵەبجەو لەماڵی عوسمان پاشای جاف مێـوان دەبێت ، مام ئەولاوی حەسەن بانگدەکەنو ئەو پارچـە هـەڵبەستـەی بـۆ دەخوێننەوە ، کەشێخ رەزا گوێی لێدەبێت دەفەرمویت : « بـەخـوا ئـــەم

قەسیدەیە لە قەسیدەکەی من فەسیح‌ترە ، کە لە هەجوی کاکەیەکـــاندا وتوومە ، وا لەژێرە چەند پارچە هۆنراوەیەکتان بەوێنە بۆ دێنینەوە :ـ

جـیـرانـی هـــەردە ......
و لـەدەی خـەتـا ، وەتـەن گـوم کـەردە
دەلیلـی رم‌کێش غـەزلانـی چیـــن
سـەیاری سەر کـوی سەربەزران نشین
مسکی نـاف لـەعەتر مایـەی عـەتـاران
دەمـاغ لـە هـەوای بـەرزە دیـاران
ستـارەی زوحـەل فیتنـەی زەمانـە
جـەلاددی خوێن‌ڕێژ خـویش‌و بێگـانـە
دلی عاشقـان قیمـەی کـەبـاب کـەر
جای بیژن نـەجای ئـەفـراسیاب کـەر
توخـودا ئـازیـز زولفـان عەنبـەریـن
گوی‌بدە بـەحـەرف بەندەی کـەمتریـن
بـا سەدجار مەعشوق بانوی شیرین بی
خاسـە جەلاددی پـڕ خەشم‌و قیـن بی
بـالات بنـوێنـە بـە تـەرتیبـەوە
بە خـەندەی لـەعلی سـەراندیبـەوە
بنوێنـە فیـدای جـەبینت یـەک دەم
بە وینەی جـامی جهـان نمای جـەم
بۆ پەروانەکەی شەیدای شـەوقی شـەم
رووت دەرخـە لە تۆی عەرەقچین کەم‌کەم
بە جلوەی چاوت شۆخی دیدە مەست
رازیم بە حوکمی رۆژەکەی ئـەلەست
بـا ماچ‌کەم خالـت بـە حیجابـەوە
وەک بەرد بـە گۆشـەی بینای کابـەوە
بنۆشم شـەربـەت لە لێـوت بێ‌خـەم
فەرزە دەم تەڕکـا حەجـاج لە زەمـزەم

کابرایەکی هەمەوەندی لەبەر هەژاریو دەست کورتیو سەختی ژیــان لە خۆی بێزاردەبێتو دەچیتە دەرەوەی شار لەسەر شاخێک پێی شـــۆر دەکاتـــە خوارەوەو دەڵێت :ــ

خوایــە منو تۆ وا وینــە حســاو
هیــچ درۆ نــەبێ وەبێ چــاوو راو
ســەنەیی عومــرم وە پەنجا گــەپی
راحتیــم لەژێر سایاتا ... نــەدی
چل ساڵ لەسەر یەک رەمەزانم گرت
لــە ماڵی خۆمــا فتارم نەکـــرد
ئینجا لە ماڵی رەزا قولی ... خــان
سەد شەقیان لێدام لەسەر لەتێ نان
ئــەگەر هەبایــە کەلاشێ وە پــام
دە دێ ئــەگەرام بۆچێشتی وەتــام
رۆژێکی چــومــە ماڵی شــاتوری
گوشتیان ئەبرژاند وەداری بەرووی
کوتێکم رفــان نامــەسەر زبــان
لە پەلە پەلیان جــەرگمی سوتانــد
چــاوت پێوە بی نــەهاتیــە جەواو
پاشــان ئــەوێژی فــلان پیاو خراو
ئینجا ئەوێــژی ئــا وەرە کــاورا
حسابت چییـــە دەفتــەرت ئــاورە

ژێرم خاك ئەکەی ســەرم ســەنگ ئەکەی
کە من دەنگ نــەکەم بۆچ تۆ دەنگ ئەکەی ؟!

ئلهۆ مایی

نێوی تەها کوڕی شێخ مەزهەری مایییەو لە مایێ هاتۆتە دنیاوەو هەر لە منداڵێوە خراوەتە بەر خوێندنو دەست نووسێکی زۆری کەلەپووری نەتەوایەتی کۆکردۆتەوە لەوانە دیوانی ئەحمەد موخلیس ، کە بەچاپی گەیاند ۰ ئلهۆ لەسەرەتای ساڵانی چلدا دەستی بەهۆنینەوەی هۆنراوە کردووە ، لەهۆنراوە نێودارەکانی ئەو پارچە هەڵبەستەیە ، کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی شازدەساڵ بەسەر شەهیدبوونی شەهیدانی دیاربەکرە ، کەلە ۱۹٤۱/٦/۲۸ دا داینـاوە :ـ

شینیو تازیا شەهیدا ئەم ژبیرناکەین چ جار
دێ ڤەکەین تۆلا نەهنگا وەختەکێ زێرین بژار
وان مەغولا راڤ دبەستن مێرو مێر سەر هەجنین
توخمو نفسێ وان قەلاندن هەمی گاڤا پەچنین
تورکا گرتن شێرو مێر چاك دەستو پێ لێ قەیدکرن
کەت بکەت گرتنو کوشتن لبن سێ پێکا خرکرن

(*) ئەم باسە لە رۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە (۲۳)ی لە ۱۰ی تەمووزی ۱۹۷۱ دا بڵاوکراوەتەوە سەربەست بامەرنی ئامادەی کردووە ۰

رەستكا شەنقێ بو دانا خەندقاند پارێز وەلات
شیخ سەعیدێ جان فیدا مر، رەش روژەك بوو مە هات
ئەو روبادێ قەبقەبێ چو ئاخو زاری بوون بلند
چو دلێ شێری ژ ناڤ مە، بیخودان مان دەشتو گوند
بو ڤێری زیمارو شینی ، کو وەلات ما بی خودان
پوسیدە دلسوژو خەمگین هەر هەوارێ دکەن ئەمان
نێ ژ خەماوە ئەم بوهشتین ئەی شەهیدێت رەحمەتی
دێ ئازاکەین ناڤو دەنگا کوردەوارێت بەرکەتی
با دکەت مە گەلی کوردا شێخ سەعیدی پڕ هونەر
یەك ببن بو ڤی وەلاتی دا ژ ژانێ بێنە دەر
ژانەکە قەویا گرانە ئێشەکە بوی کەڤنە ریش
روبسیو برسی هەر نیشانە ، بومە بی کارو ئیش
لەومە راڤ بەستن لتورکادا ئەڤێ ژانی برەنین
توخمو نفشا لێ بقەلینین پال ڤەدەینو پێبکەنین
ئەم لجهێ خو بوین بیانی خەلکێ مالێ بوونە تورك
لەومە کورو دول ژ خوێنێ مەند کرن ئەو کرنە برك
من داخازە ژوەو شیرەت ڤێ رێکێ هوین بەرنەدەن
ناڤو دەنگێ کورد بلندکەن دەوسا مە وندا نەکەن
پر کوڤانە (ئلهو) یێ مای شەهیدێت جان مەزن
لەش لێ کوزری سووت کەزبلێ جەرگو مێلاکێت گەزن

ئیبراهیم خـــان

نێوی ئیبراهیم کوری حاجی ئاغا محەمەدە ، لە شاری « سنە » لە ســـالی ئیبراهیم خان لە سەردەمی فەتح عەلی شاو ناسرەدین شادا فەرمانبەر بـــووەو لەبەر توانای ئەدەبیو خۆش نووسی دوو شمشێری بەخەڵات دراوەتێ ٠

زۆربەی نووسینەکانی بە زمانی کوردی بوونو بەشێوەی هەورامانـــی بووە ، لەم پارچە هۆنراوەیەی خوارەودا بە سالاری دەولەت دەڵێت :ـ

امد مهم گذاشته بەر ســـەر کـــولاە کـــچ
تنها نە زولفو ئەبـــرو موژگان کـــە نگنجـــد
ئاین تەرز کـــەچو رەوشو رەســـمو راەکەچ
باغتـــی کی کەچ نهـــادەی اول بنـــای او
روید معیـــن است درخـــتو گیاە کـــەچ

سەرنج :

ئەم بابەتەی سەرەوە لە ژمـــارە (٢٩)ی رۆژنامـــەی ژیندا ، کە لـــە ١/٧/١٩٧١دا بڵاوکراوەتەوە وەرگیراوە ، بەنێوی مەلا عەلی سەنجەری پەخش کرابۆوە ٠

ئیبن ئادەم

١٧٤٧ ـ ١٨٣٦

ئیبن ئادەم نێوی محەمەد کوری مەلا ئادەم کوڕی مەلا عەبدوڵلا کوڕی مەلا عیسایەو خەلکی ناوچەی باڵەك بووە لە هەرێمی رەواندز ، لە سابلاخ خوێندنی تەواو کردووەو لە سەردەمی محەمەد پاشادا مەلایەتی کردووەو مەلای تایبەتی ئەو بووە ، کە توانای نەماوە مەلای خەتی بۆ پاشای دیارکردووەو جێنیشینی ئەو بووەو فەقێی ئیبن ئادەم بووەو نێوبراو لە کونە خانان لەخوار گوندی دیلزییە دانێژراوەو بەرهەمێکی ئایینی زۆری جێهێشتووە ، بەلاّم هچیان چاپنەکراون و هۆنراوەی دڵداریو ئایینیشی هۆنیوەتەوە ، بەلاّم هیچمان لێدەستنەکەوت ٠

نێوی هێندیك لە پەرهەمە چاپنەکراوەکانی ئیبن ئادەم :ـ

١ ـ علم الصرفو النحوو علم الاصولو علم التوحید و العروض ، (٣٠٠) لاپەرە دەبێتو لە (١٢٠٤)ی کۆچیدا تەواوی کردووە ٠

٢ ـ سرقات مسؤل العظام في شرح مرآت مأمول الکلام ، (٢٠٠) لاپەرە دەبێتو لە (١٢٠٨)ك ٠ تەواوی کردووە ٠

٣ ـ مشکاة في فن الاداب وفي الوضع و الاستعارة ، (٣٠٠) لاپەرە دەبێت و لە (١٣٢٠)دا دایناوە ٠

٤ ـ میقات المعقول في فن المنطق ، (٢٠٠) لاپەرەیەك دەبیتو لە ساڵی ١٢٠٦ دا دیناوە ٠

نموونەی شیعری ئیبن ئادەم :

هەوران کردە گۆلە گوڵ(*)
میکائیلا ئەتۆش دەی
توتنو ماشان برشێنە
دەبا نۆش بێتە سەردەی
رۆمی ئەوا پەیابوون
کوتوبخانان دەکەن تەی ٠

★ بروانە گوڤاری (هەولێر)ی ژمارە (٢) ١٩٧١ لاپەڕە : ٩ ٠
ماموستا کەریم شارەزا ئەو چەند دیرە هۆنراوەیەی ئیبن ئادەمی خستە سەر کەشکۆلی گیو

ئیحسان فوئـــاد

(دکتور ئیحسان کەریم فوئـــاد)

١٩٣٦

دکتۆر ئیحسان فوئاد سەبارەت بەسەرهاتی ژینی خۆی ئەمەی خوارەوەی بۆ نوسیوم :ــ

بە بنەماڵە لە بـــاوکەوە (کەریم بەگـــی حەمە بەگ) دەچمـــەوە سەر بنەماڵەی (خەندان) کە لەقەبی تایبەتیی سعید پاشای خەندانە ٠ ئـــەم سعید پاشایە کوڕی ئەحمەد بەگی غەوواصە ٠

ئەم بنەماڵەیە بە دوو نازناو ناویان دەرکردووە یەکەمیان غەوواص کـــە روتبەیەکی سوپایی بووە لە لەشکری باباندا ، چونکە ئەحمەد بەگی غەوواص لـــە لەشکری بابانەکاندا بووەو لە قەڵاچوالانەوە کاتێك هاتوونەتە سلێمانی لە یەکەم دامەزراندنی ئەم شارەدا بەشداربووە ، سعید پاشای خەندان کوڕی سلێمانی بەگ کوڕی ئەحمەد بەگی غەوواصە لەگەڵ باوکیدا چووەتە شاری ئەستەمبوڵ‌وە لەوێ نیشتەجێ بوون ، پاش تەواوکردنی حقوقی ئەو سەردەمە پلە بە پلـــە بەرز بوەتەوە تا گەیشتوەتە (صدری اعظم) ، جەنەرال شەریف پاشا نوێنەری کورد لە بەستنی پەیمانی سیڤەردا کوڕی سعید پاشایە ئەوانەی بەناوبانگ‌بوون لەم خێزانەدا احمد بەگی توفیق بەناوبانگ بە احمد بەگی متصرف ، حەمـــەی صالح بەگی ئەندامی پەرلەمان بۆ ماوەیەك حەمەد بەگی پاشا کە فەرمانیەرێکـــی میری بووە لە شارباژێر ، ئاکرێ ، سلێمانی ٠

لە دایکەوە لە بنەماڵەی بابانم ، مەلا رەشید بەگی باپیرم کە زانایەکـــی سەردەمەکەی خۆیەتی خاوەنی کۆمەڵێ بەرهەمە لە ئاینو زمانو مێـــژوودا ، یەکەم کتێبی چاپکراوی (مجمع البحرین)ە بەسەرپەرشتیی محەمـــەد عـــەلی قەرداغی لەسەر ئەرکی حاجی قادری جەبار بەشێکی لێ‌چاپ کراوە ، دەستنوسێکی مێژووی لە نامەخانەی دکتور کامەران بەدرخان لە شاری پاریس پاریـــزراوە ٠

مەلا رەشید بەگ لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە وولاتی بەجێهیشتووە لە ئەستەمبول نیشتەجێبووە • جگە لە زمانی عەرەبی ، تورکی ، فارسی ، فەرەنسیشی بە باشیزانیوە •

٢ ـ پەروەردەو پێگەیشتن :ـ

لە ٢٣ ئابی ١٩٣٦ لە شاری هەولێر لە دایكبووم • ئەو وەختە باوکم لە دادگەی هەولێر مووچەخۆری میری بووە ـ باوکم ناوی بە کەریم بەگی حەمە بەگ دەرکردووە زۆر هۆگری ئەدەبو رۆشنبیریبووە ، نامەخانەیەکی تایبەتی هەبوو کە برێتیبوو لە چەند دەستنووسێكو کۆمەڵێك کتێبی ئەدەبی بە زمانانی عەرەبی ، تورکی ، فارسیو تورکی • خاوەنی هەندێ بەرهەمی ئەدەبییە کە سێ پارچەی لێبڵاوکراوەتەوە بێ ئەوەی ناوی خۆی دەستنیشان بکات • بەشی زۆری بەرهەماکانی بە پێی ڕای خۆی بۆبڵاوبوونەوە دەستی نەداوە چونکە ئێجگار تایبەتینو زۆرتر ئەدەبێکی گاڵتەو گەپو کۆمیدییە • بەشێ لە نامەکانی لەلای خزمو دۆستی نزیکی کەریم بەگی سعید بەگی زانستی هەڵگیراوە •

لە تەمەنی زۆر منداڵییەوە حەزم لە شیعر لەبەرکردن بوو • پێش چوونە قوتابخانەم چەند هۆنراوەیەکی حەمدی صاحبقران ، قانع ، زیوەر ، مەدهۆشم لەبەربووە هێندێ جار لە کۆڕی میوانو سەیرانەکاندا بۆ خۆشی شیعریان پێ دەخوێندمەوە •

ئەوانەی هاتووچۆی باوکمیان دەکرد لە شاعیرانو نووسەران کە بێتەوە بیرم زێوەرە فەندی کە ماموستای بووە لە مەکتەبی روشدییە ، رەفیق حیلمی کە برادەرو ئاشنای خۆی بووە ، علی کمال باپیر کە برادەرێکی نزیکی باپیرم بووەوە پەیوەندییەکی تایبەتی هەبوو لەگەڵ باوکماو ماموستایەکی خۆشەویستو بەرێزی خۆشم بوو ، سەلام لە شاری هەڵەبجە لە ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٤٩دا • وە لە لاوەکانی ئەو سەردەمەش (احمد هەردی) کە لە ساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ لە ناوچەی خورماڵ مامۆستا بووەو وەکو خۆی باسی دەکاو دەیگێرێتەوە لە گەڵی کۆڕی تایبەتیو مەجلیسدا بە یەکەوە بەشداربوون • ئەو وەختە باوکم بەرێوەبەری ناوچەی بوو لە خورماڵ •

بەهۆی ئەونامەخانە بچووکەی باوکمەوەو بەشداربوونی لە هەندێ رۆژنامەو گۆڤاری کوردیو عەرەبیدا وەکو : (هلال) ، روژنامەی ژین ، گۆڤاری گەلاوێژ چێژی ئەدەبیم لە سەردەمێکی زۆر منالێیەوە دەرفەتی پێگەیشتنی بۆ رەخساوە ، کە نەختێ هۆشو فامم کراوەتەوە توانیومە لە هۆنراوە زیاتر تێبگەم بەرهەمی شاعیرە بەناوبانگەکانی سەدەی نۆزدە لەگەڵ هەندێ شیعری پیرەمێرد ، عەلی کەمال باپیر ، احمد مختار جاف ، سلام ، حاجی قادری کۆیی ؛ دلدار ، هەردی ، مەدهۆش ، قانع ئەمە جگە لە مەمو زینی ئەحمەدی خانی کە هەموویان کەمو زۆر بەشدا بوون لە پەرەسەندنی چێژی ئەدەبیما •

له گۆڤاره‌كانی : رۆژی نوێ ، بلێسه ، پرشیگ (له‌ده‌ره‌وه‌ی وولات) بۆ ماوه‌یه‌ك ئه‌ندامی ده‌سته‌ی نووسه‌ران بووم ، ماوه‌یه‌ك به‌رپرسیاری گۆڤاری روشنبیری نوی بووم ·

سالآنی ۱۹۵۷ ـ ۱۹٦۰ مامۆستای پله‌ی ناوه‌ندی بووم له سێلمانی ۱۹٦۷ ـ ۱۹۷۳ كولیجی ئه‌ده‌بیات ، ۱۹۷۳ ـ ۱۹۷۵ به‌رێوه‌به‌رێتی‌ی رۆشنبیری گشتی ۱۹۷٦ ـ ۱۹۸۲ كۆلیجی ئه‌ده‌بیات پاشان كۆلیجی په‌روه‌رده ·

له به‌رهه‌مه‌كانم :ـ

چه‌ند لێكۆلینه‌وه‌و ووتارێك ده‌رباره‌ی ره‌خنه‌و ئه‌ده‌ب ، كۆمه‌ڵێ هۆنراوه له‌مانه كۆمه‌له هۆنراوی (گولێ كیۆی) ، (دوا چریكه) له‌گه‌ل ساغكردنه‌وه‌ی چیرۆكی مه‌سه‌له‌ی ویژدانی ئه‌حمه‌د مختار جاف چاپ كراوه ـ جگه له‌مه‌ش له‌گه‌ل جه‌ودەت بلال‌و حوسین عارف كتیبێ (دراسات معاصرة) و كتیبێ ئه‌ده‌ب‌و زمانی كوردی بۆ پۆلی یه‌كه‌می ناوه‌ندی وه له‌گه‌ل ده‌سته‌یه‌ك رۆشنبیردا ساغكردنه‌وه‌ی كتیبێ (ئه‌نجومه‌نی ئه‌دبیانی كورد) و (دیوانی كوردی)ی حه‌مه بۆر كه ئێستا له‌ژێر چاپدایه (*) ·

احسان فؤاد

١٩٨٤/١١/١٢

بووكه شووشه

بووكه شووشه‌ی چی ؟ كه‌ی شووشه ئاوا به‌ناز پێكه‌نیوه
من پرشنگی تێم ئه‌روانێ ، كه له ژیانا نه‌م دیوه
روویه‌ك خه‌نده‌و گه‌شه‌ی ژیان رژاوه‌ته سه‌ر رووومه‌تی
لێوی سووری‌و عه‌تری گولی باغچه‌ی دنیای هه‌لمژیوه
گه‌ردن نالێم وه‌ك بلووره ، بلوور كه‌ی وا نه‌رم‌و نۆڵه ؟
به‌ژن نالێم وه‌ك بت وایه ، بت كه‌ی له‌نجه‌و لاری دیوه ؟
هه‌زار په‌یكه‌ر بێ به گه‌ردی به‌ر پێی ئه‌و به‌ژن‌و بالآیه
هه‌زار گولی باغچه‌ی به‌هار قوربانی ئه‌و جووته لێوه

مۆسكـو

نه‌یسانی ـ ١٩٦٥

(*) (دیوانی كوردی)ی حه‌مه‌بۆر هێشتا نه‌كه‌وتۆته ژێر چاپ ـ كوردستان ·

خەمو خەوبینین

له کاتێکا دڵم چەشنی نەخۆشێ نیوه تاسا بوو
ژیانم ووشک ، دەروونم پر له ماتی چۆڵو شێوا بوو
لەپڕ دەرکەوتی شێوەت وەك پەری پرشنكو هیوابوو
بەڵام سەد داخ بەخێرایی له چاوما خۆری ئاوابوو
به دواتا یادگاری ساڵ بەساڵ کەوته تەوژمو تین
دڵی هێنایه هاتوچۆ ، لەتەك گیان جووته بۆی لەرزین
له شانۆی خۆشەویستیدا ، به بەستەی نائومێدی ژین
له ئاسۆی بیرما کەوتمه خەمو فرمێسكو خەوبینین

بەغدا ١٩٥٦

دڵی من

بپرسن لەو دڵەی نۆشی خەمو ئازاری دنیایه
بپرسن لەو دڵەی رشتی له فرمێسك خوێنی دەریایه
بپرسن لەو دڵەی ئێستا که تاکەو چۆڵو تەنیایه
که بۆ سەد یادگارو نیاز پەناگاو کونجی سەودایه
بپرسن تا بزانن با ! تنۆك کینەی لەلا نایه
دڵێ بۆ خۆشەویستی بێ ، رقو کینەی له بارایه !
بەڵێ زۆرجار به کوڵ گریا ، رقو کینەی له بارایه !
بەڵام هەرگیز له کینەو بوغز به توسقاڵ تۆزی تینایه
دڵێکه سافو بێگەرده ، دڵێکه چەشنی ساوایه
ئەبینێ ، هەست ئەکا کەیله ، بەڵام کینەی بەلانایه

گوڵی کێوی

هەولێر ١٩٥٥